# بیرەوەرییەکانی
# سەیید عەزیزی شەمزینی
# (زیندەگیی من)

ئامادەکردن و ساغکردنەوەی

**محەمەد حەمەباقی**

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠١١

٩٢٠,٩١٥٩٧
م ٦٥٨ حەمەباقی، محەمەد
بیرەوەرییەکانی سەیید عەزیزی شەمزینی (زیندەگیی من)/ ئامادەکردن و ساغکردنەوەی محەمەد حەمەباقی.
سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ٢٠١٠.
١٧٦ل: ١٤,٨٥×٢١ سم، زنجیرە" ١٢٤
١- بیرەوەری- بەڵگەنامەو وێنە.
٢- ناونیشان.

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ١٢٤
کتێب: زیندەگیی من (بیرەوەرییەکانی سەیید عەزیزی شەمزینی)
ئامادەکردن و ساغکردنەوە: محەمەد حەمەباقی
پیتچنین: بەدرخان – دەریا
مۆنتاج: لاس
خەت و رووبەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠
ژمارەی سپاردن: ٢٧١٠ی ساڵی ٢٠١٠ی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتیەکان
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

هەموو مافێك پارێزراوە.

لە بڵاوکراوەکانی
بنکەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی ١١ پیرەمەگروون،
گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید)، سندووقی پۆست: ١٤
نۆرماڵ: ٢-٣١٩٤٧٣١ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ - ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ - ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩
ئیمەیڵ: info@binkeyjin.com ماڵپەڕ: www.binkeyjin.com

## پێشەکی

لە دەمێکەوە خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆرم بۆ تێکۆشانی درێژخایانی ماڵباتی شێخانی نەهری (شەمزینی) هەیە، کە لە درێژاییی ئەم دوو سەدەیەی دواییدا، نەوە دوای نەوە، بێپسانەوە، خەبات و تێکۆشانی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتیمانیی کوردستانیان بە ئەمانەت و دڵسۆزییەوە لە ئەستۆ گرتووە و لەم ڕێیەیشدا هەرگیز درێغییان لە بەخشینی گیان و سامانی خۆیان نەکردووە و هەروەک دەربەستی ئاوارەیی و زیندان و لەسێدارەدان نەبوون، هاوکات چاوەنواڕی پۆست و پاداشت و خەڵاتی هیچ کەس و دەسەڵاتێکیش نەبوون.

**پێشینەی بنەماڵەی شێخانی نەهری:**

بنەچەی بنەماڵەی تێکۆشەر و ڕووناکبیر: دکتۆر سەیید عەزیز شەمزینی، یا بنەچەی شێخانی نەهری، کە سەیید عەزیز نەوەیانە، دەچێتەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧-١١٧٧)، چونکە بە نەوەی "سەیید عەزیز"ی کوڕە گەورەی عەبدولقادری گەیلانی دەناسرێن و لەم ڕووەوە بە خۆیان دەڵێن: (گەیلانیزادە).

دەرکەوتنی ئەم بنەماڵەیە، لە کۆتاییی سەدەی هەژدەوە دەست پێدەکات، کاتێك نەوەکانی "مەلاجامی"[١]، واتە کوڕەکانی (مەلا ساڵح) دەستبەرداری تەریقەتی (قادری)و لەسەر دەستی: مەولانا خالید (١٧٧٩-١٨٢٧) لە (سلێمانی) هۆگری تەریقەتی (نەقشبەندی) دەبن.

سەرەتا "سەیید عەبدوڵڵا"ی کوڕی مەلا ساڵح و دواتر: سەیید تاها (؟-١٨٥٣)ی کوڕەزای مەلا ساڵح، تەریقەتی نەقشبەندی وەر دەگرن و بە بیروباوەڕی ڕیفۆرمخوازانە و ڕووناکبیرانەی مەولانا خالید پەروەردە دەبن و بەرودوا هەردوکیان دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی (هەکاری)و ئەم بیروباوەڕە تازەیە (کە بریتی دەبێ لە تەقەللا بۆ چاککردنی باری ژیانی خەڵك و لابردنی زوڵم و ستەم و گۆڕینی داروباری گەندەڵ و چەقبەستووی هەردوو ڕژێمی عوسمانی و قاجاری) لەگەڵ خۆیاندا دەبەنەوە بۆ دەڤەرەکەیان و بەناو موریدو مەنسووب و لایەنگرانیاندا بڵاوی دەکەنەوە و بنکەیەکی بەرفراوانی پێڕەوان لە ماوەیەکی کورتدا پەروەردە دەکەن و تا دێت جەماوەرێکی زۆرتریان تێدەئاڵێ.

www.zheen.org

---

[١] بۆ شەجەرەی بنەماڵەی نەهری، بنواڕە: ڤاسیل نیکیتن، کرد و کردستان، ترجمەی محمد قاضی، چاپ اول، انتشارات نیلوفر، تابستان ١٣٦٦ش، ص٤٥٠.

**شێخ عوبەیدوڵڵا:**

لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەدواوە، واتە دوای لەناوبردن و ڕووخانی بەرودوای میرنشینەکانی کورد، ئیتر پلەوپایەی شێخانی ئایینی کوردستان، هەر بەرەو هەڵکشان و زیاتر لێ گردبوونەوەی جەماوەری کوردستان دەچێ، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە شێخ عوبەیدوڵڵا (١٨٣٠-١٨٨٣)ی کوڕی سەیید تەها، پاش مەرگی شێخ محەمەدساڵح (١٨٥٦)ی مامی، دەبێتە پۆستنشینی تەریقەتی نەقشبەندی، کاتێك خانەقای ئیرشاد لە گوندی (نەهری)ی ویلایەتی (هەکاری- شەمزینان) بووە و لەم مێژووە بەدواوە، دەرکەوتنی ماڵباتی نەهری، دەگاتە ئەوپەڕی هێزو درەوشانەوە.

شاعیری ناوداری موکریان: (وەفایی)، کە نزیکەی (١٥) ساڵ، میرزای تایبەت و ڕازگری شێخ عوبەیدوڵڵا بووە، کتێبێکی بیرەوەریی خۆی، لە خزمەتی شێخ عوبەیدوڵڵا و سەبارەت بە پلەوپایەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەراماتی (شێخ) بەناوی (تحفه المریدین)ەوە نووسیوە[٢]، زانیاریی زۆری لەبارەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە نووسیوە. وەفایی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: ئەو زاتە (شێخ عوبەیدوڵڵا) زۆربەی کاتی خۆی هەر بە داوەریکردن و سەندنی مافی هەژاران بەسەر دەبرد. لە دەرو ژووری وڵاتەوە، مورید و خوازیار، کاروان کاروان زیارەتیان دەکرد، هەرگیز خانەقا، لە لادێیی و شاری و بەڵخی و بوخارایی چۆڵ نەدەبوو. خەلیفەکانی لە ئێران و شیروان و کوردستان و داغستان و خاکی ڕۆم و ئەو دەوروبەرانە، خەریکی پەرەپێدانی ئایین و ڕێنوێنیی خوازیاران بوون.

www.zheen.org

---

[٢] ئەم کتێبەمان لە فارسییەوە کردووە بە کوردیو تا ئێستا دووجار: ساڵی ١٩٩٩ و ٢٠١٠ بەناوی: بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفه المریدین)یەوە بەچاپ گەیاندووە.

دیسان بەڵگەنامەکانی ئینگلیزی، ڕووسی، قاجاری و عوسمانی پێمان دەڵێن: شێخ عوبەیدوڵڵا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بە گوێرەی ئەو زەمینە لەبارەی، کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە بۆشاییەکی گەورەی سیاسی داڕووخان و لەناوبردنی میرنشینانی کورد و ئەنجامە تاڵەکانی جەنگی وێرانکار و نەیساوی نێوان ڕووس و عوسمانی و بەتایبەتیش دوو جەنگی دوایی: (١٨٥٣-١٨٥٦)و (١٨٧٧-١٨٧٨)و زوڵم و ستەمی عوسمانی و قاجاری و... هەموویان بوونە سۆنگەی ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، جەماوەرێکی بەلێشاو، لە شێخ عوبەیدوڵڵا کۆببنەوە و ببێتە جێی هیوای کوردان و دەرەتان و وەك پشیتوان بۆی بنواڕن و ڕووی تێبکەن. بۆیە ئەوەی کە "وەفایی"ی شاعیر و "ئابۆت"ی سەرکۆنسوڵی ئینگلیز لە تەورێز و "لۆرد کورزون"ی پەیامنێری ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەی (تایمز) لە ئێران دەڵێن: ڕۆژانە (٥٠٠-١٥٠٠) کەس، لە هەموو جۆرە چینەکانی میللەت لە ماڵەکەیدا میوانداریی کراوە، بەڵگەی ئەوەیە ئەو خەڵکەی لە هەموو شوێنە جیاجیاکانی کوردستانەوە ڕوویان تێکردووە، تا دەردەدڵ و داماوی و لە هەمانکاتیشدا دڵبەستەبوونی خۆیانی لەلا دەرببڕن.

سەرەڕای ئەمانە، بەو هۆیەوە کە هەر لە سەردەمی "سەیید تەها"ی باوکییەوە، بنکەیەکی زۆر بەربڵاوی جەماوەریی بە میرات بۆ مابووەوە و هاوکات لەلایەکیشەوە خاوەنی نفووزی دینی و دنیایی و زەویوزاری کشتوکاڵ و (٢٠٠) ئاواییی نێوان هەردوو سنووری عوسمانی و ئێران بوون و دەسەڵاتی ئیرشادی تەریقەتیش، پایەی دینی، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی لە جاران بەهێزتر کردبوون، بۆیە چاودێرانی سیاسی، لە دیپلۆماتانی ڕووس و عوسمانی و ئێرانی و ئینگلیزی، کە بە وردی سەرنجی هەڵسوکەوت و دەسەڵات و ژیانی شێخ عوبەیدوڵڵایان داوە، لەسەر ئەوە کۆکن، کە

بێسێودووکردنو بەڵگەهێنانەوە، شێخ عوبەیدوڵڵا بە نفوزترین کەسە لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا و شەخسی خۆی و دەسەڵاتی لەناو کوردانی سنووردا، زۆر لە هیی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) پیرۆزترەو دەسەڵاتێکی وای هەیە لە (بایەزید)ەوە هەتا (بەغدا) دەگرێتەوە" دوای سوڵتان عەبدولحەمید و شەریفی (مەککە)ش، خۆی (شێخ عوبەیدوڵڵا) بە سێیەمین کەس دەزانێ و مەلیکی مەدەنی و پەسەند و ددانپێدانراوی هەموو کوردانە.. بە شێوازێکی (شا)یانە دەژی... خۆی و جێگرەکەی (مەبەست لە کوڕی دووەمیەتی [شێخ عەبدولقادر] بە بەرژەوەندی حکومەت و میللەتەکەیانەوە خەریکن [مەبەست لە حکوومەتەکەی، جۆری ئەو ئیدارەیەی شێخ هەڵیدەسوڕێنێ]... شێخ زیرەکە و بە پەرۆشەوەیە بتوانێ لەبارەی ئایدیا و ژیانی شارستانییەوە بزانێ. شێخ هەوڵ دەدات میللەتکەی بکاتە هاوولاتی و دز و جەردە و تالانی نەهێڵێ، بۆ ئەمەش بەردەوام زەویوزاری کشتوکاڵ لە گەوەڕ، باشقەلا، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ دەکرێ.

شێخ عوبەیدوڵڵا جگە لەمانە، زۆریش پەرۆشی کاروباری زانست و ڕووناکبیری و عیرفانە. زۆر لە زانستی عیرفاندا شارەزایە، لەم بوارەدا گەلێك شیعری باڵا و بەهێزی عارفانە و دیوانێکی گەورەی شیعری (مەسنەوی)ی بەناوی (تحفه الاحباب)ەوە هەیە[٣]، (عەقیدەنامە)یەکی کوردیشی هەیە.

[٣] ساڵی ١٣٧٩ هەتاوی (٢٠٠٠) لە شاری ورمێ و لە ئینتیشاراتی (حوسەینی)، لەلایەن "سید اسلام دعاگو"وە بەچاپ گەیندراوە، کە نوسخەیەکی چاپکراو و هاوکات نوسخەیەکی دەستنووس (فۆتۆکۆپی)ی ئەم دیوانە، لای من هەیە. کێشی شیعریی ئەم دیوانە، بە پێودانی شیعرەکانی مەسنەوی- مەولەوی ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣) مسدس مقصورە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

شێخ عوبەیدوڵڵا دوو کوڕی بە ناوی: شێخ محەمەدسدیق و شێخ عەبدولقادر هەبووە، بەڵام وەك "وەفایی"ی شاعیر دەڵێ: زۆرتر هۆگر و دڵبەستەی کوڕی دووەمیان "شێخ عەبدولقادر" بووە و ئەمیان بە ڕۆح لێی نزیك بووە و بە جێگری خۆیی داناوە.

بەڵگەنامەکانی ئێرانی، عوسمانی، ڕووسی و ئینگلیزی، زنجیرە هەواڵێکی زۆریان، لە سەرەتای ساڵی (١٨٧١) بەدواوە، لەبارەی نەخش و پلە و پایەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە تێدایە، ئەم درەوشانەوەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا و دەسەڵاتە بەرینەکەی، بوونەتە مایەی پەژارە و سڵ و مەترسیی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی و هەردوولایان پێیان وابووە دەبێ کوردانی ناو قەڵەمڕەوەکانیان، پابەندو ملکەچی داوودەزگا و فەرمانەکانی ئەوان بن و مەترسیی ئەوەیان دەکرد: دەسەڵاتێکی دی کۆیان بکاتەوە و لە دژی ئەوان بەکاریان بهێنێ. بۆیە هەر زوو کەوتنە گێچەڵپێکردن و تەنگ پێهەڵچنین و گوشار خستنە سەر (شێخ) و موریدان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی و ئازاردانی لایەنگران و گوندنشینانی سەر بە (شێخ).

بەڵام هەڵگیرسانی دوایین جەنگی ڕووسی- عوسمانی (١٨٧٧-١٨٧٨)و ڕاگەیاندنی بانگی جیهادی سوڵتانی عوسمانی، بۆ بەشداریی موسڵمانان لە غەزای ڕووسدا، کێشایەوە بۆ ئەوەی کە کاریان بکەوێتە شێخ عوبەیدوڵڵا و داوای لێ بکەن بەشداریی جەنگەکە بکات. شێخ عوبەیدوڵڵایش ناچار بە دەنگ بانگەوازی جیهادەوە چووە و ژمارەیەکی کەمی (٣٠٠) کەسیی لەگەڵ خۆیدا بردووە و لەوێیش نزیکەی (٥) هەزار کەس، کە لە سەرتاسەری کوردستانەوە کۆ کرابوونەوە و چووبوون، لەژێر بەیداخی سەرکردایەتیی (شێخ)دا کۆ بوونەتەوە.

ئەگەرچی هێزەکانی کورد دەورێکی کاریگەر یا باشیان لەم جەنگەدا نەگێڕاو جەنگەکە بە سەرکەوتنی ڕووسیا و تێشکانی دەوڵەتی عوسمانی دواییی هات، بەڵام پلەوپایەی شێخ عوبەیدوڵلا لەناو کورددا لە جاران بەهێزتر و جێگیرتر بوو، هۆشیاریی سیاسیی زیاتر قووڵ بوو، ناسیاویی زۆرتری لەگەڵ گەورەپیاوانی کورد و ناوچەکاندا پەیدا کرد، چاکتر ئاشنای هەلومەرجی نالەباری ژیانی خەڵکی کوردستان بوو، هەندێ چەکی گەورە و کەرەستەی جەنگی دەست کەوت و ئەزموونی جەنگیی بەدەست هێنا، ناوبانگی شێخ عوبەیدوڵلا، نەك هەر وەك شێخێکی تەریقەت، بەڵکوو وەك ڕابەرێکی ئایینی، سیاسی، سوپایی درەوشایەوە.

دوای گەڕانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا لە جەنگەکە و جێگیربوونەوەی لە (نەهری) و لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی دارووباری کوردستان لەژێر دەسەلاتی عوسمانی و قاجاری‌دا، دەستی کرد بە بەرنامەدانان بۆ ڕاپەڕینێکی گەورەو بەربلاو دژی ئەو دوو دەسەلاتە.

بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا کەوتە نامەنووسین بۆ سەران و لێپرسراوانی دەوڵەتی قاجار و سەرانی عەرەب و باڵوێزانی دەوڵەتانی بیانی و ناردنی نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ لای کاربەدەست و هەردوو باڵوێزی ڕووسیا و بریتانیا بۆ ڕوونکردنەوەی گوزەرانی سەخت و زوڵم لێکراوی خەڵکی کوردستان بەدەست داگیرکارانەوە. هاوکاتیش کەوتە پێوەندیکردن و کۆبوونەوە بە ناوداران و گەورەپیاوانی کورد و هاندانیان بۆ یەکێتی و پتەوکردنی ڕیزەکانیان و هۆشیارکردنەوەیان بە گیانی نەتەوەیی و دواتریش، لە مانگەکانی تەمووز و ئابی (١٨٨٠)دا، بانگی نوێنەری ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی بۆ (نەهری) و بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی کرد.

شێخ عوبەیدوڵڵا وتارێکی مێژوویی لەم کۆنگرەیەدا پێشکەش بە ئامادەبوان کرد، مێژووی زوڵم و ستەمی داگیرکارانی کوردستان و هەلومەرجی ناوچەکە و کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ تێدا ڕوون کردنەوە و خۆسازدانی بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش لێ خواستن.

مشتومڕی زۆر لەم کۆنگرەیەدا لەسەر ئەوە کراوە، کە بۆ ڕزگاریی کوردستان لە دەست داگیرکەران، سەرەتا، لە کام بەشی کوردستانەوە دەست پێ بکرێ و لەم بارەیەوە بیروڕاو پێشنیاری زۆر و هەمەجۆر ئاڵوگۆڕ کراوە و ئاکام لەسەر ئەوە پێك هاتوون، کە لە بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان (ژێر دەستی ئێران)ەوە دەست بە شۆڕش بکرێ. بەو هۆیەوە کە جەماوەرێکی زۆر، لە سەدان مەلا و میرزا و ئاغا و سەرۆك خێڵ و خەلیفە و مورید و لایەنگری تەریقەتی نەقشبەندی، لە هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بەگشتی و موکریان بەتایبەتی هەبوون و دەبوونە بنکەیەکی جەماوەری و پشتیوانێکی بەهێزی ڕاپەڕینەکە، شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەو مەبەستە هێزەکانی (کە سەرچاوە ئاگادارەکانی ئەوکاتە ژمارەیان بە (٣٠) هەزار سوار و پیادە دادەنێن) کرد بە دوو بەشەوە:

١. قۆڵی یەکەمیان بە سەرکردایەتیی شێخ عەبدولقادری کوڕی خۆی و هەمزاغای مەنگوڕ بوو، کۆتاییی مانگی ئەیلوول، لە (شنۆ)ەوە بەرەو لاجان و پیران و سابلاخ بەڕێ کەوتن و بەدەم ڕێوە، خەڵك بە هەزاران بە پیریانەوە دەچوون و تێکەڵی لەشکرەکە دەبوون. مەڵبەندی موکریان، بەبێ بەرەنگاریی هێزی ئێرانی، ئازاد بوو، بەڕێوەبەرێکی کوردیان لەگەڵ ئازادکردنی هەر شارێکیشدا بۆ دادەنا. ئەم هێزانە کۆتاییی مانگی سێبتەمبەر و سەرەتای ئۆکتۆبەری (١٨٨٠)، ڕوویان لە (میاندواو) کرد و دوای شەڕ و کوشتارێکی سەخت و خوێناوی، لە (١٨٨٠/١٠/٢)دا میاندواو گیرا، ئەوسا بەرەو (بناو)

بووەوە، بەڵام خەڵکەکەی بەرگرییەکی سەختیان نواند و شاریان بەدەستەوە نەدا و دژە هێرشیان بووە سۆنگەی کشانەوەی هێزەکانی کورد بۆ (مەلەك کەندی)و لەوێشەوە بۆ (میاندواو) و (سابلاخ)و دواتریش لەشکری دیکەی ئێرانییان بەهاناوە هات و هێزەکانی کورد ناچار بوون بەرەو (شنۆ) بکشێنەوە.

٢. قۆڵی دووەمیان بە سەرکردایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی بوو، کە (١٨٨٠/١٠/٢٠)، بە هێزێکی (١٢) هەزار کەسییەوە لە (مەرگەوەڕ)ەوە، بە مەبەستی گرتنی شاری (ورمێ) بەڕێ کەوت و (١٨٨٠/١٠/٢٤) هێرش و پەلاماری لەشکری کورد بۆ سەر شاری (ورمێ) دەستی پێکرد. بەڵام دانیشتووانی ورمێ بەرگرییان کرد و هێزی دەوڵەتیان فریا کەوت و شارەکە نەگیرا و هاوکات لەگەڵ بەخۆکەوتنی دەرباری قاجار و سازدان و بەڕێکردنی لەشکر و میلیشیای خێڵەکان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد، تەقەللا دیپلۆماسیەکانی ناسرەددین شا (١٨٤٨-١٨٩٦)ش سەرکەوتنیان بەدەست هێناو لەلایەکەوە هێزەکانی ڕووس خۆیان گەیاندە سنووری ئازەربایجانی باشوور، لەلایەکی دیکەیشەوە گەلەکۆمەکێی ڕووسی، بریتانی، ئێرانی لە ئەستەموول، توانیی (بابیعالی) ڕازی بکات، تا هێزەکانی خۆی بەرەو (هەکاری) و مەڵبەندەکانی ڕاپەڕینەکەی کورد بنێرێ و شوێنە ستراتیجیەکان بگرن و سنووری ئێران- عوسمانی قایم بکەن.. لەبەر ئەوە هێزەکانی کورد، بە سەرکردایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا، دوای چەندین شەڕ و پێکدادانی خوێناوی، لە (١٨٨٠/١١/٨)دا، لە سنووری ئێرانەوە بۆ ناو خاکی عوسمانی و ناوچەی شەمزینان کشانەوە.

کاربەدەستانی عوسمانی، بە گوشاری ڕووس و ئینگلیز، دەیانویست شێخ عوبەیدوڵڵا بە خۆشی لە داو بخەن، بۆ ئەمەش کەوتنە سەردان و هاتوچۆ بۆ لای لە بارەگاکەی خۆی لە (نەهری) و دانوساندن لەگەڵیدا و هەر بەم فێڵانە، لە (١٨٨١/٦/٤)دا، بە گیراوی ڕەوانەی ئەستەموولیان کرد و لەوێ

**ماوەی ساڵێك و چەند مانگێك، بەدەستبەسەری هێشتیانەوە. بەڵام (شێخ) لە مانگی ئاگۆستی (١٨٨٢)دا توانیی بە پاسپۆرتێکی دروستکراو، بەناوی بازرگانەوە، ڤیزای ڕووسیا وەر بگرێ و لە ڕێی ڕووسیاوە بۆ کوردستان و بارەگاکەی خۆی لە (نەهری) بگەڕێتەوە.**

**بەرپرسانی ئێرانی و عوسمانی بە هەواڵی هەڵاتنی (شێخ) زۆر شپرزە و و شڵەژابوون و سنوورەکانی ئێران- تورکیایان قایم کرد و هێزەکانی تورکیا بەپەلە ڕووەو هەکاری بەڕێ کەوتن و ئابڵووقەی (نەهری و هوورەمار)یان دا، کە (شێخ) و شێخ عەبدولقادری کوڕی و هێزەکانیان لە قەڵاکەیدا بوون.**

**شێخ عوبەیدوڵڵاش بەپەلە و بێهەدادان و شێلگیرانە خەریکی خۆسازادانەوە و کۆکردنەوەی هێزو ڕێکخستنەوەی لەشکر و جەماوەر بوو بۆ شۆڕشێکی تر، کە دیسان هەر لە بەشی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە دەست پێ بکاتەوە. ئەم سەروبەندە کە نزیکەی چەند مانگێکی کەمی خایاندووە، هێزەکانی تورك ماوەی (١٨) ڕۆژ ئابڵووقەی (هوورەمار)یان دا و بەردەوامیش لەلایەکەوە نێردراوی تایبەتی سوڵتانی عوسمانی، بۆ خۆبەدەستەوەدانی شێخ، سەریان لێ دەدا و لەلایەکی دیکەیشەوە بێپسانەوە قەڵاکە بۆردومان دەکرا. لە ئاکامدا شێخیان لە (١٨٨٢/١٠/٢١)دا بەدیل گرت و بە هێزێکی گەورەوە لەگەڵ (١٠٠) خێزانی لە نزیکان و لایەنگرانی، ڕەوانەی مووسڵ کرا و لەوێشەوە بۆ (حیجاز) دوور خرایەوە و لە (تائیف) نیشتەجێ کرا. دوای ساڵێك ڕۆژی (١٨٨٣/١٠/١٢) لە تەمەنی (٥٣)ساڵیدا بە نەخۆشیی ڕشانەوە، کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێش نێژرا[٤].**

---

[٤] زانیارییەکانی لەمەڕ شێخ عوبەیدوڵڵا و شۆڕشی (١٨٨٠)، لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراون (ئەوانیش لە دەیان سەرچاوەی دیکەوە کۆ کراونەتەوە):

١. محەمەد حەمەباقی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) لە بەڵگەنامەی قاجاری‌دا، دەزگای موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

**شێخ عەبدولقادر:**

بەڵام شێخ عەبدولقادر، دوای مەرگی باوکیشی ماوەی (١٣) ساڵ، تا ساڵی (١٨٩٥)، ڕێی گەڕانەوەی بۆ نیشتمان پێ نەدراوە. لەو ساڵە بەدواوە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە ڕێی دراوە بۆ ئەستەموول بگەڕێتەوە. هەر لەم ساڵەدا شێخ عەبدولقادر بە دەرفەتی دەزانێ پێوەندی بە "وەفایی"ی شاعیر و میرزای تایبەتی باوکیەوە بکات و داوای لێ بکات: ئەگەر بیرەوەرییەکانی خۆی، لەبارەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە بنووسێتەوەو بۆ

---

٢. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامە و سەرچاوەی قاجاری‌دا، عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمەباقی، لە بڵاوکراوەکانی کوڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٣. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامە و سەرچاوەی قاجاری‌دا، عەلی خان گۆنەخان ئەفشار، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمەباقی، لە بڵاوکراوەکانی کوڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٤. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکی و بەریتانی‌دا، وەدیع جوەیدە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، محەمەد حەمەباقی، لە بڵاوکراوەکانی کوڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٥. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنی‌دا، ئەسکەندەر غۆریانس، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمەباقی، لە بڵاوکراوەکانی کوڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٦. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی کاروباری ئێران‌دا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمەباقی، لە بڵاوکراوەکانی کوڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٧. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامە و سەرچاوەی قاجاری‌دا، حەسەن عەلیخان گەڕووسی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمەباقی، لە بڵاوکراوەکانی کوڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

www.zheen.org

ئەستەمووڵی بنێرێ، بۆی چاپ دەکات. بەڵام مخابن ئەم ئاواتەی شێخ عەبدولقادر و وەفایی بەدی نەهاتووە، چونکە سەرلەنوێ ساڵی (١٨٩٨) بۆ (تائیف) دەنێردرێتەوە و دووبارە لە دوای جاڕدانی مەشرووتەی عوسمانییەوە بۆ تورکیا (ئەستەمووڵ) دەگەڕێتەوە (١٩٠٨) و لەپاڵ ئەوەدا کە دەکرێتە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا، زۆر چالاکانەش دەکەوێتە ناو مەیدانی سیاسەت و ڕووناکبیری و دروستکردنی گەلێ کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کوردی، کە دیارترینیان: (جەمعیەتی تەعاون و تەرەقیی کورد- ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨)[٥]، کە خۆی سەرۆکایەتیی کردووە و دواتر لە (١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨)دا (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) دادەمەزرێنێ[٦] و دواییش کە بەشداریی شۆڕشی (١٩٢٥- بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعیدی پیران)ی کردووە و لە سەرکردە درەوشاوەکانی ئەو شۆڕشە بووە و شۆڕشەکە سەرکوت کراوە و بەشدارانی شۆڕشەکە گیراون، شێخ عەبدولقادریش لەگەڵ زۆرینەی سەرانی شۆڕشەکەدا (کە ژمارەیان ١٥٠ شۆڕشگێڕ بووە) و سەیید محەمەدی کوڕە گەورەیدا، براونەتە شاری (دیاربەکر)و لەوێ بەبێ موحاکەمەکردن، لە (١٩٢٥/٥/٢٤)دا، لەسێدارە دراون.

شاعیرانی کورد، شیعری زۆر بەکوڵیان بۆ کارەساتی لەسێدارەدانی ئەم قارەمانانە وتووە، "پیرەمێرد" سەرباشقەیانە و لە چەند شیعرێکدا ئەم بۆنەیەی بەیاد کردووەتەوە:

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٥] د. نەجاتی عەبدوڵڵا، کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان ١٩١٨-١٩٢٣ لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرانسادا، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین- سلێمانی، ل١٨-١٩.

[٦] هەمان سەرچاوە، ل٢٠-٢١.

١- هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە
دایکی وەتەن! دە هەستە، سڵاویان بسێنەوە
(شێخ قادر)ە لە پێشەوە، سەرقافڵەی ئەوان
چەند جوانە: خوێن و ڕیشی سپی، پیر و نەوجەوان [٧]
٢- ئەم ئاسمانە شینە، کەوا بەرگی ماتەمە
تەحلیلی وا کراوە، کە قوببەی غەمە، تەمە
تا دەگاتە:
بۆ ئێمە لازمە، هەموو ساڵێك هەتا دەژین
ئەم ڕۆژی (٢٤)ی ئایارە بکەین بە شین [٨]
٣- گوڵاڵە، بە ڕەنگ سوور دەکاتەوە
وەك من داغدارە لە بنیاتەوە
لە جورعەی شەونم خوێن دەخواتەوە
شەهیدەکانم بیر دەخاتەوە
تا دەگاتە:
دڵ، دەژینتەوە لەیلایە
نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵایە
بە دەستا تورك خنکایە[٩]

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٧] ئەم شیعرە حەوت بەیتە، بنواڕە: پیرەمێردی نەمر، محەمەد ڕەسووڵ هاوار، چاپی دووەم، ئینتیشاراتی محەمەدی– سەقز، ل١٠٣.

[٨] ئەم شیعرە هەشت بەیتە، بنواڕە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

[٩] ئەم شیعرە سێ کۆپلەی هەمەڕەنگە، کە هەر کۆپلەیەی بە دیالکتێکی کوردی و بە کێشی جیاجیا نووسراوە. هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.

**سەیید عەبدوڵڵا:**

شێخ عەبدولقادر لە قۆناغی یەکەمی مانەوەیدا لە حیجاز، سێ کوڕی بە ناوەکانی: سەیید محەمەد[١٠] و سەیید عەبدوڵڵا (١٨٩٠) لە (تائیف) بەدنیا هاتوون، ئەمی دوایی‌یان دەبێتە باوکی دکتۆر سەیید عەزیز و بەو بۆنەیەشەوە کە لە (حیجاز) بەدنیا هاتووە، هەر لە منداڵییەوە پێی وتراوە: حاجی سەیید عەبدوڵڵا.

دوای گەڕانەوەی یەکجاریی شێخ عەبدولقادر بۆ ئەستەمووڵ و پاش هەڵایسانی یەکەمین جەنگی جیهانی و ڕووخانی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی، حاجی سەیید عەبدوڵڵا ناچار بووە لە بنەماڵەی باوکی دابڕێ و بەماڵەوە ڕوو لە ناوچەی مووسڵ بکەن و هەر لەم ساڵانەشدا سەیید عەزیزی کوڕی لە مووسڵ لەدایك بوو.

حاجی سەیید عەبدوڵڵا لەم ئاوارەبوونەیاندا، بەو هۆیەوە کە خوێندەوار و ڕووناکبیرێکی نیشتمانپەرەوەر و هۆشیار بووە، چالاکیی هەمەجۆرەی نیشتمانیانە و ڕووناکبیرانەی لە هەرسێ بەشی باکوور، خۆرهەڵاتو باشووری کوردستاندا نواندووە.

سەرەتا ساڵی (١٩١٨) ژمێریاری (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) بوو، کە لە ئەستەمووڵ دامەزرا[١١]و دواتر لە بزووتنەوە چەکدارییەکەی "سمکۆ"ی شکاکدا، لە خۆرهەڵاتی کوردستان، چالاکیی گشتی و بەتایبەتیش لە دەرکردنی ڕۆژنامەی "کورد"دا، کە زمانی حاڵی بزوتنەوەکەی "سمکۆ" بووە و (١٢ی

www.zheen.org

---

[١٠] ڕۆژی ( ١٩٢٥/٥/٢٤ ) لەگەڵ باوکیدا لە دیاربەکر لەسێدارە دراوە.

[١١] د. نەجاتی عەبدوڵڵا، کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان ١٩١٨-١٩٣٣ لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرانسادا، بەرگی یەکەم، ل٢١.

مانگی شەووالی ١٣٤٠ کۆچی-١٩٢٢/٦/٨) لە شاری (ورمێ) دەرچووە، ڕۆڵی سەرەکی و دەستپێشخەریی هەبووە.

لەم بارەیەوە "محەمەدی تەمەدون"ی خاوەنی ئەو چاپخانەیەی کە ڕۆژنامەی (کورد)ی تێدا چاپ کراوە، ئاوای دەگێڕێتەوە: ((ڕۆژێکیان شێخ عەبدوڵڵا- لە کەسانی تێگەیشتووی سمکۆ و لە خزمانی سەیید تەها- هاتە لام و لەناو قسەکانیدا دەریخست ئاغا [سمکۆ] بەهیوایە بەهۆی نەبوونی بڵاوکراوەوە لە ڕەزائیە، ئەم کەمایەسییە نەهێڵێ و ڕۆژنامە لە ڕەزائییەش بڵاو بکرێتەوە. ئایا بە بیروڕای ئێوە، بە چ قەوارە و تیراژ دەتوانرێ ڕۆژنامەیەك لەم شارەدا بڵاو بکرێتەوە، کە هەم سەنگین و هەم جوان، هەمیش جێی سەرنجدان بێ؟!

نووسەر "محمد تمدن" لە وەڵامی شێخ عەبدوڵڵادا وای ڕوون کردەوە: بەداخەوە حەرفەکانی چاپخانەکەمان زۆر کەمە و دەرەقەتی چاپی ڕۆژنامە نایێ. شێخ عەبدولڵا وەختێ ئەم وەڵامەی بیست، زۆر تێك چوو، گۆڕا. منیش ترسام، هەستم بە هەڵەکەی خۆم کرد و وتم: ئەگەر لەگەڵ کرێکارانی دامەزراوەکەی خۆماندا تەقەللا بدەین، لەوانەیە کەموکوڕییەکانی نەهێڵین و بتوانین ڕۆژنامەکە چاپ بکەین. بەڵام دەبێ زەحمەتی زۆر بکێشین تا کەرەسەی پێویست ئامادە ببێ.. لێرەدا قیافەتی شێخ عەبدوڵڵا گۆڕا و وەڵامی نەدایەوە. هەرچەندە بەڵێنی دەدا هەقدەستی کرێکارەکان و کارگوزارانی ڕۆژنامەکەش بدات، بەڵام لەو ڕۆژانەدا نەدەکرا بڕوا بە قسەی کورد بکەین، لەبەر ئەوەی یاخیبوون لە فەرمانی سمکۆ، لەو هەلومەرجەدا یاریکردن بوو بە گیان.. پاش دووسێ ڕۆژ هەڵاتم))[١٢].

---

[١٢] تمدن، محمد: اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه، تهران، چاپ اسلامیه، ص٣٦٩.

دوای هەڵاتنی "محمد تمدن"، دیارە سمکۆ هەر سوور بووە لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامە، بۆیە هەمان نووسەر (تمدن) دەڵێ:

(تابلۆی چاپخانەی "تەمەدون"یان لابردبوو، لە جێی ئەو، تابلۆی چاپخانەی "غیرەت"یان لێ دانابوو. ڕۆژنامەیەکیان بە زمانی فارسی و کوردی بڵاو کردبووەوە. تەنیا بە ناوی ڕۆژنامەی هەفتەیی کورد بە ناوی "ڕۆژی کورد- شەوی عەجەم"ەوە، کە دواتر بە ناوی "ڕۆژی کورد" و ئەمجا تەنیا "کورد"ەوە بڵاو کردبووەوە.

وەك وتمان، ژمارەی یەکەمی ئەم ڕۆژنامەیە لە (١٢ی مانگی شەوالی ١٣٤٠ کۆچی-١٩٢٢/٦/٨)دا، بە مودیریی محەمەد تورجانی بڵاو کراوەتەوە)[١٣].

بەدڵنیایی‌یەوە دەبێ حاجی سەیید عەبدوڵڵا، وتار و نووسینی زۆری لەم چەند ڕۆژنامەیەدا هەبووبێ، کە "محەمەدی تەمەدون" باسی دەکات. بەڵام بەداخەوە و بە سۆنگەی ئەوەی کە هیچ ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامانەمان لەبەردەستدا نییە، زانیاریشمان لەم بارەیەوە تەماوییە.

لە بواری نووسین و بڵاوکردنەوەشدا، ئەم نووسین و شیعرە بڵاوکراوەیەیمان بەرچاو کەوتوون:

١. خووی چاك و تالیعی خراپ (وتار) بە دیالێکتی سۆرانی، گۆڤاری (دیاری کوردستان، ژمارە ٧، ل٧، کە بەناوی: موهاجیری شەمدینان، ساکینی ڕواندز، عەبدوڵڵا- ەوە بڵاوی کردووەتەوە[١٤]).

٢. شیعرێکی شیوەننامە (مەرثییە)ی بە دیالێکتی باکوور، بە بۆنەی لەسێدارەدانی "شێخ عەبدولقادر"ی باوکی و هەڤاڵەکانییەوە هەر لە گۆڤاری

www.zheen.org

[١٣] هەمان سەرچاوە، ص٣٧١.

[١٤] بۆ دەقی ئەم وتارە، بنوارە بەشی پاشکۆی ئەم کتێبە.

(دیاری کوردستان، ژماره ۹، ل۱۲۹)دا بڵاو کردووەتەوە، کە دیسان ئەوکاتە لە ڕواندزەوە بۆ گۆڤاری ناوبراوی ناردووە[۱٥].

لە ساڵانی (۱۹۳۰)شدا، کە لە ڕواندز نیشتەجێ بووە، ئەندامی لقی کۆمەڵەی (خۆیبوون) بووە لە ڕواندز[۱٦].

حاجی سەیید عەبدوڵڵا پێش ساڵانی چلی سەدەی ڕابوردوو بە یەکجاریی لە (دزە)ەی مەرگەوەڕ (شاری ورمێ)ی خۆرهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بووە. ساڵی (۱۹٤۳) لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا (۱۹۱٥-۱۹۹۸)دا بە نامەی قازی محەمەدەوە چوونەتە لای کۆنسوڵی شوورەوی لە ورمێ و کونسوڵیان دیوە و داوای یارمەتییان بۆ باشووری کوردستان لێ کردووە، بەڵام ئاکامی نەبووە و هیچیان بۆ نەکراوە[۱۷]... لەو سەروبەندەشدا، کە سەرکردایەتیی شۆڕشی بارزان بڕیاری کشانەوە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان دەدەن (سەرەتای مانگی ۱۰ی ۱۹٤٥)، حاجی سەیید عەبدوڵڵا نامەیەکی بە مێژووی (٤/۱۰/۱۹٤٥-۲۷ی شەوالی ۱۳٦٤ی کۆچی) بۆ مستەفا بارزانی ناردووە و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری و داواکانی گەلی کورد دەربڕیوە[۱۸].

حاجی سەیید عەبدوڵڵا لە سەرتاسەری موکریانەوە تا مەرگەوەڕ، جگە لە پێڕەوان و لایەنگرانی تەریقەتی نەقشبەندی، کە وەك ڕابەرێکی ئەم تەریقەتە بۆیان نواڕیوە، هاوکات لەلای دانیشتوانیش جێی ڕێز و

---

[۱٥] بۆ دەقی ئەم شیعرە، بنواڕە بەشی پاشکۆی ئەم کتێبە.

[۱٦] د. نەجاتی عەبدوڵڵا، کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان ۱۹۱۸-۱۹۳۳ لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرانسادا، بەرگی یەکەم، ل ۱۸۹.

[۱۷] سدیق ساڵح، سەرپۆتێکی ژیاننامەی هەمزە عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"،، ژمارە ۱۷۸۸، ۱۹۹۹/۱/۲٦، ل۱۰.

[۱۸] دەقی نامەکە لە پاشکۆی کتێبێکەدایە.

خۆشەویستی بووە و سەرئەنجام ڕۆژی (١٤٣٦/٤/٣ی هەتاوی-١٩٦٧/٥/٢٤) لە تەمەنی (٧٨) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە ناوچەی (دزە -دژە)ی مەرگەوەڕ، گۆڕ و گومەزێکی بەشکۆیان لەسەر گردێك بۆ هەڵبەستووە و گڵکۆکەی بووەتە مەزار و دەستە دەستە لەلایەن پێڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی و خەڵکی دیکەیشەوە زیارەت دەکرێ. جگە لەوە، هێشتاش وێنەی لە زۆرینەی ماڵانی موکریان، مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ و شاری ورمێ، وەك ڕێزلێنان لە یاد و خۆشەویستیی ئەم کەسایەتیە بنەچە مەزن و ئایینپەروەر و تێکۆشەرە، هەڵواسراوە.



گۆڕو گومەزی حاجی سەیید عەبدوڵڵا لە (دزە)ی مەرگەوەڕ

www.zheen.org

دکتۆر سەیید عەزیزی خاوەنی ئەم بیرەوەرییانە، نەوەی ئەم بنەماڵە ناودارەیە، کە هەر خۆیشی لەم بیرەوەرییانەی خۆیدا و بە قەڵەمی خۆی، باسی خەبات و تێکۆشانی نزیکەی (٣٠) سی ساڵی تەمەنی خۆیمان تا

سالّی (١٩٤٦) بۆ دەکات. بۆیە چیرۆکی ئەو قۆناغەی ژیانی سەیید عەزیز (١٩١٤-١٩٤٦)، بۆ خۆی بەجێدەهێڵم و دووبارە دوای ئەو مێژووە (١٩٤٦)، دێمەوە ناو چیرۆکی ژیانی "دکتۆر سەیید عەزیز" و لەوەبەدوا تا (١٩٩٩)تان بۆ تەواو دەکەم.

**سەیید عەزیز:**


بە هەمان ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی (لەسەرەوە باسم کرد) بۆ ئەم بنەماڵەیەم هەبوو، لە دەمێکەوە پێم خۆش بوو دکتۆر سەیید عەزیز ببینم، بەتایبەتیش کە دەمێك بوو کتێبەکەیم بەناوی (بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتیمانیی کوردستان)ەوە خوێندبووەوە[١٩]، تا وا ڕێکەوت پایزی (١٩٩٤) ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری خۆشەویستی (مەهاباد)، یادوارەیەکی جوان و بەشکۆی بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ: (١٩-٢١/١١/١٩٩٤= ٢٩-٣١ی ئابانی ١٣٧٢ی هەتاوی) بۆ شاعیری گەورە "وەفایی" ساز کرد و ئێمەیشی بۆ بانگ کردبوو. هەر لەوێ هەڵسوڕێنەکانی یادوارەکە ئاگاداریان کردمەوە، کە "دکتۆر سەیید عەزیز"یشیان بانگهێشت کردووە. ئەمە بۆ من مژدەیەکی خۆش بوو. بۆیە زوو دەرفەتەکەم قۆستەوە و لەگەڵ ئامادەبوونی سەیید عەزیزدا، بۆ کۆڕەکە (کە چەند هەڤاڵ و کەسێکی خۆیان و چەپکە گوڵ و تابلۆیەکیان بەناوی "بنەماڵەی گەیلانی زادە"وە بۆ یادوارەکە هێنابوو)، داوام لە هاوڕێم: کاك حاجی محەمەد شەفیعی خزری کرد، بە یەکتریمان بناسێنێ.

دوای یەکترناسین (کە بەداخەوە لەم کاتەدا سەیید عەزیز بەو هۆیەوە کە پێشتر- ١٩٧٩- لە ڕووداوی وەرگەڕانی ئوتومبیلەکەیدا ئازار بە مێشکی

---

[١٩] دواتر لە جێی خۆیدا باسی ئەم کتێبە دەکەین.

www.zheen.org





دوو وێنەی یادوارەی "وەفایی" لە مەهاباد–

سەیید عەزیزو محەمەد حەمەباقی بەتەنیشت یەکترەوە، (١٩٩٤/١١/١٩)

گەیشتبوو، بیرەوەریی زۆرباش نەبوو)[20] چەند وێنەیەکمان گرت و دواتر بە هێوری ئەم داوایەم لێ کرد: پێم خۆشە ئەگەر بتوانی بیرەوەرییەکانی خۆت بنووسیتەوە. بە زەردەخەنەوە پێی گوتم توانای ئەو جۆرە کارانەی نەماوە. وەڵامم دایەوە: کەواتە من ئامادەم چەند جارێك سەری لێ بدەم و پرسیاری بۆ ئامادە بکەم، ئەویش بە زارەکی (بەدەمیی)، لەسەر ئامێری دەنگ تۆمارکردن، وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە. بۆ ئەمەیان ڕەزامەندیی نواند و منیش لە چەند جارێکدا، چەند چەپکە پرسیارێکم ناردە خزمەتی و چاوەڕوانی وەڵام بووم و دەنگ نەبوو. تا وای لێ هات چاوەڕوانیم چەند ساڵێکی بەسەردا هات و خەریك بوو وردە وردە خۆم قایل دەکرد کە ئیتر چاوەنواڕی وەڵام نەبم. تا لە ناکاوێکدا ئاگاداریان کردمەوە، کە دکتۆر سەیید عەزیز بە کارەساتێکی دڵتەزێن (دواتر باسی دەکەین)، کۆچی دواییی کردووە!

هەواڵێکی دڵداخورپێنو چاوەڕواننەکراو بوو. ئەگەرچی خۆم گەیاندە ورمێ و لە پرسە بەشکۆیەکەیدا ئامادە بووم، بەڵام دیارە نەدەکرا لە پرسەدا و دوای پرسەکەش، بەو پەلەپەلە سۆراخی کاری ئەم بیرەوەرییانە بکەم، بۆیە دیسانەوە خەریك بوو خۆم ڕازی بکەم، کە ئیتر باسی ئەم بیرەوەرییانە، لە بیری خۆم بەرمەوە. کەچی چەند مانگێك دوای مەرگی دکتۆر سەیید عەزیز، هاوڕێم: کاك حاجی محەمەد شەفیعی خزری، لە سەردانێکدا لە (شنۆ)ەوە بۆ (سەقز) بۆ لام، ئەم چەپکە بیرەوەرییانەی لەگەڵ خۆیدا بۆ هێنام و بە دیتنی دەستخەتی دکتۆر سەیید عەزیز، ئۆخژنێکی ئاسوودەیی بە ڕۆحم گەیشت و پەژارە و دڵەڕاوکەی چوار-پێنج ساڵەم لە بیر چوونەوە.

نزیکەی مانگێك دوای ئەم ئاسوودەبوونەشم، لە سەردانەوەیەکمدا بۆ هەولێر، دیسانەوە لە ڕێی مەکتەبی بەڕێز مەسعوود بارزانییەوە، نوسخەیەکی

[20] واتە: تووشی (لەبیرچوونەوە: **Amnesia**) بووبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

تری وێنەگیراوی هەمان ئەم بیرەوەرییانەم پێگەیشت، کە بەتایبەتی و لەو ڕێیەوە بۆم نێردرابوو. ئیتر لەلایەکەوە نەمزانی ئەم پێسپێری و وەسێتەی دکتۆر سەیید عەزیز، لەمەڕ ئەم بیرەوەرییانە، تا بەدەستی من بگات، سەرچاوەکەی لەکوێوەیە! کە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، تەنانت هەڵگورد (١٩٨٣)ی کوڕە تاقانەی سەیید عەزیزیش لێی بێئاگایە. لەلایەکی دیکەیشەوە نەمزانی ئاخۆ ئەم بەشە لە بیرەوەرییەکانی، کە بە من گەیشتووە، پاشماوە و بەشی تری هەیە یا نا؟ چونکە ئەم چەپکە بیرەوەرییانە نیوەناچڵن و هەتا ساڵی (١٩٤٦)یان تێدایە، واتە تا ئەو مێژووەی کە سەیید عەزیز پێوەندیی بە کۆماری کوردستانەوە کردووە و لەوێوە وەك یەکێك لەو (٥٠) پەنجا قوتابییەی کە کۆماری کوردستان بۆ خوێندن بۆ (باکۆ)ی ناردوون، باس دەکات. بۆیە ناچار بووم بۆ تەواوکردنی ژیننامەی سەیید عەزیز، لە مەودای نێوان ساڵی (١٩٤٦)ەوە، تا کۆتاییی ژیانی (١٩٩٩/٣/١٤)، دوو جار سەردانی ڕاستەوخۆی بنەماڵەکەیان لە شاری ورمێ بکەم:

١. ڕۆژی پێنجشەممە: ٢٠٠٩/٩/٢٩–١٣٨٨/٧/٨ی هەتاوی) لەگەڵ هاوڕێیانی نووسەری خۆرهەڵاتی کوردستاندا: کەمال حەسۆ، مامۆستا عومەری ئیمام، سەیید ئیسماعیل، سەیید مەنسوور گەیلانی زادە.

٢. ڕۆژی سێشەممە: ٢٠٠٩/١٠/٥–١٣٨٨/٧/١٤ی هەتاوی، لەگەڵ کاك فارووق کەیخوسرەوی و ئاروین حەسەنیدا، هەردوو جارەکەش لەلایەن بنەماڵە بەڕێزەکەیانەوە، بە تاسە و پەرۆشەوە بەدەنگمەوە هاتوون و نامەی تایبەت و ئەلبوومی وێنەی بنەماڵەکەیان پێ سپاردووم و لێم هەڵبژاردوون.

هەروەها توانیم چەند جارێکیش لە (سلێمانی)، پێوەندی لەگەڵ هاوڕێی تەمەنی ساڵانی دواییی سەیید عەزیز و ئەفسەر و پێشمەرگەی ناسراو فەریقی یەکەم، جەنابی کەمال محەمەد عەبدولعەزیز موفتی، ناسراو بە کەمال موفتی (١٩٢٩) بگرم و ڕۆژی (٢٠١٠/٨/٢٨) بە ئامادەبوونی کاك

www.zheen.org

نەژادی برام و لاووك ئەحمەدی برازام لەنزیكەوە یەكتر ببینین و زانیاریی ڕاست و بەكەڵكی لەبارەی سەیید عەزیزەوە لێ وەربگرم، ئەم بەڕێزەش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بە دەنگمەوە هاتووە.

**ناساندنێكی ئەم بیرەوەرییانە:**

ئەم بیرەوەرییانە لەسەر كاغەزی قەبارە (A٤) ی خەتدار و بەدەست (قەڵەمی جاف) نووسراون و ژمارەی لاپەڕەكانی هەر تەنیا (٩) نۆ دانەن، (٢٦) بیستوشەش دێڕ لە هەر لاپەڕەیەكدا بە زمانی كوردی و پەخشانێكی تێكەڵ بە واژەی عەرەبی و فارسی و ڕێنووسی كۆنی كوردی نووسراوە، منیش لە ئامادەكردن و پیتچنینەوەیدا، دەستكاریی ڕێنووس و داڕشتنەكەیم نەكردووەتەوە و ئەگەر هەستم كردبێ، لە جێیەكدا حەرفێك داكەوتووە، یان لەبیر كراوە، لە كەوانەكەیدا ئاماژەم پێكردووە و بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەیش بۆ خوێنەر، هەوڵم داوە ئاماژەیەكی پێویست بە ژیننامەی ئەو كەسانەی وا لەم بیرەوەرییانەدا ناویان هاتووە، لە پەراوێزدا بكرێ، بۆ هەندێ لەمانەش، یارمەتیم لە برای هێژا و نووسەر كاكە سدیق ساڵح و مامۆستا كەریم شارەزا خواستووە.

دوا وتەم، دەمەوێ بڵێم ئەگەرچی ئەم بیرەوەرییانە، بەقەوارە زۆر كەمن و لەلایەن خاوەنەكەیەوە تەواویش نەكراون، بەڵام ناواخنیان پڕ لە زانیارییە و ئەو ماوەی (٣٠) سێ ساڵ (١٩١٥-١٩٤٦)ەی خاوەنی ئەم بیرەوەرییانە باسی دەكات، قۆناغێكی زۆر گرنگ و هەستیاری گەلی كوردە، لە هەرسێ بەشی باكوور، باشوور و خۆرهەڵاتی كوردستاندا، بۆیە خوێنەریشم بەو پێشەكییە تێروتەسەلەوە ماندوو كرد، تا لەلایەكەوە پێشینەی خاوەنی ئەم بیرەوەرییانە بناسن، لەلایەكی دیكەیشەوە بەختەوەرم بەوەی بەم كارە

www.zheen.org

توانیبیێتم خزمەتێکی دی، بەرامبەر بە تێکۆشەر و ڕووناکبیرێکی دیکەی ناو قوتابخانە پێشەنگ و ڕزگاریخوازانەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری بکەم و ئەم چەپکە لاپەڕەیەش بخەمە سەر خەرمانی ئەو زنجیرەی (٧) کتێبەی، چ وەك نووسین و ئامادەکردنی خۆم و چ وەك وەرگێڕانی ئەو نووسین و بەڵگەنامانەی لەسەر شۆڕشی شێخ عوبەیدوللا، لە سەرچاوەگەلی جیاجیای وەك کتێبخانە و ئەرشیفی ولاتانی ئێران، عوسمانی، ڕووسیا، بریتانیا... دا، نووسرابوون و چنگم خستن و لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ناوم هێناون (بە وەرگێڕانی بیرەوەرییەکانی شاعیری گەورە : وەفایی- تحفة المریدین- یشەوە). خۆ ئەگەر زانیارییەکانی هەمووشیان ببنە کەرەستەی خاو بۆ نووسینەوەی مێژووی زانستانەی گەلەکەم، ئەوا ئیدی ئاسوودە دەژیم و ئاسوودەش دەمرم.

**محەمەد حەمەباقی**

**سەرەتای پایزی ٢٠١٠**

**هەولێر**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بیرەوەرییەکانی
## سەیید عەزیزی شەمزینی
### (زیندەگیی من)

من: سەیید عەزیزی شەمزینی کوڕی سەیید عەبدوڵلا کوڕی شێخ عەبدولقادری شەمزینی کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی، کە لە تورکیا و ئێران ڕەهبەری شۆڕشی کورد (بوو) لە ساڵی (١٨٨٠- ١٨٨٤)[٢١] وە لە ساڵی (١٨٨٤)[٢٢] میلادیدا ئەسیر کرا و نەفی کرا بۆ (طائیف)، لە عەرەبستانی سعودی کۆچی کرد[٢٣] وە لەوێ وەفاتی کرد.

ماڵەوەمان لەبەر شەڕی ئەووەڵی جیهانی موهاجیر بووین، هاتینە مووصڵ لە نەینەوا، ئەواخیری ساڵی (١٩١٨)[٢٤] میلادی، من لەدایك بووم و منیان بە ناوی شێخ عەبدولعەزیز، کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، کە لە عەقرە (ئاکرێ) نێژراوە، ناویان نام.

---

[٢١] شێخ عوبەیدوڵلا، تا ساڵی ١٨٨٢ ڕابەرایەتی بزووتنەوەی کوردی کردووە و لەوە بەدواوە گیراوە.

[٢٢] شێخ عوبەیدوڵلا لە (١٩٨٢/١٠/٢١)دا، لە نەهری گیراوە و دواتر بۆ ئەستەمووڵ و لەوێشەوە بۆ تائیف براوە.

[٢٣] شێخ عوبەیدوڵلا (١٨٨٣/١٠/١٢) لە شاری تائیف کۆچی دواییی کردووە.

٢٤ بەڵام لەسەر کێلی گۆڕەکەی، مێژووی بەدنیا هاتنی بەمجۆرە نووسراوە: ١٢٩٣/٢/٣ی هەتاوی- کە بە مێژووی زاین و کۆچی دەکاتە: ١٩١٤/٤/٢٤- ٢٨ی جومادیی یەکەمی ١٣٣٢ی کۆچی.

www.zheen.org

لەپاش موددەتێك ماڵەوەمان چوون بۆ ئەستانبوول، بۆ لای باپیرم: شێخ عەبدولقادری شەمزینی، کە لەو وەختەدا عوضوی مەجلیسی سەنای تورکیا بوو، لە پاشـ[اندا]، لە زەمانی مصطەفا کەمال لە ساڵی ١٩٢٥دا، لەبەر ئەوەی ڕەئیسی کۆمەڵەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد بوو، لەگەڵ کوڕە گەورەکەی[٢٥]، لەگەڵ (١٥٠) کەسدا، لەگەڵ دکتۆر فوئاد بە ڕۆژێك هێناویانە بۆ دیاربەکر وە لەوێ بەبێ موحاکەمە ئیعدام کران[٢٦]. لەپێش ئیعدامکردنی باپیرم: شێخ عەبدولقادری شەمزینی لەپێش ئەوە بە (٧-٨) هەفت هەشت مانگ باوکم لەگەڵ ماڵەوەی بە ڕێگای (وان) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، بەڵام لە شاری (وان) باوکمیان گل داوەتەوە، کە شەش مانگ لە ماڵی "حەمید پاشا" میوان بوون. لەپاش شەش مانگ بە زەحمەت و موراجەعەتێکی زۆر، حکوومەتی تورکیا ئیجازەی باوکمیان داوە کە بگەڕێتەوە بۆ شەمزینان بۆ (نەیری)[٢٧].

من ئەو وەختە عومرم تەقریبەن شەش ساڵ بووم، کە ماڵەوەمان هاتوونەتە نەیری (مەحاڵی شەمزینان). زۆری پێ نەچوو (والیی دیاربەکر) باوکمی دەعوەت کرد بەناوی موذاکەرە[٢٨] لەبارەی حدوود بچینە (دیاربەکر)، چونکە لە نێری دا (شەمزینان)دا، کە باوکم نفووذی زۆری بوو، حکوومەت[ی] تورك پێی نەدەکرا باوکم لە نێری بگرێ. وە باوکم چوو کە

---

[٢٥] مەبەست "سەیید محەمەد"ی کوڕە گەورەیەتی.

[٢٦] شێخ عەبدولقادر و شێخ سەعیدی پیران و دکتۆر فوئاد و سەرانی شۆڕشی کورد، لە ١٩٢٤/٥/٢٤دا لەسێدارە دراون.

[٢٧] نەیری: مەبەست لە (نەهری)یە، کە ڕەنگە لە بنەڕەتیشدا وشەکە هەر (نەیری) بووبێ و دواتر بووبێتە (نەهری).

[٢٨] موذاکەرە: وتووێژ، دانوساندن.

www.zheen.org

بچینه (دیاربەکر)، بەڵام لە ڕێگادا قاصیدێك[٢٩] کە لەلایەن "سەیید طەها"، کە ئامۆزای باوکمە و خاڵی منیشە وە لەو وەختەدا حاکمی (ڕواندز) بوو، پارچەیەك لە ڕۆژنامەی تورکیادا، کە ئیعدامی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و کوڕە گەورەکەی: "سەیید محەمەد"ی تێدا نووسرابوو، دای بە باوکم" ئەو وەختە باوکم زانیی کە دەعوەتی (والیی دیاربەکر) حیلەیە (فێڵە) وە بۆ ئەوەیە کە باوکم بگرن و ئیعدامی بکەن، لەبەر ئە[وە] باوکم لەوێوە گەڕایەوە بۆ حدوودی ئێران وە جوابی نارد بۆ سەرۆکی عەشائیری کورد، کە بێن بۆ شەڕی تورکیا، وە لەپاش کۆبوونەوەی لەشکری سەرۆکەکانی عەشائیر، لەپێش هەموو شتێك هێرشیان هێنا بۆ سەر نێری (مەرکەزی شەمزینان)، کە عائیلەی ئێمە لە موحاصەرەی[٣٠] لەشکری تورکدا بوون، لەپاش کوشت و کوشتارێکی زۆر، لەشکرێ کە مەحاصەرەی ماڵی ئێمەیان کردبوو لە نێری، شکان وە ئەوەی کە لە لەشکری تورك مابوونەوە، تەسلیم بوون وە ماڵی ئێمە لە مەحاصەرەی تورك ڕزگار بوون. هاتینە (ڕواندز) و باوکم چەند مانگێك لە مەنطیقەی شەمزینان مایەوە، لەگەڵ لەشکری تورك شەڕی دەکرد.

ماڵی ئێمە کە گەیشتە ڕواندز، ئینگلیزەکان کە لەو وەختەدا لە عیراق حاکم بوون، باوکمیان مەنع کرد لە ئیدامەی شەڕ لەگەڵ تورکەکان و باوکم مەجبوور بوو ئەویش هاتە عیراق لە ڕواندز بوو، کە باوکمیان بە (مدیری ناحیە)ی (باتاس) تەعین کرد و ئێمەش بە ماڵەوە هاتینە (باتاس).

باوکم لەپاش هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر، توانیی مەدرەسەیێ لە (باتاس) دامەزرێنی. لە ئەوەڵا مەدرەسە عیبارەت بوو لە صنفی ئەووەل و دووهەم وە من لەمەوپێش لەلایەن باوکم فێری خوێندن و نووسین کرابووم،

---

[٢٩] قاصید: نێردراو، تەتەر، ڕاسپێردراو.

[٣٠] موحاصەرە: ئابڵووقە، گەمارۆ.

لەگەڵ فەقێیەکانی مەدرەسەی دینی ساڵی (١٩٢٥-١٩٢٦)ی میلادی داخڵی صنفی دووەم بووم و هەتا صنفی چوارەمی ئیبتیدائیم لە (باتاس) تەواو کرد و لە وەختێکا لە (باتاس) لە صنفی چوارەم بۆ صنفی پێنجەم ناجیح بووبووم، باوکمیان بۆ مدیریەتی ناحیەی (شەقڵاوە) نەقڵ کرا [کرد] و منیش لەگەڵ خانەوادەم[٣١] چووم بۆ (شەقڵاوە). لە شەقڵاوە صنفی شەشەم دەکرایەوە وە لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەو قوتابیانەی بۆ صنفی شەشەم ناجیح بووبوون، کافی نەبوون، لەبەر ئەوە ئەوانەی کە لە صنفی چوارەم بۆ پێنجەم ئیمتیحانیان کردین، بۆ ئەوەی ژمارەی صنفی شەشەم تەواو بێ وە من لەو کەسانە بووم، کە پاش ناجیح بوون، ڕەئسەن منیان بردە صنفی شەش وە لە صنفی شەش لە ئیمتیحانی باکالۆری ناجیح بووم.

لە ساڵی (١٩٢٩)دا لە هەولێر داخلی موتەوسیطە بووم بە زمانی کوردی صنفی یەکەمی موتەوسیطەم لە هەولێر تەواو کرد. لەو ساڵە موظاهەرەی قوتابیانەی لەدژی حکوومەت بوون، من لە هەموویان ئیشتیراکم کرد. باوکم قەراری دا بۆ ئەوەی باشتر عەرەبی بزانم، منی لە ساڵی (١٩٣٠) نارد بۆ مووصڵ. لە مووصڵ داخلی موتەوسیطەی (غەرب) بووم، کە مودیری موتەوسیطەکەمان ناوی "ڕزقوڵڵا ئۆغستین" بوو، من داخلی صنفی دووەم بووم، تەنها کورد بووم لە صنفەکەماندا. موعەللیمێکمان هەبوو، کە خەڵقی مووصڵ بوو، عەزیز جاسمی ناو بوو وە هەرچی قوتابییەك کە لە دەرسی ڕیاضیاتدا[٣٢] جوابی نەدابا، پێی دەگوت:

اقعد خو ما أنت كوغدى... دانیشە! خۆ تۆ کورد نی[ت]

www.zheen.org

---

[٣١] خانەوادە: بنەماڵە، خێزان، ماڵبات.

[٣٢] ڕیاضیات: بیرکاری.

من موددەتێك ئەو ئیهانەتەم[٣٣] قبووڵ كرد وە نەدەكرا هەروا قبووڵی بكەم. ڕۆژێك كە شووشەی مەرەكەبم لەپێش بوو، بە هەموو هێزێكمەوە بۆ موعەللیمەكەم فڕێ دا، كە موعەللیمەكە جلی سپیی لەبەر بوو، هەموو جلەكانی بوو بە مەرەكەب. هیچی نەگوت، چوو بۆ لای مودیری متەوسیطە، شكایەتی كرد، وە مودیر هات منی لە صنف دەركرد، گوتی لێرە جێی خەراپەكاری و چەتەیی نییە، لەبەر ئەوە تۆ بڕۆ، لەپاش پێنج ڕۆژی تر، كە مەوعیدی ئیجتیماعی موعەللیمەكان دەبێ، دەبێ بێیەوە قەراری ئیجتیماعی موعەللیمەكان چی دەبێ، تەبلیغت دەكەین. منیش دەرچووم بە تێلگراف خەبەرم دایە باوكم.

ڕۆژی ئیجتیماعی موعەللیمەكان، من هاتمەوە بەر دەرگای مەدرەسە، ئینتیظاری قەراری موعەللیمەكان بووم. لەو وەختەدا پیاوێك هات، كە لە پاشـ[ـدا] زانیم ئەو پیاوە "ڕەفیق حیلمی"[٣٤]یە[٣٥]. ئەو وەختە موعەللیمی

---

[٣٣] ئیهانەت: سووكایەتی.

[٣٤] ڕەفیق حیلمی: كوڕی ساڵح ئەفەندیی كەركووكیی كوڕی مارف ئاغای عەزیز ئاغای بابەكر ئاغای مەلا وەیسییە، ساڵی ١٨٩٨ لە شاری كەركووك لە دایك بووە. ١٩٠٩ قوتابخانەی ڕوشدیەی موڵكیی سەرەتایی لە كفری و ڕوشدیەی عەسكەری تا پۆلی سێ لە سلێمانی و دوو پۆلەكەی تری ئامادەییی عەسكەریی لە بەغداو دواییش دوا پۆلی ئامادەییی موڵكیی ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی تەواو كردووە. ئەمجا چووەتە ئەستەمووڵ و قوتابخانەی (ئەندازەی باڵا)ی بڕیوە. ١٩٢١/٣/١٦ بووە بە مامۆستای ڕیازیات و زمانی توركی لە قوتابخانەی زەفەر لە كەركووك. كۆتاییی ئەو ساڵە بووە بە مامۆستای قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت) لە سلێمانی. ١٩٢٢/٧/٢١ لە هەڵبژاردنێكدا بووە بە ئەندامێكی دامەزرێن و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی (جەمعییەتی كوردستان).

لە دووەم حكوومەتی شێخدا، ئەندامێكی ئەو وەفدە بووە كە شێخ بە ناوی كوردستانی باشوورەوە ناردوویەتیە ئەنقەرە بۆ سەلماندنی موختارییەتی ئیدارەی كورد. ساڵی ١٩٢٤

**ثانەویی مووصڵ بوو، کە لەپێش چەند ڕۆژێك موحاضـەرەیـەکی بە عینـوانی (الأکراد منذ فجر التـأریخ)ی لـەپێش هـەزار کـەس خوێندبوویـەوە، وە ئـەوەی**

---

بە مامۆستایی دوور خراوەتەوە بۆ دێی (المجر الکبیر)ی خوار شاری (عـەمارە) و پاشان بەسـرە و ناسریە تا ساڵی ١٩٣٤، کە هێنراوەتەوە بۆ قوتابخانەی ناوەندیی سلێمانی.

لە خۆپیشاندانی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی بـەردەرکی سـەرای سلێمانیدا، لەگـەڵ کۆمـەڵێك ناوداری شـاردا گیراوە، پاشـان بـەر دراوە، هێنـدەی نـەبردووە گواسـتراوەتەوە بـۆ هـەولێر، ١٩٣٢ بـۆ ناسریە، ١٩٣٣ بـۆ مووسـڵ، هـاوینی ١٩٣٦ بـۆ کـەرکووك. ١٩٣٨ براوەتـە بەغـدا. ساڵی ١٩٣٩ بە داوای سەرانی کۆمەڵەی (دارکەر) بوو بە سـەرۆکی بـاڵای کۆمەڵەکە و نـاوی گۆڕی بۆ حیزبی (هیوا)، کە تا ئاخرو‌ئۆخری ١٩٤٤ مایەوە.

١٩٤٠ موفەتیشێکی دەستەی پشکنینی مەعاریفی ناوچەی باکوور بوو. ١٩٤٢ دووبـارە گواسـترایەوە بـۆ سـلێمانی و دوایـی بـۆ بەعقووبـە و کـرا بـە بەڕێوەبـەری مـەعاریف. مایـسی ١٩٤٤ موفەتیـشێکی (سـەرۆکایەتیی تـەفتیش)ی بەڕێوەبـەرێتیی گـشتیی مـەعاریف بـوو. پاشان بۆ عەمارە دوور خرایەوە و دووبارە بۆ کەرکووك هێنرایەوە. ئەمجارەش هەر برایەوە بـۆ بەسـرە تـا سـاڵی ١٩٥٨، کـە ئیتر گەڕایـەوە بـۆ بەغـدا. پێشتریش ماوەیـەك بەڕێوەبـەری ئەمینداریێتیی پایتەخت (امانة العاصمة)ی بەغدا بووە. دوای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کراوە بە مولحـەقی ڕۆشـنبیریی باڵوێزخانـەی عێراق لـە تورکیـا تـا سـاڵی ١٩٥٩ و گەڕاوەتـەوە. ڕۆژی ١٩٦٠/٨/٤ بـە خـوێن پـژانی مێـشك کۆچـی دواییـی کـردووە و تەرمەکـەی لـە بەغـداوە هێنراوەتـەوە بـۆ سـلێمانی و لـە (گـردی سـەیوان) نێـژراوە. ڕەفیـق حیلمـی (١٠) بەرهـەمی چاپکراوی هەن (سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر: ١٩٢٣-١٩٢٤). ئامادەکردنی ڕەفیق سـاڵح. لێکۆڵینـەوەی: د. کـەمال فوئـادو سـدیق سـاڵح، بەڕێوەبـەرێتیی گـشتیی چـاپ و بڵاوکردنەوە- سلێمانی، ل٤٠ -٤٢).

[٣٥] لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی، لەوکاتـەدا هـەر لـە خۆڕاو بـە ڕێکـەوت نەچـوەتە بـەردەمی ئـەو قوتابخانەیـە، بـەڵکوو لەسـەر ئاگـاداری و ڕاسـپاردەی حـاجی سـەیید عەبدوڵڵای باوکی سەیید عەزیز، بەپیر کێشەکەی سەیید عەزیزەوە چووە. ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە کە ڕەفیق حیلمی و حاجی سەیید عەبدوڵڵا پێشتر ناسیاوی و پێوەندییان پێکەوە هەبووە.

گوێی له موحاضــەرەی "ڕەفیق حیلمی"، که دەمانچەی بەدەستەوە بووە، ئەو موحاضــەرەی خوێندبۆوە. زۆر زۆری لێ دەترسان.

ڕەفیق حیلمی نیزیکم کەوتەوە، وتی:

تۆ سەیید عەزیزی شەمزینیـ[ـت]؟

گوتم: بەڵێ.

ڕەفیـق حیلمی دەستی برده گیرفانی خۆی، دەبانـچەیەکی دەرهێنـا و دای به من و گوتی:

بـا ئـەو دەبانـچەیەت لابـێ، لـه وەختـی زۆر ئیحتیاجـدا نـەبێ، دەری نەهێنی وه ئیستیعمالی مەکه.

پاشان ڕەفیق حیلمی چوو بۆ ژووری ئیجتیماعی موعەللیمەکان. پێش هەموو شتێك بەبێ سوئال و جەواب، یەخـەی موعـەللیم عـەزیز جاسمی گرت وه پێـی گـوت: هەرچـی لەلایـەن تـۆوە لـه سـەیید عـەزیز شـەمزینی بکـرێ، سوێندی بۆ خوارد، که دەیکوژێت. وه پاشان چوو بۆ لای مودیری مەدرەسه: ڕزقوڵڵا ئۆغستین، بەویش عەینی قسەی پێ گوت.

ئیجتیمـاعی موعەللیمــەکان، کـه لــەپاش تەهدیــدی ڕەفیــق حیلمــی کۆبوونـەوە، قەراریان دا پانزه ڕۆژ بەبێ ئەوەی لـه هیچ جێگایـەك نەشر بکرێ، وەیا تەبلیغی من بکرێ، پانزه ڕۆژ نەچمه مەدرەسـه، هـەتا جـەووی[٣٦] مەدرەسـه، کەمێك هێمن دەبێتەوە، چونکه هەموو طـەلەبەکان، که عەرەب بوون، دەیانویست طـەرد[٣٧] بکرێم، ئەو وەختە بە ئیعتیادی دەوامی مەدرەسه بکەم. وه من ئەو ساڵه هەرچـەنده موعەللیمەکـەمان: عـەزیز جاسـم هـەوڵی دا، هـەر ئەوەنـدەی پـێ کـرا کـەمترین نمـرەم بـداتێ وه ساڵێکی دیـش لـه مووصـڵ مامـەوە وه ئیمتیحـانی

---

[٣٦] جەو: کەشوهەوا، داروبار، هەلومەرج.

[٣٧] طـەرد: دەرکردن، وەدەرنان.

بەکالۆریم لە مووصڵ دا وە ناجیح بووم وە چووم بۆ بەغدا و ساڵی (١٩٣٢) هەتا (١٩٣٣) لە بەغداد داخڵی کولیيەی بەغدا بووم وە ساڵی (١٩٣٤ هەتا ساڵی ١٩٣٥-١٩٣٦) داخڵی کوللییەی عەسکەری بووم.

لە ساڵی (١٩٣٦-١٩٣٧) لە کوللییەی عەسکەری بە ڕوتبەی ملازم ثانی دەرچووم وە داخڵی دەورەی (خەییالە)[٣٨] بووم، کە ساڵێك موددەتی دەورەکە بوو. لە دەورەی خەییالە، لە کەتیبەی (خالید) تەعین کرام. لەپاشی کەتیبەی ئێمە نەقڵی مووصڵ کرا، وە موددەتێك پاشی نەقڵی مووصڵ، "ڕەفیق حیلمی" هاتە مووصڵ، داخڵی حیزبی (هیوا)ی کردم، کە خۆی ڕەئیسی حیزبەکە بوو.

لە ساڵی (١٩٣٨) من نەقڵ کرام بۆ مورافیقی "نورەددین مەحموود"، کە قاعیدی فیرقەی (دوو) بوو لە (کەرکووك). هەتا نوورەددین لە کەرکووك بوو، من لای ئەو (مورافیق)[٣٩] بووم. لەپاشی نوورەددین مەحموود لە ساڵی (١٩٣٩) بوو بە ڕەئیسی ئەرکانی جەیش، منیش گەڕامەوە بۆ کەتیبەی خەییالە لە بەغدا، وە بووم بە ئامر سریەی (ڕەشاش). لە پاش موددەتێك بە سەرۆکایەتیی "صەلاحەددین صەبباغ" و (٣) ڕەفیقی خۆی، ئینقلابێك بوو[٤٠]، "وەصی: عەبدولئیلاە" دەرکرا. بۆ گەڕانەوە[ی] وەصی، ئینگلیزەکان

---

[٣٨] خەییالە: سوارە.

[٣٩] مورافیق: یاوەر، پارێزەر، سکۆرد.

[٤٠] مەبەست لە کودەتا سەربازییە سەرنەکەوتوەکەی مانگی مایسی ساڵی (١٩٤١)ە، کە صەلاحەددین صەبباغ و (٣) ئەفسەری هاوڕێی بە پلەی (عەقید): یوونس سەبعاوی، فەهمی سەعید و کامیل شەبیب، بە ڕابەریی ڕەشید عالی گەیلانی، لەدژی دەسەڵاتی بریتانیا لە عیراق سازیان کرد و هێرشیان بۆ سەر بنەکەکانی سوپای بریتانیا دەست پێکرد، لەوکاتەدا زۆرینەی هێزی سەربازیی بریتانیا لە (حەبانیە) و (بەسرە) بوون.

کتێبخانەی ژین
www.zheen.org

شەڕیان لەگەڵ عیراق کرد. لەو وەختەدا من بووبووم بە ڕەئیسی سریەی ڕەشاش، وە کەتیبەی ئێمە واجبیان پێ درا لەگەڵ لەشکری عیراق بچین بۆ سەر (حەببانییە)، کە لەشکری ئینگلیزەکان لەوێ بوون و کەتیبەی ئێمە حەرەکەتی کرد بەرەو حەببانییە، لەو ڕێگایەدا بووین طەییارەکانی ئینگلتەرە هاتنە سەرمان وە لەپاش بۆردومانێکی زۆر، ئەغڵەب ئەسپەکانمان و ژمارەیەکی زۆر سەربازمان لێ کوژرا[٤١]. لەپاش ئەوەی زۆری ئەسپەکانمان لێ کوژرا، کەتیبەکەی ئێمە ئەمری پێ درا، کە وەکوو عەسکەری پیادە، جەنگ لەگەڵ ئینگلیزەکان ئیدامەی پێ بدەین، لەو وەختەدا لە قۆڵی ڕاستمەوە بریندار بووم.

شەڕەکەمان لەگەڵ ئینگلیزەکان مانگێک دەوامی کرد، تاوەکوو صەلاحەددین صەبباغ و ڕەفیقەکانی هەڵاتن بۆ ئێران و ئینگلیزەکان "وەصی"یان گێڕایەوە بۆ بەغدا. لەو وەختەدا تاڵان و فەرهوود و کوشت و کوشتاری یەهوودیەکان لە بەغداد دەستی پێکرد[٤٢]. ئەمر بە کەتیبەکەمان درا، بۆ ئەمن و ئیستقراری بەغداد بچینە ناو بەغداد و موحافەظەی بەغداد بکەین. لەو ئانەدا لە هەموو کوچە و شارعەکانی بەغداد و مەیخانەکان و دووکانەکان، تاڵان و کوشت و کوشتار دەکرا. سریەی ئێمە، کە سریەی

---

ئەوانیش زەبری کوشندەیان لە سوپای عیراق سرەواند. ئەم کودەتایە لەناو کورددا بە (هەرای ڕەشید عالی) ناسراو بە هاندانی ئەڵمانیا بوو.

[٤١] لە ئاکامی ئەم کودەتایەدا (٦٨٠) ئەفسەرو سەربازو هاووڵاتی کوژران و (٥٧١) کەسیش بێسەروشوێن بوون. سوپای عیراقیش تێکشانو هەرەسی گەورەی بەسەردا هێنران.

[٤٢] هەر بە سۆنگەی ئەم هەلومەرجەوە، زۆر دڕندانە، لە ڕۆژانی (١، ٢)ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا، هێرشی ڕەشەکوژی بۆ سەر گیانو سامانی هاووڵاتیان بەگشتیو جوولەکەکانی شاری بەغدا بەتایبەتی دەست پێکرا.

ڕەشاش بوو، ئەمرمان پێ کرا بچینە شارع (ڕەشید) و تەئمینی ئاسایش لە شارع ڕەشیددا بکەین. کە گەیشتینە شارع ڕەشید، دیتمان لە هەموو سەربانێك و دووکانەکان شەڕ و تالان دەکرا، بە زەحمەتێکی زۆر، ئاسایشمان لە شارع ڕەشید تەئمین کرد.

لە ساڵی (١٩٤٤) نوور[ی] السعید بوو بە ڕەئیس وزرای عیراق[٤٣] و لەپێش ئەو وەختە لە ساڵی ١٩٤١دا[٤٤]، حکوومەتی (شوورەوی) ئیحتیلالی کوردستانی ئێرانی کردبوو. لەو وەختەدا کە نوور[ی] السعید بوو بە ڕەئیس وزرا لە عیراقدا، شۆڕشی "مەلا مصطفا" دەستی پێ کردبوو. لەو حاڵەتەدا نوور[ی] السعید "ماجید مصطفا"[٤٥]ی هێنا و کردی بە وەزیری (بیلا

[٤٣] ئەم وەزارەتەی نووری سەعید لە (١٩٤٣/١٢/٢٥)دا، پێك هات، سێ (٣) وەزیری کوردی لەناو دابوو: ١. ئەحمەد موختار بابان (وەزیری داد). ٢. عومەر نەزمی (وەزیری ناوخۆ). ٣. ماجید مستەفا (وەزیری دەوڵەت)، تایبەت بە چارەی کێشەی کورد. بەڵام ئەم وەزارەتە هەر تەنیا ماوەی شەش مانگی دەوام کرد.

[٤٤] شەوی (٣)ی مانگی خەرمانانی ١٩٤١، هێزی شوورەوی لای باکووری ئێرانەوە لە (٣) قۆڵەوە هێرشی بۆ سەر خاکی ئێران برد و داگیری کرد و هێزەکانی بریتانیاش لای خۆرئاواو باشووری خۆرئاوای ئێرانەوە لە چەند قۆڵ و لەناکاودا خۆیان بەناو خاکی ئێراندا کرد و داگیریان کرد.

[٤٥] ماجید مستەفا: (١٨٩٦-١٩٧٤/٨/٢)- کوڕی مستەفا کوڕی مەحموود کوڕی مورادی لەلەی کوڕانی بابانەکان و لە شێخانی مەردۆخە. دەرچووی مەکتەبی حەربییەی ئەستەموڵە. ١٩١٤ بە نامزەدی نێردراوەتە (ئەیاستەفانووس). بەشداریی شەڕەکانی چەناق قەلعە و فەلەستین بووە و بریندار کراوە. لە نیوەی دووەمی ١٩١٩دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. ئەندامێکی چالاك و دامەزرێنی (کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان ١٩١٩-١٩٢٠) بووە. ئەفسەرێکی دیاری حکومەتی کوردستانو جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید بوو تا ١٩٢٧. ئابی ئەو ساڵە بوو بە مودیر ناحیەی (الموفقیة)ی لیوای کوت، پاشان مودیر ناحیەی (عەزیزییە)ی هەمان لیوا. ١٩٣٠/٥/٢٧ بوو بە قایمقامی قەزای (ئامێدی)ی لیوای مووسڵ. ١٩٣٤/٩/٢٧ کرایە وەکیلی

وەزارەت)، بۆ ئەوەی کە بۆ ئیدارەی کوردستان، بەتایبەتی بۆ شۆڕشی مەلا مصطەفا چارەیێك بدۆزێتەوە. بەواسیطەی ماجید مصطەفا[وە] ئەو ضابطانەی هێنایە ژێر فەرمانی ماجید، ضابط ئیرتیباطی تەعین کرد. ئەو ضابطانە عیبارەت بوون لە: بەهائەددین نووری[٤٦] لە ناوچەی سلێمانی و

---

موتەسەڕیفی کووت، نیسانی ١٩٣٥ هیی عەمارە تا ١٩٤١. حوزەیرانی ١٩٤١ بوو بە موفەتیشی ئیداری. حەوت جار وەزیری حکوومەتی پاشایەتیی عیراق بووە. لە هەردوو خولی ١٣ و ١٤ی پەرلەمانی عیراقدا، بە نائیبی سلێمانی هەڵبـژێردراوە. هاوبەشێکی پێکهێنانی کۆمپانیای پیشەسازیی (الهلال) بوو، کرایە بەڕێوەبەری. لە بەغدا کۆچی دوایی کرد (سدیق ساڵح، مەفرەزەی موحافیظی سواری- مایسی ١٩٢٣ لە بەڵگەنامەیەکدا، "هەزارمێرد" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ١٨، کانوونی یەکەمی ٢٠٠١).

[٤٦] بەهائەددین نووری کوڕی شێخ نوورەددین ئیسماعیل کوڕی حەسەن بەگی شێروانییە، ساڵی (١٨٩٧) لە شاری سلێمانی بەدنیا هاتووە، قوتابخانەی سەربازیی لە ئەستەمووڵ خوێندووە. کاتی داگیرکردنی عیراق لەلایەن بریتانیاوە، شەڕی لەدژیان کردووە و بەدیل گیراوە، دواتر چووەتە ناو سوپای عەرەبی لە حیجاز و سوریا.

ساڵی ١٩٢١ چووەتە ناو سوپای عیراق و هەنگاو بەهەنگاو پلەی سەربازیی هەڵکشاوە و لە وەزارەتی بەرگریدا بووەتە ئەفسەری ڕوکن و لە کۆلێژی ئەرکانی عیراق دەرچووە. ساڵی ١٩٣١ لەگەڵ سوپای عیراقدا بەشداریی سەرکوتی ڕاپەڕینەکانی سلێمانی و بارزان بووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی زانستی لە ویلایەتی (کینساس) وەرگرتووە. لە کۆلێژی ئەرکانی عیراق وانەبێژ بووە و ساڵی ١٩٣٧ بووەتە فەرماندەی کۆلێژی ئەرکانی عیراق. ساڵی ١٩٣٨ خانەنشین کراوە. بەڵام دووبارە بۆ سوپا گەڕێنراوەتەوە و پلەکەی بۆ (لیوا) بەرز کراوەتەوە. ساڵی ١٩٤٢ بووەتە فەرماندەی باشووری عیراق لە بەسرا. دیسانەوە ساڵی ١٩٤٤ لە سوپادا نەماوە و کراوەتە (موتەسەڕیف)ی سلێمانی.

دوای ساڵی ١٩٥١ بۆ باڵوێزخانەی تاران و دواتر ئوردن و ڕۆما گوێزراوەتەوە و ساڵی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە. نووسەر و وەرگێڕێکی توانا بووە و چەندین کتێبی نووسیوە و وەرگێڕاوە، لەوانە (گەشتە بەناوبانگەکەی "کلودیوس جیمس ریچ" بۆ کوردستان ١٨٢٠)ی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە عەرەبی و ساڵی ١٩٤٨ بەناوی : رحلة

ئەمین ڕواندزی[٤٧] لە ناوچەی ڕواندز و عیززەت عەزیز[٤٨] لە ناوچەی بارزان وە فوئاد عارف[٤٩] لە ناوچەی قەڵادزە و مەجید عەلی لە ئامێدی و مصطفا

---

ریج الی العراق، چاپ و بڵاوی کردووەتەوە (جمال بابان، أعلام کرد العراق، السلیمانیه، ٢٠٠٦، ص١٧٤).

[٤٧] ئەمین ڕواندزی: (١٨٩٨-١٩٥٥/١١/٦) کوڕی حەسەن ڕواندزییە. مەکتەبی حەربییەی ئەستەموولی تەواو کردووە و بووە بە ئەفسەر. ١٩٢٢ پێوەندیی بە سوپای عیراقەوە کردووە. هەمان ساڵ لە دووەم حکوومەتی کوردستان (١٩٢٢-١٩٢٣)دا بووە بە ئەفسەرێکی عەسکەری کوردستان. پاشان چووەتە ناو سوپای عیراق و بە پلەی سەرهەنگ (عەقید) خانەنشین کراوە. ئەندامی (یانەی سەرکەوتنی کوردان)و (کۆمەڵی پشتیوانی کوردان)و لە سەرکردەکانی حیزبی (هیوا)و ئەندامی (هەیئەی ئازادی)ی جووڵانەوی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) بووە. ١٩٤٨/٩/١١ تاقە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (هەتاو)ی لە هەولێر دەرکردووە (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، چ١، ب١٠، چاپخانەی گرین کالۆری- لوبنان، ٢٠٠٩، ل٤٣٩٠-٤٣٩١).

[٤٨] عیززەت کوڕی حاجی عەبدولعەزیز کوڕی عەبدوللەتیف کوڕی مەحموود کەتانییە. ساڵی (١٩١٢) لە شاری (ئامێدی) بەدنیا هاتووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی، ساڵی ١٩٣٥ چووەتە کۆلێژی سەربازیی- بەشی تۆپخانە و لە سەربازگەکانی مووسڵ و بەغدا بە پلەی (ڕائید) ئەفسەر بووە.

ساڵی ١٩٣٩ چووەتە ناو حیزبی (هیوا). ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٥ پێوەندیی بە شۆڕشی بارزانەوە کردووەو پاشان چووەتە کوردستانی ئەودیو. پاش ڕووخانی حکوومەتەکەی مەهاباد، هاتوەتەوە دیوی عیراق و گیراوەو لە ١٩٤٧/٦/١٩دا لەسێدارە دراوە (سەرچاوە: مامۆستا کەریم شارەزا).

[٤٩] فوئاد عارف: ساڵی ١٩١٣، لە شاری عەمارەی باشووری عیراق لەدایک بووە، لە تەمەنی (٧) مانگیدا پاش کۆچی دوایی باوکی، لەگەڵ دایکیدا چووەتە ماڵی "ماجید مستەفا"ی خاڵی و هەر لای ئەو گەورە بووە. دواتر چووەتە سلێمانی و ساڵی (١٩٢٨) لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە و بووەتە هاوڕێی مەلیك غازی. دواتریش بووە بە یاوەری تایبەتی مەلیك غازی. ساڵی (١٩٤١) بە پلەی (عەقید) بووە بە فەرمانەدەی فەوج لە

بنکەی ژین www.zheen.org

سەربازگەی (مەنسوور). پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە ئەفسەرانی ئازادیخوازی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزەوە هەبووە. دواتر بووەتە (موتەسەریف- پارێزگار)ی (کەربەلا) و پلەکەی بۆ (لیوا) بەرز کراوەتەوە. ماوەیەکیش پۆستی وەزارەتی ئەوقافی عیراقی پێ سپێردراوە. پاشان چەندین پۆستی بالای وەك جێگری سەرۆك کۆماری عیراق و سەرۆکی ئەرکانی سوپای عیراقی لەئەستۆ گرتووە. شەوی ٥-٦/٦/٢٠١٠، لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی (سەیوان)ی شاری سلێمانی بەخاك سپێردراوە (جمال بابان، أعلام کرد العراق، ص٥٩٣).

[50] مستەفا خۆشناو: ساڵی ١٩١٢ لە (بێتواتە)ی ناوچەی خۆشناوەتی بەدنیا هاتووە و بەر لەوەی چاوی ژیانی هەڵبێنێ، باوکی کۆچی دوایی کردووە. کەوتوەتە لای عەبدولکەریم ئاغای کوڕی واحید ئاغای حەوێزی، کە لەگەڵ "بەکر"ی کوڕیدا بەخێوی کردووە. پایزی ١٩٢٠ لەوێ خراوەتە بەر خوێندن. پایزی ١٩٢٨ بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ بەغدا نێردراوە، لە خانەی مامۆستایان وەرگیراوە، ئیتر ناسناوی (خۆشناو)ی بۆ خۆی داناوە. ساڵی ١٩٣٠ دەرچووە و بووەتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی و دوایی چووەتە کۆلێژی سەربازی و بووە بە ئەفسەر و پلەی مولازمی دووەمی پێ دراوە.

١٩٣٩ چووەتە ناو حیزبی (هیوا)و بووە بە یەکێك لە ئەندامە چالاك و بەرچاوەکانی. ساڵی ١٩٤٢ بە ڕاسپاردەی حیزبی هیوا، لەگەڵ "میرحاج ئەحمەد"دا چووەتە خۆرهەڵاتی کوردستان بۆ پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردانی خۆرهەڵاتداو بەشداری دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ. ك) بوون.

ئەندامێکی دیاری (هەیئەی ئازادی) بووە کە نەخشێکی بەرچاوی لە شۆڕشی بارزاندا هەبووە. پاش شکستی ئەو جووڵانەوەیە لەگەڵ بارزانیەکاندا چووەتە کوردستانی ئەودیو، بەشداری هێزی حکوومەتی میللیی کوردستان بووە لە مەهاباد. پاش ڕووخانی ئەو حکوومەتە، گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و ١٩/٦/١٩٤٧ لەدار دراوەو تەرمەکەی لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردراوە (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب١٠، ل٤٣٧٤).

[51] میرحاج ئەحمەد: ساڵی ١٩١١ لە شاری ئاکرێ لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە ئاکرێ و ناوەندیی لە مووسڵ و بەغدا تەواو کردووە و ساڵی ١٩٣١دا لە خانەی

[سەیید عەزیز] لە ناوچەی مێرگەسوور، بۆ ئەوە کە بەڵکوو بە هۆی ماجید مصطەفا و ضابط ئیرتیباطەکان کە بچنە کوردستان و هەرچی کەموکورتی لە کوردستان هەبێ، نەیهێڵن و "مەلا مصطەفا" هەرچی داخوازی هەبێ، بۆی جێبەجێ بکەن، چونکە ڕووس لەو ئانەدا مەنطیقەی ڕەضائیە (ئورومیە) و سنە و بۆکان و میاندوئاب و مەهاباد و تەبرێزی داگیر کردبوو و حکوومەتی نوور[ی] السعید لەوە دەترسا، کە مومکینە ڕووسەکان بە ئاسانی ئەتوانن ئیتیصال لەگەڵ مەلا مصطەفا بکەن و بەهۆی ئەو، دەست بۆ عیراق درێژ بکەن. لەبەر ئەوە نوور[ی] السعید، ماجید مصطەفا و ضابط ئیرتیباطەکانی هێنا بوو، هەتا پێی دەکرێ، شۆڕشی مەلا مصطەفا بکوژێنێتەوە.

لەپاش ئەوە نوور[ی] السعید، ئێمە[ی] لەگەڵ ماجید مصطەفا لە مەجلیس وزەراء کۆی کردینەوە و خۆی خوطبەیەکی زۆر دوورودرێژی دا، کە مەضموونی خوطبەکەی ئەوە بوو، گوتی: مومکینە ڕووسەکان بە ئاسانی بتوانن ئیتیصال لەگەڵ مەلا مصطەفا بکەن و تەحریکی بکەن کە دژی عیراق تەحریکی بکەن و ئێمە دەمانەوێ ئێوە مەلا مصطەفا ڕاضی بکەن و هەرچی

---

مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٣٤دا خوێندنی تەواو کردووە. لە ١٩٣٤/١٠/١ەوە تا ١٩٣٥/٩/١٥ لە کۆلیجی عەسکەری لە بەغدا وەرگیراوە و دوای ساڵێك و مانگێك دەرچووە و پلەی مولازمی دووەمی پێدراوە، ساڵی ١٩٣٩ کراوە بە مولازمی یەکەم.

لە سەرکردەکانی حیزبی (هیوا)و بەشداری شۆڕشی بارزان و حکوومەتی میللیی کوردستان بووە لە مەهاباد. لەگەڵ مستەفا بارزانیدا چووەتە یەکێتیی سۆڤێت و دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و خراوەتەوە ناو سوپا. پاش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گیراو خانەنشین کرا. ڕۆژی ١٩٨٨/١١/٩دا لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و ڕۆژی ١٩٨٨/١١/١٢ تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ شاری ئاکرێی زێدی باب و باپیرانی، بەخاك سپێردرا (ڕۆژنامەی خەبات، هەولێر، ژ ٢٣١٩، ڕۆژی پێنجشەممە: ٢٠٠٦/١١/٩)

مەلا مصطەفا دەیەوێ، بۆی جێبەجێ دەکەین. ئێمە لە ئێوە، کە ضابطی ئیرتیباط لەژێر فەرمانی ماجید مصطەفا دەعوەتمان کردوون، حەول بدەن بە هەرچی جۆرێك بێ، تفەنگ و چەکەکانی، کە لای ئەوانە، لێ وەرگرن، هەرچی مەلا مصطەفا دەیەوێ بۆی جێبەجێ دەکەین، چونکە ڕووسەکان ئیستیفادە لە شۆڕشی مەلا مصطەفا دەکەن و دژی عیراق یارمەتیی دەدەن. ئێوە هەرچی هەبێ، تەقریرەکەتان دەدەنە ماجید مصطەفا، ئەویش بە مەجلیس وزەرای دەداو جێبەجێ دەکرێ.

ڕۆژێك بۆمان دیاری کرا، کە لەگەڵ ماجید مصطەفا بچین بۆ کوردستان. ڕەفیق حیلمی، کە سەرۆکی حیزبی (هیوا) بوو و ئێمەش جگە لە فوئاد عارف، هەموو ضابطەکانی دیکەی ئیرتیباط، ئەندامی حیزبی (هیوا) بووین. لە ناو ئەو ضابطانە منی بانگ کرد، بە منی گوت: ئیعتیمادم [ئیعتیماد] لەسەر تۆ دەکەم و سەد دیناری دا بە من، گوتی ئەو سەد دینارە بە مەلا مصطەفا بدە و پێی بڵێ: ئەوە لە حیزبی (هیوا)وە نێردراوە و پێی بڵێ بڕوا بە ماجید مصطەفا نەکات، ئەوە لە طەرەف نوور[ی] السعیدەوە نێردراوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی.

ئێمە لە مەوعیدا لەگەڵ ماجید مصطەفا بە قیطار[٥٢] چووین بۆ کەرکووك، لە نادی[٥٣] ضوبباط، بوو بە موجادەلە[٥٤] و دەمەقاڵە لەگەڵ ماجید مصطەفا. ئەو شەوە ئەگەر "ئەمین ڕەواندوزی" نەبوایە، دەبوو بە شەڕی ئەو دوانە[٥٥].

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٥٢] قیطار: شەمەندەفەر.
[٥٣] نادی: یانە. (نادی ضوبباط): یانەی ئەفسەران.
[٥٤] موجادەلە: مشتومڕ.
[٥٥] واتە: شەڕی ڕەفیق حیلمی و ماجید مستەفا.

ڕۆژی پاشتر ئێمە لەگەڵ ماجید مصطەفا و ئەمین ڕەواندوزی و عیززەت عەزیز چووین بۆ (مێرگەسوور)[٥٦]، کە مەلا مصطەفا لەو نزیکانەوە بوو. ئێمە جوابمان بۆ مەلا مصطەفا نارد، کە ئێمە دەمانەوێ بیبینین و مەلا مصطەفا دێیەك[٥٧] کە نزیك مێرگەسوور بوو، تەعینی کرد کە ئێمە بچینە ئەوێ.

ئێمە ڕۆیشتین بۆ ئەوێ، مەلا مصطەفا لەوێ بوو. ماجید مصطەفا بە مەلا مصطەفای گوت:

ئێمە واجبمان ئەوە[یە]، کە هەرچی مەلا مصطەفا بە باشی دەزانێ بۆ کورد، ئەوەمان پێ بڵێ و ئێمە ئەو شەوە میوانی لای مەلا مصطەفا ماینەوە، کە بۆ سوبەینێ مەطالیبی مەلا مصطەفا چییە، پێمان بڵێ.

ئەو شەوە، کە ماجید مصطەفا چوو بۆ نوستن، ئێمە تەنها ماینەوە لەگەڵ مەلا مصطەفا. ئێمە غایەکەمان باسمان [باس] کرد و من ئەو سەد دینارەی کە ڕەفیق حیلمی پێی دابووم، تەسلیم بە مەلا مصطەفا کرد و ئەو قسانەی ڕەفیق حیلمی پێی گوتبووم، ئەو قسانەم پێ گوت.

مەلا مصطەفا داواکانی خۆی بۆ حکوومەت، عیبارت بوو لەوە کە مەلا مصطەفا داوای کوشتنی محەمەد ئاغای زێباری[٥٨] بوو وە گۆڕینی چەند پۆلیسێك و موفەووەضێك بوو.

---

[٥٦] ئەم وەفدە ڕۆژی (١٩٤٤/١/٧) گەیشتووەتە مێرگەسوور (مەسعوود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨، ل١٠١).

[٥٧] ئەو گوندە (سپیێندار) بوو (هەمان سەرچاوە، ل١٠١).

[٥٨] من هەر لە سەرەتای دیتنی ئەم ناوەوە گومانم لەوە هەبوو کە دەبێ (محەمەد ئاغای زێباری) نەبێ و (ئەحمەد ئاغای زێباری) بێ، چونکە لە سەرچاوەکانی ئەم باسەدا، ناوەکە لای مەسعوود بارزانی و عەمید ڕوکن حەسەن مستەفا هەر بە (ئەحمەد) هاتبوو. بۆیە پاش

ئێمە بە "مەلا مصطفا"مان گوت ئەو مەطالیبانە زۆر گچکەن وە بێئەهەمییەتن، دەبێ داوای مەلا مصطفا لە حکوومەت، شتی سیاسی و بەکەڵك بێ بۆ کوردستان.

پاش موناقەشەی زۆر، مەلا مصطفا گوتی: کەوابێ ئێوە، شتێ کە بە پێویستی دەزانن، بۆ من بنووسن، بە منی بدەن، دەیدەم بە ماجید مصطفا.

ئێمە ئەو شەوە، تا بەرەبەیانی دانیشتین، ئەو شتانەی کە پێویست بوو، بە ناوی مەلا مصطفا تەسلیمی ماجید مصطفا بکرێ، بۆمان نووسی. مولەخخەص ئەوە بوو، کە عیبارەت بوو داوای حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی)، کە بە ئینتیخابی تر لە کوردستان بکرێ و داوای ئەرزاق و جل و شتێ کە پێویست بوو بۆ بارزانییەکان، کە زۆر فەقیر و هیچیان نەبوو، ئەو مەطالیبانە[مان] دا بە مەلا مصطفا، کە بە خەطی خۆی بنووسێتەوە و بیدا بە ماجید مصطفا[٥٩].

---

سۆراغی تەواو لە سەرچاوەی بڕواپێکراو، دەرکەوت کە ناوەکە (ئەحمەد ئاغای زێباری)یە و مەسعوود بارزانی لەبارەی ئەم ئەحمەد زێبارییەوە ئاوای نووسیوە:

بارزانی هەوڵی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دا، کەلحی ڕێکانی و ئەحمەد زێباری بدات بە دادگای (گەل) بە تاوانی ئەو پیاوکوشتنانەی لەسەریان ساغ بۆتەوە. ئەویش بەڵێنی دا، بەڵام دوایی پشت گوێی خست.

دیسان هەر مەسعوود بارزانی لە جێیەکی دیکەدا سەبارەت بە ئەحمەد ئاغای زێباری دەڵێ: بە ڕێکەوت چوار بارزانی لە نزیك قوتابخانەی (ناوەندی شەرقی) لە مووسڵ، ڕۆژی ١٩٥٩/١١/٤ تووشی ئەحمەد ئاغای زێباری هاتن، دایانە بەر گوللە و کوشتیان. تۆڵەی کەسوکاری خۆیان و ئەو سێ کەسەیان لێ کردەوە، کە ئەم ملهوڕە بێ تاوان کوشتبوونی (بڕوانە: مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١–١٩٥٨، ل٩٢). هەروەها: العمید الرکن المتقاعد حسن مصطفى، البارزانیون و حرکات بارزان ١٩٣٢–١٩٤٧، الطبعة الثانیة، ١٩٨٣، ص١٣٤–١٣٥).

٥٩ ئەمە دەقی داخوازیەکانی ئەو کاتەی شۆڕشی کورد بووە:

www.zheen.org

**ماجید مصطەفا، کە ئەو تەقریرەی مەلا مصطەفای خوێندەوە، گوتی:**

---

١. ڕاگواستن و دەرکردنی ئەو کارمەندانەی بە بەرتیلخۆری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتیان.

٢. پێکهێنانی ویلایەتی کوردستان لە لیواکانی کەرکووک، سلێمانی، هەولێر و قەزاکانی لیوای مووسڵ کە بریتین لە زاخۆ، ئامێدی، دهۆك، شێخان، شەنگاڵ، لەگەڵ هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە لیوای دیالە.

٣. لەم لیوایەدا زمانی کوردی دەبێتە زمانی ڕەسمی.

٤. موعاوین وەزیرێکی کورد بۆ هەموو وەزارەتەکان دابنرێ.

٥. پێکهێنانی وەزارەتێك کە وەزیرەکەی کورد بێ و کاروباری ئەم ویلایەتەی کوردستانی پێ بسپێردرێ.

٦. ئەوانەی زیانیان پێگەیشتووە، قەرەبوو بکرێنەوە.

٧. کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و چاککردنی ڕێگاوبان و ئاوەدانکاریی ناوچە.

٨. لە ویلایەتی کوردستاندا، کاروباری سەربازی و دارایی و دەرەوە، تایبەت دەبێ بە حکوومەتی ناوەندی.

٩. گێڕانەوەی دوورخراوەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان و بەردانی زیندانیەکان.

بەڵام ئەم داخوازیانەی کورد لەلایەن زۆربەی سەرانی دەوڵەتی عیراقەوە جێی پەسند و جێبەجێکردن نەبوون و نووری سەعیدیان بەوە تاوانبار کرد کە بەرامبەر بە شۆڕشی کورد سەری دانەواندووە و بۆ ئەمەش کەوتنە پیلانگێڕان و حکوومەتی نووری سەعیدیان لادا و کابینەیەکی تری وەزارەتیان لە (١٩٤٤/٦/٣)دا بە سەرۆکایەتیی حەمدی پاچەچی پێك هێنا، ئەمجارە ماجید مستەفای تێدا نەبوو، تەنیا دوو کوردی تێدا ئەندام بوون: ئەحمەد موختار بابان (وەزیری داد)، تۆفیق وەهبی (وەزیری ئابووری). حکوومەتەکەش پشتی کردە هەموو بڕیار و بەڵێنەکانی پێشووی حکوومەتەکەی نووری سەعید و دوژمنایەتیی ئاشکرای بەرامبەر بە کورد دەرخست (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٣١-١٩٥٨، ل١٠١-١٠٦).

www.zheen.org

من باش دەزانم کە فکری مەلا مصطەفا ئەوە نەبوو، ئەوە تەفکیری ئەو نییە، فیکری ئێوەیە، کە ئەندامی حیزبی (هیوا)ن، بەڵام منیش کوردم، تەئیدی ئەو قسانەی ئێوە دەکەم. ئەم تەقریرە بە نوور[ی] السعید دەدەم و ئێمەش پاش ئەو گفتوگۆیە (...)[٦٠] مەلا مصطەفا و ماجید مصطەفا بڵاو بووینەوە. ئەمن لە مێرگەسوور مامەوە، ئەمین ڕواندوزی لە ڕواندوز و عیززەت چوو بۆ عەمادییە و ماجید مصطەفا گەڕایەوە بۆ بەغداد[٦١] و ئەوانی تر چوون بۆ ئەو جێگایانە[ی کە] بۆیان تەعیین کرابوون[٦٢].

من لەپاش چەند ڕۆژێك، دیراسەتی ئەو ناوەم کرد. تەقریرێکم نووسی، کە بارزانیەکان زۆر بێچارەن، بۆ خواردن هیچیان نییە و ئەو پۆلیس و مودیر ناحیەی کە لەوێن، زۆر ظولمیان کردووە و بەپێی عەدالەت نەجووڵاونەتەوە وە تەقریرەکەم بۆ ماجید مصطەفا ناردم [نارد].

حکوومەت لەپاش موددەتێك، دوو هەزار طەن گەنم و جۆیان نارد، کە لە بەینی میللەت تەقسیمیان بکەین. من ئەو گەنم و جۆیەم تەقسیم کرد و ئەو شتانەی کە لە شاری ڕواندوز پێویستیان بوو، بە سەیارەیێ کە بۆم تەخصیص کرابوو، دەمهێنانە شاری ڕەواندوز، هەرچی شتیان پێ لازم بوو، دەیانکڕی و دەمبردنەوە.

لەپاش موددەتێك "ئیسماعیل نامیق"، کە ڕەئیسی ئەرکانی جەیش بوو، هات بۆ مێرگەسوور، لە منی پرسی کە ئایا لەو ناوە هیچ سیلاحێکتان

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٦٠] ئەم وشەیەم بۆ نەخوێندرایەوە.

[٦١] ماجید مستەفا ڕۆژی (١٩٤٣/١/٨) بۆ بەغداد گەڕاوەتەوە (مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل١٠٢ ).

[٦٢] بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی وردەکاریەکانی هاتنی ئەم وەفدەوە، بنواڕە: (مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل١٠٠-١٠٦).

وەرگرتــووە؟ گــوتم تائێــستا هیــچیان وەرنــەگرتووە، چــونکە خــەڵقی ئــەو مـەنطـیقــەیـە بـە حـەذەر تەماشـایان دەکـەن، ئەگـەر پـێش ئـەوەی ئـەو گـەنم و جۆیە، لە بەینی ئەوان تەقسیم نـەکرێ و ئـەوان لـە ڕەفتـاری ئێمـە موطمـەئین نەبن، ئەو وەختە باسی سیلاحەکەیان لەگەڵ دەکەین.

لەپاش گەڕانەوەی ئیسماعیل نامیق، مەئموورییەتی ئێمەیان (ضابط ئیرتیباط) لەغو[٦٣] کرد، بە بۆنەی ئەوە کە هیچمان نـەکردووە وە (بیلعـەکس) ئێمەیان بە تەحریض و هاندانی ئەو خەڵقەیان ئیتتیهام کرد، کە بۆ ئـەوەی کـە مـەلا مـصطـەفـا ثـــەورە (شـۆڕش) بکـات، ئـەو خەڵقـەمان هـان داوە و تەحریکمان کردووە[٦٤] و ئەمریان پـێ کردین کـە هەریـەك لـە ئێمـە بگەڕێتـەوە بۆ وەحدەکەی خۆی[٦٥].

لـەپاش ئـەوە، لـە سـاڵی ١٩٤٥[دا] شۆڕشـی مـەلا مـصطـەفـا دووبـارە هەڵگیرسـایەوە[٦٦] وە ئێمـەمانان خەبـەرمان پـێ گـەیی کـە مەحکەمـەی عـورفی

---

[٦٣] لەغو: هەڵوەشاندنەوە.

[٦٤] بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، بنوارە: (العمید الرکن المتقاعد حسن مصطفی النقیب: البارزانیون و حرکات بارزان ١٩٣٢-١٩٤٧، الطبعة الثانیة، ١٩٨٣، ص٦١.)

[٦٥] ئەو فەرمانە، لە (١٧ی مایسی١٩٤٤)دا، لە وەزارەتی بەرگریی عیراقەوە دەرچووە (سەرچاوەی پێشوو، ص٦١).

بەپێی ئەم فەرمانە، وەك لە نامەیەکی سەیید عەزیزدا، کە لە (١٩٤٤/٤/٢)دا، بۆ عیززەت عەبدولعەزیزی ناردووەو لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە، ئاوا هاتووە: دەبێ عیززەت عەبدولعەزیز بچێتەوە سەربازگەکەی خۆی و سەیید عەزیزیش بچێتە دەورەیەکی سوپایی (مەسعوود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦).

[٦٦] وەك پێشتر گوتمان: بەر لەم مێژووە، وەزارەتەکەی نووری سەعید هەڵوەشایەوە و وەزارەتێکی تازە، لە ١٩٤٤/٦/٣دا، بە سەرۆکایەتیی حەمدی پاچەچی پێك هات، کە ئیدی ماجید مستەفا لە وەزارەتەکەدا نەماو وەزارەتەکەش نەك هەر لەو بەڵێنانە پاشگەز بووەوە

دروست کراوه و ئێمه له مەحکەمە[٦٧]، ئێمه موحاکەمە دەکرێین، مومکینە ئیعدامman بکەن.

لەپاش ئەو خەبەرە، ئێمەش هەریەك بە بۆنەیەك، بۆ چەند ڕۆژێك ئیجازەمان وەرگرت. من چوومەوە بۆ (زینۆی شێخ)[٦٨] و خەبەرم دا بە باوکم، کە ئەو وەختە لە (دزە)ی مەرگەوەڕ بوو، کە من هەڵاتووم، ئایا دەتوانم بێمەوە ئێران، کە لەوێوە [ئەو] چەکدار و پیاوانەی کە حاضرن بچنە یارمەتیی مەلا مصطفا، یان نا؟ کە ئەو وەختە (دزە)ی مەرگەوەڕ لەژێر ئیحتیلالی شوورەویدا بوو.

باوکم بە جەنەڕاڵ "ئاتاکیشیۆف نماز عەلییۆف"ی [وتبوو]، کە نمایندەی شوورەوی بوو لە (مەهاباد). ئەو لەپێش جوابدانەوە[٦٩]، من چووم بۆ مەهاباد. "نماز عەلییۆف" شەو ناردی بە شوێنما، وە بە قسەی نماز عەلییۆف، "قازی محەمەد" کە ئەو وەختە سەرۆکی مەهاباد بوو، گوتبووی: ((سەیید عەزیز شەمزینی نابێ بمێنێ لە مەهاباد و قبووڵی بکەن)).

من هەر ئەو شەوە لە مەهاباد دەرچووم، لەسەر حدوودی عیراق و ئێران جوابم بۆ باوکم نارد، کە "عەلییۆف" کە نمایندەی شوورەوی بوو لە مەهاباد، منی قبووڵ نەکرد لە ئێران بمێنمەوە وە لەسەر حدوودی عیراق و ئێران ماومەتەوە، لەشکرێکم بۆ بنێرن، کە بچم بۆ یارمەتی مەلا مصطفا.

---

کە وەزارەتی پێشوو بەڵێنی جێبەجێکردنیانی بە کورد دابوو، بەڵکوو کەوتە بەرنامەدارشتن بۆ دژایەتیی کورد.

[٦٧] لە دوای واژەی (مەحکەمە)، واژەی (ئێمە) دووبارە کرابووەوە و بە زیادەمان زانی.

[٦٨] گوندی زنیۆی شێخ دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای حاجی هۆمەرانەوە.

[٦٩] ئەو لەپێش جوابدانەوە: مەبەستی ئەوە بووە بڵێ: بەر لەوەی وەڵامی "ئاتاکیشیۆف" وەربگرمەوە.

www.zheen.org

باوکیشم، خالم: سەیید موصلیحی لەگەڵ پەنجا- شێست کەس نارد. من لەگەڵ ئەو پەنجا شێستە چووم بۆلای مەلا مصطەفا، کە گەیشتمەوە گوندی (کانیە ڕەش) جوابم بۆ مەلا مصطەفا نارد، کە من هاتووم لە گوندی (کانیە ڕەش) چاوەڕێی دەکەم، پێم بڵێ بۆ کامە جەبهە بچم؟! مەلا مصطەفا جوابی بۆ ناردم، کە خۆی لەگەڵ لەشکری خۆی ئەوا دەکشێنەوە بۆ ئێران، من لە کانی ڕەش بمێنمەوە بۆ مەحافەظەی موئەخەرەی لەشەکری مەلا مصطەفا بکەم، هەرچی دوژمنی شۆڕشی مەلا مصطەفا بێ، لەو ناوە حەبسیان بکەم، تا لەشکرەکەی مەلا مصطەفا ئینسیحاب دەکەن[٧٠].

منیش ئەو جەماعەتەی کە دوژمنی شۆڕش بوون، حەپسم کردن. ئەو وەختە ڕۆژنامەی بەغدا نووسییان، کە سەیید عەزیز لە ئێرانەوە پێنجسەد کەسی بۆ یارمەتیی مەلا مصطەفا هێناویە [هێناوە] و لە گوندی (کانیە ڕەش)ە. لەبەر ئەوە ڕۆژی طەییارەیان دەنار بۆمبارانی کانیە ڕەش و

---

[٧٠] بە سۆنگەی بە ئەنجام نەگەیشتنی دانوساندنی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی بارزان و حکومەتی عیراق، سەرلەنوێ شەڕو پێکدادان لەنێوان سوپای عیراق و شۆڕشگێرانی کورددا دەستی پێکردەوە و یەکەمین تێکهەڵچوون لە (١٩٤٥/٨/٢٥)دا ڕووی دا و سوپای عیراق زۆرینەی هێزەکانی خۆی بۆ ئەم هێرش و پەلامارە ئامادە کردبوو. هاوکات هێزی ئاسمانیی بریتانیاش پشتیوانی و هاوکاریی هێزی زەمینیی عیراقی دەکرد. هێزەکانی شۆڕش دوای چەندین نەبەرد و جوامێری، بڕیاری کشانەوەیان بۆ کوردستانی خۆرهەڵات دا و کۆتاییی مانگی ئەیلوول شۆڕشگێڕان و خێزانەکانیان لە (کانی ڕەش) کۆبوونەوەو بە ڕێگەی (کێلەشین)دا بەڕێ کەوتن و لە (١٩٤٥/١٠/١١)دا گەیشتنە ناو خاکی کوردستانی ئێران. مەلا مستەفا بۆ نیشتەجێکردنی خێزانەکانیان، خۆی بۆ دیتنی لێپرسراوی هێزەکانی شوورەوی چوو. خێزانی بەرزانییەکان لە مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ، شنۆ، نەغەدە، مهاباد دامەزرێنران. (ڕۆژنامەی کوردستان، ئامادەکردنی سدیق ساڵحو ڕەفیق ساڵح، بنکەی ژینو دەزگای ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧- ژمارە ١٤، ١٣٢٤/١١/٢٤ی هەتاوی)

مەخفەری کانیەکە کە ئێمە لەوێ بووین، بە طەییارەی عیراق تەخریب کرا. لەو وەختەدا ڕەئیس خەیروڵڵا عەبدولکەریم[٧١] هاتە لام، خەبەری داینێ کە لەشکری مەلا مصطەفا ئەوا دەکشێتەوە، وە کاغەزێکی لە مەلا مصطەفا بۆ باوکم هێناوە، کە لەشکری مەلا مصطەفا و خۆی، ئەوا دەکشێتەوە بۆ ئێران، کە باوکم ئیجازە لە سوڵطاتی شوورەی وەرگرێت، کە ئیجازەی ئەوان وەرگرێت، وە لە کووی [کوێ] بۆیان تەعین دەکەن، بچن بۆ ئەوێ.

بەڵام پێش ئەوەی کە جوابی جەنەراڵ "ئاتاکیشیۆف"، کە نمایندەی شوورەوی بوو، وەرگرێت، مەلا مصطەفا خۆی لەگەڵ لەشکرەکەی گەیشتنە دەورووپشتی (دزە)ی مەرگەوەڕ. کە لەشکری مەلا مصطەفا گەیشتن، باوکم خۆی هات بە پیریانەوە، وە باوکم خۆی پەزیراییی[٧٢] لێ کردن و هەموو جۆرێک کە ئیمکانی هەبوو، لە (مەرگەوەڕ) جێبەجێیان کردن وە دایمەزراندن[٧٣]. لەپاش ئەوە جوابی "ئاتاکیشیۆف" بۆ باوکمی ناردبوو، کە

---

[٧١] خەیروڵڵا کوڕی عەبدولکەریم، کوڕی عەبدوڵڵا ئاغا، ساڵی ١٩١٢ لە گەڕەکی تۆپخانەی قەڵای هەولێر بەدنیا هاتووە. خوێندنی لە حوجرەوە دەستی پێ کردووە. پاشتر خراوەتە قوتابخانە، سەرەتاییی لە هەولێرو خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە. ماوەی پێنج ساڵێك مامۆستایەتیی کردووە. پاشان چووەتە قوتابخانەی سەربازیو بە پلەی مولازمی دووەمی ئیداری بڕیویە. بووە بە ئەندامی حیزبی (هیوا)و بەشداریی لە جووڵانەوەی بارزاندا کردووەو چووەتە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان هاتووەتەوە بۆ عیراقو گیراوە، ١٩٤٧/٦/١٩ لەسێدارە دراوەو تەرمەکەی لە هەولێر بەخاك سپێردراوە (ئینسکلۆپیدیای هەلێر، ب١٠، ل٤٣٧٢-٤٣٧٣).

[٧٢] پەزیرایی: پێشوازی و خزمەتکردن.

[٧٣] مەسعوود بارزانی، لە زمانی مستەفا بارزانییەوە، بە پێزانین و ڕێزەوە باسی ئەم هاوکارییەی حاجی سەیید عەبدوڵڵا دەکات. بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بنواڕە: مەسعوود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

www.zheen.org

مەلا مصطەفا خۆی و لەشکرەکەی بچن بۆ ئەطرافی مەهاباد. من و ضابطەکانی کە ئیلتحاقیان بە شۆڕشی مەلا مصطەفا کردبوو، من و عیززەت عەبدولعزیز و میرحاج و خەیروڵلا و مصطەفا خۆشناو و محەمەد قودسی[٧٤] لەگەڵ مەلا مصطەفا چووین بۆ مەهاباد.

لەپاش چەند ڕۆژێك "قاضی محەمەد" کە سەرۆکی مەهاباد بوو، بەهۆی نمایندەی شوورەوی، "نماز عەلییۆف" پێی گوتین کە ئێوە نابێت لە مەهاباد بمێنن، چونکە "قاضی محەمەد" ڕازی نییە ئێوە لە مەهاباد بن و تەنها من، لەبەر ئەوەی باوکم نفووزێکی زۆری لە مەهاباد بوو، بەهۆی جەنەراڵ "ئاتاکیشیۆف"ەوە، بە باوکمیان گوت کە منیش لە مەهاباد نەمێنم و بگەڕێمەوە (دزەی مەرگەوەڕ)، وە لەپاشان بیستمان "قاضی محەمەد" گوتوویەتی ئەو ضابطانە لە عیراقەوە هاتوون، مومکینە جاسووسی عیراق و ئینگلیزەکان بن،

---

[٧٤] محەمەد قودسی: (١٩٢١- ١٩٤٧/٦/١٩) کوڕی مەحموود ئەفەندی ڕەسام کوڕی محەمەد حەنیفەیە، لە قودس لەدایك بووە. سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی و قوتابخانەی عەسکەریی ١٩٤١ لە بەغدا تەواو کردووە. بووە بە نائیب زابتی ئیعاشە لە هەولێر. ١٩٤٢ بوو بە مولازمی دووەم و ئەفسەری تەجنیدی ڕواندز. ١٩٣٨ ماوەیەك لە ڕیزی (کۆمەڵی برایەتی)دا بووە و لێی کشاوەتەوە. پاشتر بووەتە ئەندامێکی حیزبی (هیوا). لەبەر چالاکیی سیاسی، لە ڕەواندز دوور خراوەتەوە. ١٩٤٥/٦/٤ لەگەڵ جەلالی ئەمین بەگدا چووەتە پاڵ جووڵانەوەی بارزان و بووەتە ئەندامێکی هەیئەی ئازادی. تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، دوای شکانی جووڵانەوەکە، ڕووی کردووەتە کوردستانی ئێران. بووەتە ئەفسەر لە سوپای جمهووریی کوردستان‌دا لە مەهاباد. یەکێکی ٩ ئەندامی کۆمیتەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عیراق بووە، کە پێش ١٩٤٦/١/١٦ لە مەهاباد پێك هێنراوە. دوای ڕووخانی کۆمار، تەسلیم بە حکوومەتی عیراق بووەوە و لە (١٩٤٧/٦/١٩)دا لە بەغدا ئیعدام کراو لە گردی سەیوان نێژرا (ڕۆژنامەی کوردستان، ئامادەکردنی سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح -ژمارە ٢٣ی ١٣٢٤/١٢/١٥هەتاوی.

نـابێ لـه مـەهاباد بمێـنن و مـن کاغـەزم دا بـه میرحـاج و حـەمزە عەبـدوڵڵا [٧٥] و مصطەفا خۆشناو و محەمەد قودسی بچن بۆ (شنۆ) بچنه خانوەکەی ئێمە، کە باوکم خانوویەکی لە (شنۆ) هەبوو، بچنە ئەوێ لەوێ بمێننەوە.

لەپاش ئەوە هەر ئەو ساڵە، جەمهوورییەتی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد دروست کرا [٧٦]. قازی محەمەد بۆ ڕۆژی ئیعلانی جەمهوورییەت،

---

[٧٥] هـەمزە کـوڕی عەبدوڵڵا عومـەر کوردۆیـە لـه خێڵـی (شـەرەفان)ی هـۆزی (ئەرتووشـی). ساڵی ١٩١٥ لە گوندی (ڕاژان)ی ناوچەی مەرگەوەڕی دیوی کوردستانی خۆرهـەڵات لـەدایك بووه. خوێندنی سـەرەتاییی لـه زاخـۆ و سـاڵێك خوێـندنی ناوەنـدیی لـه بەغدا خوێـندووە و بەشی زانستیی ئامادەییی ساڵی ١٩٣١ لە مووسڵ بڕیوە. ١٩٣٢ چووەتە کۆلیـژی مـاف لـه بەغدا. ١٩٣٦ تەواوی کردووە و بووە بە پـارێزەر و گەڕاوەتـەوە بـۆ (زاخـۆ). ١٩٣٨ گیراوە. سـاڵانی ١٩٣٩–١٩٤٠ ناچـار بـووە خـۆی لـه گونـدەکانی (کەوەڵـه) و (گۆکتەپـە)ی نزیکـی کـەرکووك بـشارێتەوە. ١٩٤٣ بـه داوای شـیوعیەکانی کـورد چـووە بـۆ مـەهاباد و هیـچی بـۆ نـەکراوە. حـوزەیرانی ١٩٤٤یـش دیـسان بـه داوای ئـەوان چـووەتەوە بـۆ مـەهاباد. لـەوێ پـڕۆژەی دامەزرانـدنی (پـارتی دیمـوکراتی کـورد– عـیراق)ی گەڵاڵـه کـردووە. ١٩٤٦ بـه نوێنەرایەتیی مستەفا بارزانی گەڕاوەتـەوە بۆ عیراق، ئـەو حیزبـەی دامەزراندووەو بووە بە سـکرتێری. ١٩٥١، کـه دووەم کـۆنگرەی پـارتی لـه بەغـدا بەسـتراوە، هـەر بـه ئەنـدامێکی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێردراوەتـەوە، تـا ساڵی ١٩٥٢ لـه مووسـڵ ماوەتـەوە. پـاش ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کە مستەفا بارزانی بۆ عیراق هاتەوە، هەمزەی بردە لای خۆی و کردییەوە بە سـکرتێری پـارتی. هـاوینی ١٩٥٩ لـه پـارتی دەرکـرا. لەوکاتـەوە تـا کۆچـی دوایـی، لـه بەرەبـەیانی ١٣ی کـانونی یەکـەمی ١٩٩٨دا، وازی لـه سیاسـەت هێنـاوەو لـه مـاڵی خـۆی دانیشتووە (سدیق ساڵح، سەرپێتێکی ژیاننامەی هەمزە عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە ١٧٨٨، ٢٦/١/١٩٩٩، ل١٠).

[٧٦] کۆماری کوردستان لە ڕۆژی (٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی– ٢٢/١/١٩٤٦)، لە مەیدانی (چوارچرا)ی شاری (مەهاباد)، لە ئاهەنگێکی یەکجار گەورەی جەماوەریدا ڕاگەیەندرا.

www.zheen.org

هەموو گەورەکان و ڕەئیس عەشیرەتەکانی دەعوەت کرد بوو بۆ مەهاباد. منیش لەگەڵ باوکم چووین بۆ مەهاباد[٧٧].



ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ١٩٤٦/١/٢٢
(شوێنی چۆڵی حاجی سەیید عەبدوڵڵا لە وێنەکەدا دیارە)

لەبەر ئەوەی قازی محەمەد دەترسا لە نفووزی باوکم، کە لە مەهاباد و ناو عەشیرەتەکان، بۆ ئەوەی نفووزی باوکم لەناو خەڵقی مەهاباد و عەشیرەتەکان بشکێنێ، لە ڕۆژی ئیعلانی جەمهوورییەت، پاش ئەوەی کە قازی محەمەد قسەی کرد. "زێرۆ"ی هەرکی، بە قسەی قازی محەمەد و "نماز عەلییۆف" قسەی کرد، هێرش و ئیتتیهامی زۆری بە باوکم گوت[٧٨] وە منیش لەپاش "زێرۆ"ی هەرکی، جوابی "زێرۆ"م بە توندی دایەوە و بۆ ئەو خەڵقەی کە لەوێ بوون، ئیثباتم کرد کە عائیلەی ئێمە، لە زەمانی باپیرە گەورەمان: شێخ عوبەیدوڵڵا و باپیرم: شێخ عەبدولقادر و مامم: سەیید محەمەد، هەر

---

[٧٧] واتە: لە (دزە)ی مەرگەوەڕەوە بۆ مەهاباد چوون.

[٧٨] وتارەکەی زێرۆ بەگی هەرکی لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە.

لـــەپێناوی کوردســـــتانەوە قوربـــانیی زۆر زۆریـــان داوە، وە لـــە هـــەموو موناسـەبەتێك خزمـەت و فیـداکارییان کـردووە و ئێـستا بـە قـسەی ڕێگـر و قولـدورێکی[79] وەکـوو "زێـڕۆ"، تـەئریخی عائیلـەی ئێمـە و ڕابووردوومـان لەکەدار ناکرێ[80].

لـەپاش دامەزرانـدنی جەمهوورییـەتی مـەهاباد بـە موددەتێـك، (٥٠) قوتـابی وە لـە جەمهوورییـەتی ئازەربایجـان (٢٥٠) ناردنیـانین بۆ خوێنـدن لـە باکۆ (مەرکەزی جەمهوورییەت) لە شوورەوی.

لەبەر ئەوەی قازی محەمەد دەیویست منیش وەکوو ڕەهینێك[81] لەگەڵ ئەو قوتابیانە بنێرێت بۆ ئەوەی باوکم هیچ شتێك دژی قازی محەمـەد نـەکات، چونکە خەڵقی مەهاباد و عەشیرەتەکان بە کوللی دەیانویـست بـاوکم لـە جێـی قـازی محەمـەد ببێتـە ڕەئـیس جەمهوورییـەتی مـەهاباد، منـیش لەگـەڵ ئـەو قوتابیانەی مەهاباد چووم بۆ (باکۆ).

ئێمە لە (تەورێز)ەوە سواری ئوتوبووسێك بووین و بـەڕێی (جوڵفـە)دا، گەیشتینە (باکۆ)[82].

***

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[79] قولدور: مەردومی تواناو ملقەویی بەهێز.

[80] وتارەکەی سەیید عەزیز لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە.

[81] ڕەهین: بارمتە، گرۆ.

[82] ئیدی لێرەوە بیرەوەریی سەیید عەزیز دوایی دێت.

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست**

بەر لەوەی دەست بکەین بە تەواوکردنی مێژووی دوای چوونی سەیید عەزیز، لەگەڵ ئەو (٥٠) پەنجا قوتابییەی کە کۆماری کوردستان بۆ خوێندن بۆ (باکۆ)ی ناردبوون، سەرنجمان دا سەیید عەزیز لە دوایین لاپەڕەکانی ئەم بیرەوەرییانەیدا، نەك هەر تەنیا جارێك، بەڵکوو چەند جارێك و زۆر بە زەقی و بێ پەردەش، ئاماژەی بە نێوان ناخۆشیی بنەماڵەی خۆیان و پێشەوای کۆماری کوردستان "قازی محەمەد" کردووە، وەك ئەم چەند نموونەیە:

١. لە باسی سەرنەگرتنی وتووێژی ئاشتیی نێوان حکوومەتی عیراق و سەرکردایەتیی شۆڕشی بارزان و دەستپێکردنەوەی شەڕ و بەیەکداهەڵپڕژانی سوپای عیراق و شۆڕشگێڕانی کورد، لە (١٩٤٥/٨/٢٥)دا، کە بە سۆنگەیەوە شۆڕشگێڕانی کورد، ناچار بوون بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان بکێشنەوە و لەم سەروبەندەشدا، کە "سەیید عەزیز" دەیەوێ لەگەڵ هێزی شۆڕشگێڕانی کورددا خۆی بگەیەنێتە (مەهاباد)و هەواڵ بۆ باوکی خۆی "حاجی سەیید عەبدوڵڵا" دەنێرێ، تا مۆڵەتی چوونە ناو ئێران، لە نوێنەری شووروەوی لە مەهاباد (ئاتاکیشیوف نماز عەلییۆف)ی بۆ وەر بگرێ، بەڵام بەهۆی خێراییی ڕووداوەکانەوە، سەیید عەزیز چاوەڕێی وەڵامی باوکی ناکات و خۆی دەگەیەنێتە مەهەباد و هەر ئەو ڕۆژەی سەیید عەزیز دەگاتە مەهاباد، بۆ شەوێ "نماز عەلییۆف" بەشوێن سەیید عەزیزدا دەنێرێ و لە زمانی (قازی محەمەدەوە – کە ئەو کاتە سەرۆکی شوورای شاری مەهاباد بووە)، بە سەیید عەزیز دەڵێ: قازی محەمەد قبووڵ ناکات سەیید عەزیز لە مەهاباد بمێنێتەوە.

٢. کاتێکیش مستەفا بارزانی و هێزەکەی، بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان دەکشێنەوە و لە سەرەتادا دەچنە ناوچەی (دزە)ی مەرگەوەڕ و حاجی سەیید

www.zhean.org

**عەبدوڵڵای باوکی سەیید عەزیز، بە پیریانەوە دەچیٚ و دایاندەمەزریٚنیٚ، (نماز عەلییۆف) لەمە ئاگادار دەبیٚ و هەواڵ بۆ حاجی سەیید عەبدوڵڵا دەنیٚریٚ، کە دەبیٚ مەلا مستەفا و لەشکرەکەی بچن بۆ ئەترافی مەهاباد و سەیید عەزیز و ئەفسەرانی تری هاوڕیٚشی: عیززەت عەبدولعەزیز، میرحاج، خەیروڵلا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، لەگەڵ مەلا مستەفادا بۆ مەهاباد دەچن... لەدوای چەند ڕۆژیٚك دیسان "نماز عەلییۆف" بە نویٚنەرایەتیی قازی محەمەد ئاگاداریان دەکات، کە نابیٚ ئەو ئەفسەرانە لە مەهاباددا بمیٚنن[٨٣] و سەیید عەزیزیش دەبیٚ لەو ناوە نەمیٚنیٚ و بۆ (دزە)ی (مەرگەوەڕ)ی مەڵبەندی نیشتەجیٚبوونی باوکی بگەڕیٚتەوە.**

**٣. لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئالاٚی کوردستان (١٩٤٦/١/٢٢) و ئاپۆرەی دەیان هەزار کەسی بەشداری ئەو ئاهەنگە نەتەوەییە و وتاری سەران و مەزنانی کۆماردا[٨٤]، "زیٚڕۆ بەگی**

---

**[٨٣] لەم کاتەدایە کە سەیید عەزیز، کلیلی ماڵەکەی خۆیان کە لە (شنۆ) هەیانە، دەداتە ئەم ئەفسەرانەی هاوڕیٚی، تابچنە ئەویٚ و شویٚنی حەوانەوەیان هەبیٚ.**

**[٨٤] لەم کۆبوونەوەیەدا، جگە لە (زیڕۆ هەرکی)، کەسانی دیکەی وەك: حاجی بابە شیٚخی سیادەت (سەرۆك وەزیران)، محەمەد حوسیٚن خان (وەزیری هیٚزی دیموکرات)، محەمەدئەمین موعینی (وەزیری ناوخۆ)، محەمەدی قادری مامەش، مەلا حوسیٚنی مەجدی، شیٚخ حەسەنی شەمسی بورهان، عومەر خانی شکاك، ئیبراهیم ئەدهەم ئاغای مەنگوڕ، محەمەد فەیزوڵلا بەگی و.....تاد وتاریان خویٚندەوە.**

**بەلاٚم چەند کەسیٚك لە قسەکەرانی ئەم کۆبوونەوەیە و بەتایبەتیش محەمەد حوسین خان، محەمەدی قادری مامەش، محەمەدئەمین موعینی، زیڕۆ بەگ، لەبەردەمی دەیان هەزار کەسی بەشداری خۆپیشاندانەکەدا، بە توندی هیٚرشیان کردە سەر چەند کەسیٚکی ناسراوی کورد، بە بیانووی ئەوەی هاریکارییان لەگەڵ حیزبی دیموکرات و حکوومەتە تازەکەیدا نەکردبوو.**

www.zheen.org

هەرکی"، لە وتاری خۆیدا بۆ پیرۆزبایی لە کۆمار، هێرشێکی چاوەنواڕنەکراو و توندی کردە سەر ماڵباتی نەهری بەگشتی و حاجی سەیید عەبدوڵڵای باوکی سەیید عەزیز بەتایبەتی، کە گوایە ئەوانە دوژمنی کوردن و... لەکاتێکدا حاجی سەیید عەبدوڵڵا، بە خۆشیی ئەم بۆنە مەزنە نەتەوەیی‌یەوە، لە (دزە)ی مەرگەوەڕەوە هاتووە و لەگەڵ "قازی محەمەد"دا بەشداریی ئاهەنگی دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان و ماوەیەکیش لەوەوپێش، بەشداریی یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە و ئێستاش ئامادەی ئەم ئاهەنگەو لەژێر ئەو سەکۆ بەرچاوەی جەماوەردا، لەتەك مستەفا بارزانی و مەلا حوسێنی مەجدی‌دا بە پێوە ڕاوەستابوو، کە ئاڵاکەی لەسەر هەڵدەکرا و پێشەوا قازی محەمەد، بۆ ڕێزلێنان لە ئاڵاکە و لە جەماوەریش، بە پێوە لەسەر سەکۆکە ڕاوەستاوە و وتار دەخوێنێتەوە و وێنەیەکی یادگاریش لەم دیمەنە مێژوویی‌یە گیراوە. لەم وێنە یادگارییەدا، جگە لەوەی کە سەیید عەزیزیش لای ڕاستی مستەفا بارزانی‌یەوە وەستاوە و پیاوێکی ئایینی لەنێوانیاندایە، جێیەکی چۆڵ لەنێوان مستەفا بارزانی و مەلا حوسێنی مەجدی‌دا دەبینین، ئەم جێیە چۆڵە، لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا، بۆ حاجی سەیید عەبدوڵڵا تەرخان کراوە، بەڵام کە زێڕۆ بەگی هەرکی، لە وتارەکەیدا هێرشی بردووەتە سەر هەڵوێستی حاجی سەیید عەبدوڵڵا، ئیتر حاجی سەیید عەبدوڵڵا، کە دەبینێ بە بەرچاو و گوێی ئەو جەماوەرە زۆرەوە سووکایەتیی پێ‌دەکرێ، تووڕە بووە و ئەو جێیەی بەجێ‌هێشتووە و سەیید عەزیزیش لە نۆرەی وتارەکەی خۆیدا، کە بەناوی بنەماڵەی نەهری‌یەوە پیرۆزبایی لە پێکهێنانی کۆمار کردووە، خۆی پێ نەگیراوە و وەڵامێکی توندی وتارە هێرشئاساو ناڕەواکەی زێڕۆ بەگی هەرکیی داوەتەوە.

که قسەکانی زێڕۆ بەگی هەرکی و هێرشەکەی بۆ سەر حاجی سەیید عەبدوڵڵاو وەڵامەکەی سەیید عەزیز، لەو کات و ساتەدا، لەوانە بووە کۆبوونەوەکە بشێوێنن، بەڵام پێشەوا قازی محەمەد (بە ڕواڵەت)، لەسەر حاجی سەیید عەبدوڵڵای شەمزینیی کرووەتەوە و گرژیی ناو کۆبوونەوە و خۆپیشاندانە جەماوەریەکەی خاو کردووەتەوە، کەچی ئەوەی سەیرە، لەپاش ماوەیەك، لەکاتێکدا دووجار وتارەکەی (زێڕۆ بەگ)، لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان- ئۆرگانی کۆماری کوردستاندا: ژمارە (١٥)ی ڕۆژی (١٣٢٤/١١/٢٧ هەتاوی- ١٩٤٦/٢/١٦)و ژمارە (٢١)ی ڕۆژی (١٣٢٤/١٢/١١ی هەتاوی- ١٩٤٦/٣/٢) بڵاو کراوەتەوە، کە جاری یەکەم (ژ١٥)، تەنیا بەشی یەکەمی، بێ‌ئەوەی باسی سەیید عەبدوڵڵای تێدا نووسرابێ و جاری دووەم، دەقی تەواوی وتارەکەی بڵاو کردووەتەوە[٨٥]، بەڵام وەڵامەکەی سەیید عەزیز و داکۆکیکردنەکەی لە خەباتی درێژخایان و خوێناوی بنەماڵەکەیان بڵاو نەکردووەتەوە [٨٦]! دیارە ئەمەش بە ئەنقەست و بە هەڵوێستی دوژمنانە و شاردراوە و بۆ کەمکردنەوە لە پلەوپایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حاجی سەیید عەبدوڵڵای باوکی سەیید عەزیز هەژمار دەکرێ، کە وەك سەیید عەزیزیش لەم بیرەوەرییانەدا دەڵێ: حاجی سەیید عەبدوڵڵای شەمزینی، یەکێك بوو لەوانەی دەیانتوانی ململانێی دەسەڵات و نفووزی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەددا بکات.

* * *

ئێمە لە بەسەرکردنەوەی ئەم (٣) سێ ڕووداوەی پێوەندییان بە بابەتی ئەم لەنگەرگرتن و ڕوونکردنەوەیەی ئێمەوە هەیە و وەك سێ هێمای تاریك

---

[٨٥] دەقی وتارەکەی زێڕۆ بەگی هەرکی، لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە.

[٨٦] دەقی وتارەکەی سەیید عەزیز، لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە.

بـەم بیرەوەرییانــەوە دیــارن و لەبــەر ئەمانــەتی مێــژووییش نــەدەکرا لــەم بیرەوەرییانەیان بشارینەوە، بۆیە بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و داکۆکیکردن لە پێشەوا قازی محەمەد، هەوڵدەدەین دوو گریمانە، لەسەر ڕووداوی یەکەم و دووەم دابنێین:

١- ڕەنگە ئەوەی لەو هەردوو جارەدا کە "نماز عەلییۆف"، لە زمانی قازی محەمەدەوە، بە سەیید عەزیز و حاجی سەیید عەبدوڵڵای ڕاگەیاندووە، دەستـتهەڵبەسـتی "نمـاز عـەلییۆف" خـۆی بـن و بـۆ نانـەوەی نـاکۆکی و دڵکرمـێبوونی کـوردانی هـەردوو بەشـی باشـوور و خۆرهـەڵات لەیـەکتری، ئەمجۆرە بەرنامەیەی بۆ لەیەکترترازاندنیان داڕشتبێ، کە ئەم گریمانەیە بە بیروبـاوەڕی "نمـاز عـەلییۆف" دەخـوات، بـەوەی ئـەو وابەسـتەی بیروبـاوەڕی کۆمۆنیستانەیە و ئەو بیروباوەڕەش ئەوەندەی داکۆکی لە خەباتی چینایەتی دەکات، ئەوەندە دوژمنایەتیی خەباتی نەتەوایەتی دەکات.

٢- بــەو هۆیەشــەوە کــە جگــە لــەم قــسانەی ســەیید عــەزیز، لــەم بیرەوەرییانەیدا، سەبارەت بەم پێڕاگەیاندنەی "نماز عەلییۆف" کردوونی و بەڵگەی دیکەی نووسراومان لەلایەن "نماز عەلییۆف"ەوە لەبەر دەستدا نییە، تـا ئـەم قسانەی سـەیید عـەزیز بـسەلمێنن، ئـەوا لـەم بـارەدا دەکـرێ بڵـێین: قسەکانی سـەیید عـەزیز بەرامبـەر بـە "نمـاز عـەلییۆف"و پێـشەوا "قـازی محەمەد"یش، دەستهەڵبەستی سەیید عەزیز خۆی بن!

بەڵام هەر دوای ئەم دوو گریمانەیە، کاتێ دەگەینە بەردەمی سێیەمین ڕووداوی ئەم بابەتە و ئاهەنگەکانی ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و هـەڵکردنی ئـاڵای کوردسـتان (١٩٤٦/١/٢٢) و وتـاری (زێـڕۆ بـەگی هـەرکی)، لــەدژی بنەماڵــەی حــاجی ســەیید عەبــدوڵڵا و بەڵگــەی دووبــارە چــاپ و بڵاوکردنـەوەی وتارەکـەی زێـڕۆ بـەگی هـەرکی، لـە ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)ی

ئـۆرگـانی کۆمـاری کوردسـتاندا و خوێنـەبانکردنی ڕۆژنامـەی کوردسـتان، لـە وەڵامەکەی سەیید عەزیز بۆ زێڕۆ بەگ، بەڵگەی زینـدووی ئەوەن، ئیتر تەقەللای گریمانـە دانـان و داکـۆکی و بـەرگریمان لـە پێـشەوا قـازی محەمـەد، بـەرەو کاڵبوونەوە دەچێ و دەسەڵاتیشمان بەسەر سڕینەوەی وتاری چاپکراوی (زێڕۆ بـەگی هـەرکی)ی نـاو ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)دا ناشـکێ، بۆیـە ناچـار دەبـین قسەکانی سەیید عەزیز بە ڕاست بسەلمێنین و بۆ تیشك خستنە سەر ئەو قسانە و ئاگاداربوونی خوێنـەرانیش لـە ڕەگـە دوورەکـانی ئـەم سـێ ڕووداوە، ئـاوڕێکی مێژوویی بۆ سەردەمی پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بدەینـەوە و چەند لاپەڕەیەکی پێوەندیی ئەم دوو بنەماڵەیە دەخوێنینەوە:

١) وەك لـە پێـشەکیی ئـەم کتێبـە و لـە باسـی شۆڕشـی (١٨٨٠)دا، کـە شێخ عوبەیدوڵلای باپیری حاجی سەیید عەبدوڵلا ڕابەرایـەتیی کـرد، زانیمـان شێخ عوبەیدوڵلا، لە یەکەم هەنگاوی گرتن و ئازادکردنی ناوچە و شـارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستاندا، ڕۆژی (١٨٨٠/٩/٢٩) بەبێ هیچ تەقە و بەرگرییـەك، هێزەکـانی کـورد، بـە سـەرکردایەتیی شـێخ عەبـدولقادری کـوڕی شـێخ عوبەیـدوڵلا- کـە دەبێتـە بـاوکی حـاجی سـەیید عەبـدوڵلا-، شـاری سـابڵاخ (مەهابادی ئێستا)یان ئازاد کرد و (خان باباخان)یان بە فەرمانڕەوای شـارەکە دانا... کە هۆی ئەم خێرا ئازادکردنەی سابڵاخیش بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کـە زۆرینـەی دانیـشتووانی سـابڵاخ خۆیـان بـە موریـد و مەنـسووب و لایـەنگر و پێـڕەوی تەریقـەتی نەقشبەندی دەزانـی، کـە لـەو کاتـەدا شـێخ عوبەیـدوڵلا ڕابەرایـەتیی هـەموو هـەرێمی موکریـانی ئـەم تەریقەتـەی دەکـرد. بۆیـە لەگـەڵ دەرکەوتنی بەراییی هێزەکانی کورددا، بەرەو سابڵاخ، دانیشتووانی سابڵاخ، بـە دەهـۆڵ و سـووڕنا و پێـشوازییەکی گەرمـەوە، شـارەکەیان بەدەسـتیانەوە داوە...بـەڵام مـانگ و نیوێـك دوای ئـەم ئازادکردنـە، هێزەکـانی کـورد (لـەم

قۆڵەدا) ناچار بە پاشەکشێ و سەرکوتکردن دەکرێن و هێزەکانی دەوڵەتیش، بەدەم ڕاوەدوونانی هێزەکانی کوردەوە، دەکەونە تالآن و سووتاندنی گوند و مەزرا و ئاواییەکانی موکریان. کە دەگەنە سابلآخیش، بە هەمان شێوە، بازاڕ و قەیسەری و دووکانەکانی شارەکە تالآن دەکەن و دەسووتێنن و دانیشتووانەکەیشی بەر کوشتن و گرتن و ئازار و سزایەکی یەکجار دڕاندنە دەکەون، کە زەبر و ماوەی ئەم هێرش و دەستدرێژیی و شالآوەی دەوڵەت، بۆ سەر ناوچەکە، ئەوەندە سامناك و درێژخایان دەبێ، بە سۆنگەیەوە تا ماوەی چوار پێنج مانگێك، بازاڕ و دووکان لە سابلآخ نەکراونەتەوە و نوێژی جومعە و جەماعەتیش لە مزگەوتەکانیدا نەکراوە.

٢) سمکۆی شکاك، کە خوشکی سەیید تاهای[٨٧] ئامۆزای حاجی سەیید عەبدوڵڵای خواستووە، لە هەمان کاتیشدا ژنبرای حاجی سەیید عەبدوڵڵایە، لە گەرمەی بزووتنەوەی چەکداری و لوتکەی دەسەڵاتیدا، پرکێشیی کردووە و ڕۆژی (١٩٢٠/٣/٢٤) ناردوویە بە شوێن کەسایەتی و شاعیری ناودار و نیشتیمانپەروەری موکریان: میرزا حەسەن، ناسراو بە "سەیفولقوزات- ١٨٧٦-١٩٤٥"ی کوڕی میرزا قاسمدا، کە دەکاتە مامی پێشەوا قازی محەمەد و باوکی محەمەد حوسێن خانی وەزیری بەرگریی کۆماری کوردستان و بە گیراوی بردوویانە بۆ قەڵای (چەهریق)ی بارەگای سمکۆ و ماوەی (١٠) دە ڕۆژ، دەستبەسەر و زیندانی کردووە و بڕی (٥) پێنج هەزار تمەنیشی جەریمە کردووە و دوای ئەوەی ئەسپ و شتی دیکەیشیان لێ سەندووە، ئەوسا ئازادیان کردووە[٨٨].

www.zheen.org

---

[٨٧] سەیید تەها کوڕی شێخ محەمەدسدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵایە.

[٨٨] سەرچاوە: رحمت الله خان معتمد الوزاره: اورمیه در محاربەی عالم سوز- از مقدمه نصارا تا بلوای اسماعیل اقا (١٢٩٨-١٣٠٠ شمسی)، بە کوشش کاوه بیات، مجموعه

٣) سمکۆی شکاك لە شەوی ١٩٢١/١٠/٧/٦دا، هێرشێکی غافلگیرانە و لەناکاوی بۆ سەر سەربازگە و شاری مەهاباد کرد، کە لە ماوەی شەڕێکی نزیکەی دوو ڕۆژدا، زۆر خێرا سەرلەبەری سەربازگەکەیان شپرزە و تەفروتوونا کرد و ئەوانەی لە سەربازگەکەدا بوون، کوژران و بەدیل گیران و دوایش جگە لە "مەلیکزادە"ی فەرماندەیان و چەند ئەفسەرێکی دی، دیلەکانیان گوللەباران کردن و چەك و تەقەمەنی و جبەخانەی سەربازگەکەشیان چنگ کەوت. لەم شەڕە دەستوبردەدا، زیاتر لە (٤٠٠) چوارسەد چەکداری دەوڵەتی ئێران کوژران. هەر لەم هێرشەدا چەکدارانی شکاك، بە بیانووی ڕاوەدوونانی سەرباز و چەکدارانی دەوڵەتەوە، ڕژانە کۆڵان و شەقام و دوکان و بازاڕ و قەیسەری و تەنانەت ماڵانی شاری مەهابادەوە و بێپەروا دەستیان لە هیچ نەپاراستووە، کە هەرچەندە سمکۆ خۆی زۆر پێشگریی لە تالان و بڕۆی

---

تاریخ معاصر ایران، نشر پژوهش شیرازه، چاپ اول، تابستان ١٣٧٩ شمسی (٢٠٠٠م)، ص٣٢٤. هەروەها ژیان و شیعرەکانی سەیفولقوزاتی قازی، ئامادەکردنی ئەنوەری سوڵتانی و حەسەنی قازی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٧٩-٢٨٠.

سەیر لەوەدایە، دوای ئەوەش کە سمکۆ ئەم کارەی لەگەڵ سەیفولقوزاتدا کردووە، بەڵام سەیفولقوزات دەستبەرداری سمکۆ نەبووە و وەك ڕەمزێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی، بۆ سمکۆی ڕوانیوە و دواتریش کە ڕۆژنامەی (کورد)ی زمانی حاڵی بزووتنەوەکەی سمکۆ، لە (١٩٢٢/٦/٨)دا دەرچووە، سەیفولقوزات ئەم شیعرەی لە پەسنی سمکۆ، لە ڕۆژنامەی (کورد)دا بڵاو کردووەتەوە:

سمکۆی خودا، کە داوە بەمە، صاحێب و ڕەئیس
شوکری خودا بکەین بە زار و زبان و ددان و لێو
مەقصوودی وی ئەمە، کە هەقی مە بداتە مە
تەکلیفی مەش وەهایە: فیدای بین بە نێر و مێو *

* سەرچاوە: ژیان و شیعرەکانی سەیفولقوزاتی قازی، ل٢٥٨؛ هەروەها: محەمەد ڕەسووڵ هاوار، سمکۆ و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چاپخانەی ئاپێك، سوید، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥، ل٣٠١.

بنکەی ژین
www.zheen.org

شارەکە کردووە و هەر خۆیشی هەندێ چەکداری تاڵانکاری شکاکی کوشتووە، بەڵام بەری تاڵانی و دەستدرێژیی پێ نەگیراوە.

ئەم تاڵان و دەستدرێژییەی چەکدارانی سمکۆی شکاك، بۆ سەر شاری مەهاباد، ئەوەندە کارەساتی ناخۆش و دڵتەزێنی لێ کەوتووەتەوە، هێشتا شوێنەواری لە بیرەوەریی نووسەرانی وەك "هێمن" و "هەژار" و نەوەکانی دواتریشدا لە مەهاباد-لە پێشینەکانی خۆیانەوە- ماوەتەوەو بە خەم و ناسۆرێکی تاڵەوە دەیگێڕنەوە.

لەو کارەساتە خەماوییانەی لەو دوو ڕۆژەی هێرشی سمکۆدا بۆ سەر شاری مەهاباد ڕوویان داوە، کوشتنی کەسایەتیی ناودار و بەناوبانگی وەك "قازی لەتیف" بووە، کە ناوبراو برای "میرزا فەتاحی قازی"ی کەسایەتی و نیشتیمانپەروەری ناسراوی بنەماڵەی قازییەکانی شاری مەهابادە و ئەویش هەر چەند ساڵێك پێشتر لە هێرشی سوپای ڕووسدا بۆ سەر شاری مەهاباد، لەگەڵ هەزاران کەسی دیکەی مەهاباددا کوژراوە و بە کوشتنی "قازی لەتیف"یش- کە تازە لە زیندانی سیبریای ڕووسیا گەڕابووەوە- کۆستی شاری مەهاباد تازە بووەتەوە و زامە هێشتا سارێژنەبووەکانی دانیشتووانی مەهاباد سەرلەنوێ کولاونەتەوە.

(١٢) دوازدە ڕۆژێك دوای ئەم هێرشەی سمکۆ بۆ سەر مەهاباد، مستەفا پاشای (یامولکی) سەری لە شاری مەهاباد داوە و دیدەنیی "سمکۆ"ی کردووە و دیمانەیەکی دووروودرێژیشی لەگەڵدا ساز داوە، مستەفا پاشا دەگێڕێتەوە: (١٢) ڕۆژیش دوای ئەم هێرشەی سمکۆ، هێشتا دانیشتووانی شاری مەهاباد، پەرتەوازەن و دووکان و بازاڕە سووتاوەکانی شارەکە نەکراونەتەوە[89].

---

[89] محەمەد ڕەسووڵ هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٣٥٤.

هەر مستەفا پاشا لەم سەردانەدا، دیدەنیی گەلێك لە سەران و کەسایەتیی عەشایەری ناوچەی مەهابادی کردووە و هەموویان بە بێزاریی و گلەییی‌یەوە، دەردەدڵیان لەدژی دەستدرێژییەکەی سمکۆ بۆ مستەفا پاشا کردووە[٩٠].

بەساڵاچووان و خوێنەرانی مەهاباد، ئەم تاڵان و بڕۆیەی چەکدارانی سمکۆ، بە دنەدان و هاندانی "سەیید تەها"ی ژنبرا و ئامۆزای حاجی سەیید عەبدوڵڵای باوکی سەیید عەزیز دەزانن، سەیید تەها لەم هێرشەدا هەمەکارەی سمکۆ بووە[٩١] و وەك خۆم پێشتر لە خوالێخۆشبوو "مووەفەقی"ی خاوەنی کتێبخانەی (موەفەتی)ی شاری مەهابادم بیستووە، لەبارەی ئەم کارە ناکوردانەیەی "سمکۆ"وە، ئاوای بۆم گێڕاوەتەوە: بناوانی تاڵانکردنی شاری مەهاباد لە خاڵێکی زۆر نهێنیدا شاردراوەتەوە، هەتا ئێستاش کەس نایزانێ و بریتییە لەوەی کە سمکۆ زاوای سەیید تەهای شەمزینی و ژنبرای حاجی سەیید عەبدوڵڵا بووە و سەیید تاهاش چونکە لە دڵ و دەروونندا بنەماڵەی خۆیانی، لەچاو بنەماڵەی سمکۆدا، پێ بەناوبانگتر بووە، بۆیە سەیید تەها، هەوڵی دەدا بۆ کەمکردنەوەی ناوبانگ و شانوشکۆی سمکۆ، بە هەر نرخێك بووە، ناوبانگی سمکۆ بزڕێنێ و بشێوێنێ و چەکدارانی شکاکی هان داوە تاڵان و بڕۆی مەهاباد بکەن[٩٢]!

ئەگەرچی قسەی ئەم خوێندەوار و بەساڵاچوانەی مەهاباد، تا ئەندازەیەك ڕاستە و وەك "کریس کۆچرا"ش دەڵێ: کاتی هێرشی شکاك بۆ

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٩٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦١.

[٩١] هاوکات حاجی سەیید عەبدوڵڵاش هەمەکارە بووە.

[٩٢] محەمەد ڕەسووڵ هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٤٣٧. (خۆم ئەم هەواڵەم بۆ "هاوار" ناردووە)

سەر مەهاباد، سەیید تەها ڕۆژێك زووتر پێش سمكۆ گەیشتووەتە مەهاباد[٩٣]، بەڵام سۆنگەی یەكەم و سەرەكیی ئەم كوشتار و تالآن و بڕۆیەی شاری مەهاباد، لە ئەستۆی خودی سمكۆدایە.

* * *

ئەم ڕووداوە ئاشكرایانە بە تایبەتی و ڕەنگە زۆر ڕووداوی دیكەی شاراوەش هەبن، بەگشتیان وایان لە سەرانی بنەماڵەی قازییەكانی مەهاباد كردبێ– لەدوای سالآنی سیی سەدەی ڕابوردووەوە، دەسەڵاتی تەواویان بەسەر قەڵەمڕەوی مەهاباددا هەبێ و دواتریش لە پێكهێنانی حیزبی دیموكرات و كۆماری كوردستاندا لە لوتكەی دەسەڵات و بڕیاردانددا بن– ڕێ نەدەن جارێكی دی هەژموونی نفووز و دەسەڵاتی بنەماڵەی (نەهری)، نەك هەر لە مەهاباد، بەڵكو لە قەڵەمڕەوی موكریان سەر هەڵبداتەوە. بۆیە بێمەڵامەت نییە كە لە ئاهەنگی ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستان و هەڵكردنی ئالآی كوردستاندا، زەمینە بۆ لەقكردنی ناوبانگ و نفووز و دەسەڵاتی بنەماڵەی (نەهری) خۆش دەكرێ– كە نزیكەی (١٠٠) سەد ساڵێك سێبەری نفووز و هەژموون و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو موكریانەوە هەبووە ـ و هەر لەم پێناوەشدا و لە دەرفەتی ناردنە دەرەوەی ئەو (٥٠) پەنجا قوتابییەی كە كۆماری كوردستان بۆ خوێندن بۆ وڵاتی (شووروەوی)ی ناردن، بە پەلە ناوی "سەیید عەزیز"یش تێكەڵ كراوە، كە وەك لەم بیرەوەرییانەی سەیید عەزیزدا بەدیار دەكەوێ، سەیید عەزیز لەباتی ئەوەی ئەم سەفەری خوێندنەی پێ خۆشی بێ، زۆر نابەدڵ بووە و وەك خۆی دەڵێ: بە مەبەستی ئەوە بووە وەك

www.zheen.org

---

[٩٣] كریس كۆچیرا، مێژووی كورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی بۆ كوردی محەمەد ریانی، چاپی دووەم، تاران، ١٣٦٩ هەتاوی، ل٨٩.

(بارمتەیەك)بۆ دەرەوەی وڵاتی بنێرن! لەڕاستیشدا هەر دەبووایە سەیید عەزیز ئەم ناردنە دەرەوەیەی پێ ناخۆش و نابەدڵ بێ، چونکە –وەك لە ڕێگەی بیرەوەرییەکانیەوە دەزانین– سەیید عەزیز بەر لەوەی پێوەندی بە شۆڕشی بارزانەوە بکات، ئەفسەرێکی خاوەن (١٠) ساڵ ئەزموونی ناو سوپای عیراق و پلەی (نەقیب– سێ ئەستێرە) و یاوەر– سکۆرتی "نوورەددین مەحموود"ی فەرماندەی تیپی دووەمی سوپای عیراق بووە و دواتر بووەتە فەرماندەی (سریەی ڕەشاش)و لەدوای پێوەندیکردنیشی بە کۆماری کوردستانەوە، پلەی ئەفسەرییەکەی لە (نەقیب)ەوە کراوەتە (موقەددەم– تاج و یەك ئەستێرە)[٩٤]. کەچی وەك لەکۆڵخۆکردنەوەیەك تێکەڵ بە (٥٠) پەنجا قوتابی کراوە، کە پلەی باوەڕنامەی خوێندن و ئەزموونی هیچیان، تەنانەت لە نیوەی ئاستی پلەی سەیید عەزیزدا نەبووە! جگە لەوەی کە تەمەنی سەیید عەزیز ئەم کاتە لە (٣٢) سیودوو ساڵ تێپەڕیوەو لە قوتابیش نەچووە!

بەڵام سەرەڕای ئەمانە، سەیید عەزیز وەك ئەفسەرێکی ملکەچی فەرمانەکانی کۆماری کوردستان، سەرپێچیی لەم چوونە نابەدڵەی خۆی نەکردووە و –وەك دواتریش بۆمان دەردەکەوێ– بووەتە درەوشاوەترینی ناو ئەو (٥٠) قوتابییەی کە کۆماری کوردستان بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وڵاتی ناردوون و هەر تاك و تەرایەکیان خوێندیان و ئەوانی دیکەیان کەس نەیزانی چارەنووسی خۆیان و خوێندنیشیان بە چی گەیی!

بنکەی ژین
www.zheen.org

* * *

[٩٤] مەسعوود بارزانی، هەمان سەرچاوە، ل١٥٠.

وەك زانرا سەيید عەزیز یەكێك بوو لەو تاقمە قوتابییەی كە كۆماری كوردستان بۆ (یەكێتیی سۆڤێت)ی ناردن و سەیید عەزیز لەم خوێندنەدا یەكەمین قوتابیی ناو ئەم تاقمەی كورد بوو، كە نامەی دكتۆراكەی لە ئەكادیمیای لینینگراد لەسەر مەسەلەی كورد بە ناوی **جوولانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی كوردستان** وەرگرتبێ. ئەم تێزی دكتۆرایەی سەیید عەزیز،، ئەگەرچی وەك هەموو ئەو تێزانەی كە ئەو سەردەمە لە سنووری كۆمارەكانی شوورەویدا دەنووسران و دەبوایە پێڕەوی لە ڕێبازی ماركسیزم– لینینیزم بكەن، سەیید عەزیزیش نەك هەر لە نووسینی ئەم تێزەیدا پێڕەوی لەم ڕێبازە كردووە، بەڵكوو ئەم ڕێبازە جێ‌پەنجە و ڕەنگدانەوەی لەسەر بیروباوەڕی سەیید عەزیزیش داناوە.

سەیید عەزیز گەڕان و پشكنینێكی زۆری بۆ نووسینی ئەم تێزەی بەناو ئەو سەرچاوە و ئەرشیڤ و بەڵگەنامانەی شوورەویدا كردووە، كە پێوەندییان بە كێشەی كوردەوە هەبووە و كەڵكی زۆری لێ وەرگرتوون.

دكتۆر سەیید عەزیز[٩٥]، دوای وەرگرتنی دكتۆرانامەكەیشی، دەبووایە هەر لە سۆڤێت بمێنێتەوە، چونكە دوای ئەوەی بە یەكجاریی لە (١٩٤٥)دا پێوەندیی بە شۆڕشی بارزانەوە كردووە، لەلایەن دادگای عورفیی سەربازیی عیراقەوە حوكمی لەسێدارەدان بۆ ئەم و هاوڕێیانی دیكەیشی: وەك میرحاج ئەحمەد، خەیروڵڵا عەبدولكەریم، عیززەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی بۆ دەرچووە. بۆیە تا دوای (١٩٥٨/٧/١٤)ی عیراق، لەگەڵ مستەفا بارزانی و میرحاج و ئەو (٥٠٠) پێشمەرگەیەی دیكەدا، كە دوای هەرەسی كۆماری كوردستان (١٩٤٦) پەنایان بۆ سۆڤیەت بردبوو، لە سۆڤێت

---

[٩٥] لێرە بەدواوە، سەیید عەزیز بە ناسناوی (دكتۆر) دەنووسین.

مانەوە و دوای ئەو مێژووە، یاسای لێبوردنیان لە کۆماری عیراقەوە بۆ دەرچوو، بۆ عیراق گەڕانەوە و دکتۆر سەیید عەزیزیش لەگەڵ میرحاجدا، یاسای لێبوردنی تایبەتیان لە (١٩٥٨/١٠/٦)دا بۆ دەرچوو و سزای لەسێدارەدانیان لەسەر لابرا و بۆ عیراق- بەغدا گەڕانەوە و ڕۆژی (١٩٥٩/٣/٢٤)[٩٦]، وەك میرحاج، بە پلەی (مقدّم- تاجو یەك ئەستێرە) بۆ ناو سوپای عیراق گەڕێنرایەوە و لە کۆلێژی سەربازیی عیراق کرا بە مامۆستای زمانی ڕووسی و دواتر پلەکەی بۆ (عەقید- تاجو دوو ئەستێرە) بەرز کرایەوە.

ئەم سەروبەندە، ساڵی ١٩٥٩، کتێبەکەی لە زمانی ڕووسییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی و بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "خەبات"ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە بەغدا بڵاو کرایەوە، هەرچەندە ئەوەی وا لەم وەرگێڕانە عەرەبییەدا بڵاو دەکرایەوە، دەقاودەقی ناوەڕۆکە ڕووسیەکەی نەبوو، بەڵکوو لە هەندێ ڕووەوە دەستکاریی دەکراو کەشوهەوای ئازادی و دیموکراتی دوای سەرکەوتنی کودەتاکەی (١٩٥٨)ی سوپای عیراق، کاریگەریی لەسەر دەقە عەرەبییەکە بە جۆرێك بەجێهێشتووە، کە دکتۆر سەیید عەزیز لە هەندێ جێدا بەلای ستایشکردنی کودەتای سوپا و بە شانوباڵ هەڵدانی ژەنراڵ عەبدولکەریم قاسمدا دایشکاندووە و ئەو پێداهەڵدان و ناسناوە باوانەی پێوە لکاندووە کە ئەو سەردەمە حیزب و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆماڵی عەبدولکەریم قاسمیان لە قەوارەی خۆی پێ قەبەتر دەکرد.

لە جێی خۆیدایە لە باسی وەرگێڕانی کتێبەکەیدا بۆ سەر زمانی عەرەبی بڵێم: ساڵی (١٩٨٢) ئەو بەشانەی کە بە عەرەبی و لە ڕۆژنامەی "خەبات"دا بڵاو کرابوونەوە، لەگەڵ دەستنووسی وەرگێڕدراوی

---

[٩٦] ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٣١٩، ڕۆژی پێنجشەممە: ٢٠٠٦/١١/٩، ل١٢، (وتاری مامۆستا کەریم شارەزا).

www.zheen.org

بڵاونەکراوەی بەشەکانی دیکەی کتێبەکەیدا، کە ئەمانیش هەر کرابوونە عەرەبی، هەموویان لەلایەن "فەرید ئەسەسەرد"ەوە کرانە کوردی و لە چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ، ناوزەنگ) چاپ کران. دیسان ساڵی (١٩٨٥) و دوای (٣٠) سی ساڵ تێپەڕین بەسەر نووسینیدا بە ڕووسی، کتێبەکە بۆی لوا هەرسێ بەشی بە زمانی کوردی و لە دووتوێی ١٨٢ لاپەڕەدا لە هەمان چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ)، بەڵام ئەمجارەیان لە (بەرگەڵوو) چاپ و بڵاو بکرێتەوە و بەدوایدا دەقە عەرەبییەکەیشی لە هەمان چاپخانە بڵاو کرایەوە.

کتێبەکە هەشت ساڵ دواتر (١٩٩٨) و جارێکی دی لە دووتوێی (٢٦٠) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندیدا، لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستانەوە لە سلێمانی (بەبێ ناوهێنانی چاپخانە)، چاپ و بڵاو کرایەوە. بەڵام جێی داخە، لەبەر هەلومەرجی سیاسیی نالەباری کوردستان، هیچ جارێك نووسەری کتێبەکە خۆی بۆی نەلوا پێشەکییەك بۆ چاپی کوردیی کتێبەکەی خۆی بنووسێ.

بەم پێیە ئەم کتێبە تائێستا (٣) جار بە کوردی و جارێکیش بە عەرەبی چاپ کراوەتەوە، ئەمە نیشانەی بایەخی زانستیی ئەم کتێبەیە و دیسان لەو دووجار سەردانەمدا بۆ لای بنەماڵەی دکتۆر سەیید عەزیز لە شاری (ورمێ)، "هەڵگورد"ی کوڕی، دەقێکی تری پیتچنکراوی بە زمانی فارسی نیشان دام، کە سەرلەنوێ دکتۆر سەیید عەزیز بە وردی بەسەریدا چووەتەوە و گەلێك دەستکاریی کردووە و قەڵەمی تازەی تێدا بەکار هێنابوو، دیارە بەهیوا بووە لە دەرفەتێکی ڕەخساودا چاپێکی تری بکاتەوە. بەڵام دیسان مخابن، مەرگ مەودای ئەم ئاواتانەی دکتۆر سەیید عەزیزی نەدا.

دەگەڕێمەوە سەر مێژووی دوای گەڕانەوەی دکتۆر سەیید عەزیز بۆ عیراق- بەغدا و گەڕانەوەی بۆ ناو سوپا و گەیشتنیە پلەی (عەقید)، کە هاوکات پێوەندیی حیزبایەتیی تێدا لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا

توندوتۆڵ کردەوە و لە هەردوو کۆنگرەی ئازاد و ئاشکرای چوارەم (١٩٥٩/١٠/٣) و کۆنگرەی پێنجەم (سەرەتای ئایاری ١٩٦٠)دا، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوە[٩٧] و بەو پێیەش کە کاری سیاسی و حیزبایەتی لەناو ڕیزی سوپادا قەدەغە کرابوو، هەر زوو چالاکیی سیاسیی دکتۆر سەیید عەزیز کەوتە بەر چاودێریی دەزگاکانی هەواڵگریی سوپاو ئەیلوولی (١٩٦١) کە شۆڕشی کورد دەستی پێکرد، دکتۆر سەیید عەزیزیش وەك زۆرینەی ئەفسەرانی کورد بۆ خوارووی عێراق (بەسرە) دوور خرایەوە و لەوێش بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و پەراوێزخستنی ئەفسەرانی کورد لەناو سوپای عێراقدا، بۆ دەزگاکانی (بەسەربازگرتن– تەجنید) و (یەکەکانی مەشقپێکردن– وحدات تدریب) دەنێردران.

ساڵی ١٩٦٢، کە شۆڕشی کورد پەرەی سەند، دکتۆر سەیید عەزیز بۆ بەڕێوەبەرایەتیی (تەجنید)ی قەزای (عانە)، لە پارێزگەی (ڕومادی) گوێزرایەوە. بەڵام ئەمجارەیان هەر بەم گوێزانەوە و دوورخستنەوەیە، واز لە دکتۆر سەیید عەزیز نەهێنرا، بەڵکوو گیرا (١٩٦٣) و دوای (٨ی شوباتی ١٩٦٣)، کە حیزبی بەعس هاتە سەر حوکم، دکتۆر سەیید عەزیز و زۆرینەی کوردانی زیندانیکراوی سیاسی ئازاد کردن. ئیتر دکتۆر سەیید عەزیز هەر دوای ئازادبوونی لە زیندان، بۆ ناو سوپای عێراق نەگەڕایەوە و وەك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێوەندیی بە شۆڕشی کوردەوە کرد و خۆی گەیاندە ڕیزی هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی، کە ئەو کاتە بارەگاکەیان لە گوندی (مالوومە)ی دۆڵی جافایەتی بوو.

www.zheen.org

---

[٩٧] عەلی عەبدوڵڵا، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان، ١٩٩٨.

سەرانی کودەتاکەی (٨ی شوباتی ١٩٦٣)، بە نیازی ئارامکردنەوەی کوردستان، چەند جارێك نوێنەری دانوستانی خۆیان بۆ لای نوێنەرانی پارتی و سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد نارد و سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردیش نوێنەری خۆی بۆ داواکانی کورد و بەئەنجام گەیاندنی رێکەوتننامەیەك بۆ بەغدا نارد و ئاکام هیچی لێ نەکەوتەوە. سەرەنجام لەشکری بەعس لە (١٩٦٣/٦/٩)دا، زۆر دڕندانە، شەڕ و هێرشی بۆ سەر کوردستان دەست پێکردەوە و سەرلەبەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردستان بووە مەیدانی شەڕێکی گەرم و سەخت.

دوو مانگ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان، سەیید عەزیز لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتیو بارزانییەوە ڕاسپێردرا بچێتە ئێران (تاران)، لەوێ بەناوی شۆڕشی کوردەوە تەقەللا بدات پێوەندی بە هەردوو باڵوێزخانەی ئەمریکاو سۆڤێتەوە بکات، دۆستایەتیو یارمەتییان بۆ شۆڕش لێ بەدەست بهێنێ. سەیید عەزیز سەرەتای ئەیلوولی ١٩٦٣ گەیشتووەتە تاران، ڕۆژی (١٩٦٣/٩/١٩) لەوێوە نامەیەکی بۆ مستەفا بارزانی ناردووە، ئاکامی سەفەرو هەوڵەکانیی تێدا ڕوون کردووەتەوە[٩٨].

هەر ئەم ساڵە و دوای بڕیارێکی بەکۆمەڵی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد، لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣)دا، بۆ پێوەندی بەستن لەگەڵ ئیسرائیلدا، سەرەتا مام جەلال و دوایی وەفدێك لە کوردستانەوە بە ئێراندا چوو بۆ ئیسرائیل، دکتۆر سەیید عەزیز ئەندامی ئەم وەفدە بووە. مەسعوود بارزانی لەبارەی ئەم وەفدی کوردەوە ئاوای نووسیوە: وەفدێك بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامەتیی عومەر مستەفا دەبابە و دکتۆر

[٩٨] بۆ دیتنی نامەکە، بڕوانە: بەشی پاشکۆی ئەم کتێبە.

سەيید عەزیز شەمزینی، لە ڕێی ئێرانەوە سەری لە ئیسرائیل دا و ئێران ڕێی بۆ تێپەڕینی یارمەتییەكی سنووردار لە ئیسرائیلەوە بۆ شۆڕشی كورد، لە خاكی خۆیەوە، كردەوە[99].

لە درێژە و گەرمەی ئەو هێرشە سەربازییەدا كە حیزبی بەعس كردیە سەر كوردستان و نزیكەی (١٠) مانگی كێشاو زۆرینەی هێزی سوپای عیراق بە شەڕی كوردستانەوە خەریك بوو، هەل بۆ كودەتایەكی دی لە بەغدا ڕەخسا. سوپای عیراق لە (١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤)دا بە سەركردایەتیی "عەبدوسسەلام عارف"، كە ئەوكاتە سەركۆمار و "تاهیر یەحیا" سەرۆك ئەركانی سوپا بوو، بە هاوكاریی فەرماندەی تیپەكانی سوپای عیراق، كودەتایەكی نوێیان بەسەر دەسەڵاتدارانی حیزبی بەعسدا كردو دووبارە داوایان لە سەركردایەتیی پارتی و شۆڕشی كورد كردەوە، دانوساندن لەبارەی چارەی كێشەی كوردەوە دەست پێ بكەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هاتوچوونی نوێنەری دەوڵەتی عیراق و شۆڕشی كورد، بۆ لای یەكتری، دەستی پێكرد و دانوساندن درێژەی كێشا و باری سەرنجی باڵی مەكتەبی سیاسی و مەلا مستەفای بارزانی، لە شێوەی بەڕێوەبردنی حیزب و ئایینده و داواكانی مافی كورد و بەڕێوەچوونی دانوساندنەكەدا، هاوتەریب و هاوڕا نەبوو و وردە وردە تا دەهات درز و دەلاقەی جیاواز و پێشتر شاراوەی ئەم دید و دوولایەنە بۆ یەكتری و بۆ جەماوەر ئاشكرا و بەرچاو دەكەوت[100].

---

[99] مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد، بەرگی سێیەم– بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١–١٩٧٥، بەبێ ساڵ و جێی چاپ، ل٢٨٤.

[100] بەو هۆیەوە كە نووسین و لێكۆڵینەوە و كتێبی زۆر لەم بارەیەوە نووسراون و ئێمە نامانەوێ بچینە ناو وردەكارییەكانی ئەو دانوساندن و هاتوچۆیانەی نێوان حكومەت و شۆڕشی كورد، لەلایەك و ناكۆكی و لێك ترازانی باڵی مەكتەبی سیاسی و مستەفا

بنكەی ژین
www.zheen.org

دكتۆر سەیید عەزیز، لەم هەڵسەنگاندنەدا، لە بەرەی باڵی مەکتەبی سیاسیدا خۆی گرتەوە و لەدوای کۆنفراسی (ماوەت، نیسانی ١٩٦٤)ەوە، ململانێی ئەم بیرو بۆچوونانە، شەقڵی لێکترازانی ئەو دوو لایەنەی بە زەقی بەخۆیەوە گرت و تا دەهات تەشەنەی دەکرد و لە ڕۆژی کردنەوەی کۆنگرەی شەشەمی پارتیدا (سەرەتای تەمووزی ١٩٦٤)، باڵی مەکتەبی سیاسی عەلی عەبدوڵڵا و دکتۆر سەیید عەزیز شەمزینیی بۆ ناو کۆنگرە نارد. بەڵام هاشم ئاکرەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، دەستپێشخەریی کردو بارزانیی لەوە ئاگادار کردەوە کە باڵی مەکتەبی سیاسی ناردنی ئەم دوو ئەندامەی بە نیازی بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکییە. "بارزانی"یش دەستبەجێ فەرمانی دا هەردوو ئەندامە نێردراوەکە بگیرێن و بخرێنە زیندان[١٠١].

بەڵام وەک کاک "کەمال موفتی" بە دەمیی بۆمی گێڕایەوە: مەلا مستەفا بە حورمەتی حاجی سەیید عەبدوڵڵای باوکی دکتۆر سەیید عەزیزەوە،

---

بارزانییەوە لەلایەکی ترەوە، بۆیە هەر ئەوەندە ئاماژە بەم بابەتانە دەکەین، کە پێوەندییان بەم باسەی ئێمەوە هەبێ.

[١٠١] مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی سێیەم، شۆڕشی ئەیلوول، ١٩٦١–١٩٧٥، ل١٧٥.

بەڵام هەژار موکریانی، ئەم ڕووداوی گرتنەی دکتۆر سەیید عەزیزی بە جۆرێکی دی لە (چێشتی مجێور)دا گێڕاوەتەوە، بە جۆرێک کە دڵنیام ئەم گێڕانەوەیەی هەژار، دەستهەڵبەستی خۆیەتی و ئاوای باس کردووە: سەیید عەزیزی شەمزینی، نامەیەکی بۆ حاجی محەمەدی شێخ ڕەشید، کە دوژمنی سەرسەختمان بوو، نووسیبوو: تۆ وەرە، با پێکەوە مەلا مستەفا لەناو بەرین و تۆ سەرۆکمان بە. کاغەز گیراو چەند کەسێکی دیکەی وەک عەلی حەمدی گیران. دوایی لەبەر خاتری سەیید عەبدوڵڵا ئەفەندی، سەیید عەزیز بەردراو عەلی حەمدی کوژرا [هەژار، چێشتی مجێور، ئامادەکردنی خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ل٤٤٢].

فەرمانی ئازادکردنی سەیید عەزیزی داوە و دوای ئازادبوونیشی (قسەی کاک کەمال موفتی)، لە ڕێی پێنجوێنەوە ناردوویەتیەوە بۆ لای باوکی لە ئێران (ورمێ) و تا ساڵی ١٩٧٩، واتە تا دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە ئێران (ورمێ) ماوەتەوە.

دکتۆر سەیید عەزیز، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران و دوورکەوتنەوەیشی لە هاوڕێیانی پێشووی، پێوەندیی دۆستایەتیی هەر ماوە و نامەیان بۆ یەکدی ناردووە[١٠٢].

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٧٥) و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە باشووری کوردستان، دیسان دکتۆر سەیید عەزیز پێوەندی و ئاگاداریی لەگەڵ ڕووداوەکانیدا هەبووە و (وەك پێشتر مام جەلال لە چەند بۆنەیەکدا بۆمی گێڕاوەتەوە) ئەوەندەی دەرەقەت هاتبێ، یا داوای لێ کرابێ، دریغیی نەکردووە و هاوکار بووە.

ساڵێك دوای گەڕانەوەی بۆ ورمێ (١٩٦٥)، لەگەڵ "پەروین خانم"دا ژیانی خێزانیی پێك هێناوە[١٠٣] و کوڕێکی بە ناوی (هەڵگورد- ١٩٨٣)ەوە لێ هەیە[١٠٤].

لەم بۆنەیەدا جێی وتنە، دکتۆر سەیید عەزیز لە ماوەی مانەوەیدا لە سۆڤێت، یەکەمین ژیانی خێزانیی لەگەڵ خانمێکی "ئانا" ناودا بووە و

---

[١٠٢] وەك نموونەی ئەو دوو نامەیەی مام جەلال، کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدان و بۆ دکتۆر سەیید عەزیز نووسراون.

[١٠٣] پەروین خانم (١٩٤٧- ): کچی سەیید مووسای کوڕی شەهید سەیید محەمەدی کوڕی شەهید شێخ عەبدولقادری نەهری، باپیری دکتۆر سەیید عەزیزە. واتە پەروین خانم دەبێتە ئامۆزای دکتۆر سەیید عەزیز.

[١٠٤] شایانی وتنە: هەڵگورد، بە قسەی "هەڵگورد"ی کوڕی، ناوی نهێنیی دکتۆر سەیید عەزیز بووە لەناو (پارتی)دا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کچێکیشی لێی هەیە، کچەکە ئێستا لە وڵاتی (سوید)ە و نیگارکێشە، وەك پەروین خانم بۆی گێڕامەوە: ئەو کچە چەند جارێك سەری لە ئێران و بنەماڵەی دکتۆر سەیید عەزیز داوە.

ئەو ماوەیەی دکتۆر سەیید عەزیز لە ورمێ بووە، زۆری هەوڵ داوە لە ئێرانەوە بچێتە ئەوروپا و بە یەکجاری لەوێ نیشتەجێ بێ، بەڵام ڕێیان نەداوە و خراوەتە بەر چاودێری. لەگەڵ ئەوەیشدا بە بیانووی نەخۆشکەوتنی حاجی سەیید عەبدوڵڵای باوکیەوە، (بە کەفالەت) مۆڵەتی دراوە باوکی بۆ (لەندەن) ببات و ماوەی مانگێك لەوێ ماونەتەوە.

ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی- ١٩٦٧، چوونەتە (شێخان)ی (٧٠) کیلۆمەتری ورمێ و ماوەی (٨) ساڵ لەوێ نیشتەجێ بوون. سەرەتای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران (١٩٧٩)، کە ئیدی دەرفەتی چوونە دەرەوەی بۆ ئەوروپا بۆ ڕەخساوە و خەریکی وەرگرتنی پەساپۆرت بوون، لە هاتوچۆیەکیدا بە خێزانەوە لە (شێخان)ەوە بۆ (ورمێ)، ئۆتۆمبیلەکەی وەرگەڕاوە و بەو هۆیەوە سەری دکتۆر سەیید عەزیز زۆر بە توندی زەبری پێ گەیشتووە و براوەتە (نەغەدە) و لەوێ پێیان وتووە: شتێکی وا گران نییە. دواتر گەڕاونەتەوە (شێخان) و لەوێوە بۆ وەرگرتنی پەساپۆرتەکەیان چوونەتە (ورمێ)، بەڵام دیسان جەستەی خاو بووەتەوە و زمانی لەگۆ کەوتووە، ناچار براوەتە (تەورێز) و ماوەی (٢٠) ڕۆژ لە نەخۆشخانە کەوتووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەندروستیی خراپتر بووە و لەوێوە بۆ (تاران) براوە. لە تارانیش (٣) مانگ لە نەخۆشخانە خەوێندراوەو دووجار نەشتەگەریی سەری بۆ کراوە، بۆیە تەندروستیی کەمێك چاکتر بووە و بۆ (ورمێ) گەڕاونەتەوە. بەڵام دوایی هەر بە مەبەستی چارەکردن بۆ (ئەستەمووڵ) و (لەندەن) براوە و لە (لەندەن) پێیان وتوون ئەو نەشتەرگەرییەی لە تاران بۆی کراوە، زۆر چاکە

و پێویست بە نەشتەرگەریی دی ناکات. ماوەی مانگێك لە (لەندەن) ماونەتەوە و لەوێشەوە ڕاستەوخۆ بۆ عیراق- بەغدا گەڕاونەتەوە و لە گەڕەکی (حيّ السكك) نیشتەجێ بوون[١٠٥]، ماوەی (١٢) دوازدە ساڵ لە بەغدا ماونەتەوە، دکتۆر سەیید عەزیز لەم مانەوەیەدا وەك ئەفسەرێکی عیراقی، بە پلەی سەرهەنگ (عەقید) خانەنشین بووە.

ساڵی ١٩٩١، لە سەروبەندی خۆئامادەکردنی سەددامدا بۆ گرتنی (کوێت)، گێچەڵ بە بنەماڵەی دکتۆر سەیید عەزیز کراوە و لە دەزگای (مخابرات)ەوە بە شوێن "پەروین خانم"دا نێردراوە، بە بیانووی ئەوەی گوایە ڕەگەزنامەی (عیراقی)ی نییە، ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ گیراوە و دوایی کوردێکی "فاتیح بابان" ناو لای سەددام هەوڵی بۆ داوە و ئازاد کراوە. ئیدی هەر دوای ئازادکردنی پەروین خانم، خۆی گەیاندووەتە شاری (هەولێر) و ماوەی مانگێك ماونەتەوە، پاشان چوونەتە شاری (سلێمانی) و لەوێش مانگێك ماونەتەوە. پەروین خانم لەگەڵ پەخشان خانمی شێخ جەلالی حەفیددا، لە کۆڕەوەکەی (١٩٩١)دا، لە ڕێی (قاسمەڕەش)ەوە بۆ ئێران گەڕاونەتەوە و تا (ورمێ) پەخشان خانم بەڕێی کردوون. پاشتریش دکتۆر سەیید عەزیز، لە ڕێی (تەوێڵە) و پاشان (شەقڵاوە)وە بۆ ئێران گەڕاوەتەوە، تاسەر لە شاری (ورمێ)، گەڕەکی (شێخ تەپە)[١٠٦] نیشتەجێ بوون.

---

[١٠٥] ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە ژیانی دکتۆر سەیید عەزیز، لە ماوەی مانەوەی لە ئێران و عێراق، بە تێکەڵیی لە بەڕێزان: پەروین خانمی خێزانی دکتۆر سەیید عەزیز و جەنابی کاك کەمال موفتی، هاوڕێی دێرینەیم وەرگرتوون.

[١٠٦] شێخ تەپە: ئەو شوێنەیە کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، کاتی لەشکرکێشیەکەی بۆ سەر (ورمێ- مانگی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠)، لەشکرەکەیی تێدا حەواندەوە و کردی بە لەشگرگای خۆی، لەوکاتەوە تائێستا، هەر بە ناوی (تەپەی شێخ- واتە گردی شێخ

دکتۆر سەیید عەزیز کە لە دەمێکەوە وەك ئەفسەرێك، وا ڕاهاتبێ بەیانیان زوو لە خەو هەستێ، هەر بەوجۆرەش لە ماڵەکەی (ورمێ)یاندا، زوو لە خەو هەستاوە و خۆی بە خوێندنەوەوە، یا لەگەڵ باخچە بچووکەکەی حەوشەی خۆیاندا، خەریك بووە. بەرەبەیانی ڕۆژی (١٩٩٩/٣/١٤)، کاتێك پەروین خانمی خێزانی، لەخەو هەستاوە و چاوی بۆ دکتۆر سەیید عەزیز گێڕاوە، دکتۆر سەیید عەزیزی لە حەوشەی ماڵەکەی خۆیاندا بە کوژراوی بینیوە، گوللە بەسەریەوە نراوە و هێشتاش خوێنی لێ دەچۆڕا!!

بەمجۆرە دکتۆر سەیید عەزیز، لە تەمەنی (٨٤) هەشتاوچوار ساڵی و لە کارەساتێکی تەمومژاویدا، کۆچی دوایی کردووە و لە هەمان گۆمەزی گڵکۆی باوکی و هەر لەپاڵیدا نێژراوە و وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو حەسرەتە تەماوی و پێچراوەیەی لەبارەی مەرگی دکتۆر سەیید عەزیزەوە، ئەم تاکە بەیتە شیعرە، لەسەر کێلی گڵکۆکەی نووسراوە:

داستانی هیجری تۆ، شەرحی بە دەفتەر نـاکرێ
پێت دەڵێم چۆنە، ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

عوبەیدوڵلا)وە بەناوبانگە، ئەو سەردەمە ڕیزە گرد و تەپۆڵکە و ئێستاش ئاوەدانە و بەشێکە لە شاری ورمێ.

## دەستنووسی بیرەوەریی

## سەيد عەزيزی شەمزينی

بنكەی ژين
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

من سەید عزیزی شەمزینی کوڕی سەید عبداللە کوڕی شێخ عبدالقادری شەمزینی کوڕی
شێخ عبیداللە شەمزینی کە لە تورکیا و ئێراندا رێبەری شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٨٨٠-١٨٨٤ ؟
وە لە ساڵی ١٨٨٤ میلادی دا ئەسیرکراو و نفی کرا بۆ طائف لە عەرەبستانی سعودی کە هەر
لەوێ وفاتی کرد. ماڵەوەمان لە بەری شەری اول جیهانی موهاجر بوین هاتینە
موصل لە شنوی اواخری ساڵی ١٩١٨ میلادی من لە دایک بووم و منیان بە ناوی شێخ عزیز
کوڕی شێخ عبدالقادری گیلانی کە لە عەقرە (آکری) نێژراوە ناویان نام لە پاشی مدەتێک
ماڵەوەمان چوینە بۆ استانبول بۆ لای باپیرم شێخ عبدالقادری شەمزینی کە لەو وەختەدا
عضوی مجلسی سەنای تورکیا بو لە پاشی لە زەمانی مصطفی کمال لە ساڵی ١٩٢٥ دا
لەبەر ئەوەی رئیسی کۆمەڵەی جمعیتی تعالی و ترقی کوردبو لەگەڵ کوڕە گەورەکەی لەگەڵ
"١٥٠" لەگەڵ دکتۆر فؤاد بە رۆژێک هێنادیانە بۆ دیاربکر وە لەوێ بە بێ محاکمە
اعدام کران. لە پاشی اعدام کردنی باپیرم شێخ عبدالقادری شەمزینی لە پاشی ئەوە بە ٧-٨
هەفت هەشت مانگ باوکم لەگەڵ ماڵەوەی بە بێ رێگای واندا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان
بەڵام لە شاری وان باوکیان گل داوە تەوە کە شەش مانگ لە ماڵی شێخ حمید پاشا
میوانی بوینە لە پاشی شەش مانگ بە زەحمەت وە ئیجتماعی زۆر حکومەتی تورکیا
اجازەی باوکمیان داوە کە بگەڕێتەوە بۆ شەمزینان (نەهری). من ئەو وەختە عمرم
تقریبا شەش ساڵ بووم. کە ماڵەوەمان هاتینەوە نەهری (گەلی شەمزینان)
فەوری چۆتەوە والی دیاربکر باوکمی دعوەت کرد بە ناوی مذاکرە لە بارەی
حدودی جزیرە دیاربکر چوینە لە نەهری دا (شەمزینان دا) کە باوکم نفوذی زۆری بو
حکومەتی تورک چی نەدەکرا باوکم لە نەهری دابگرێ. وە باوکم چو کە جزیرە دیاربکر
بەڵام لە رێگادا قاصدێک کە لە لایەن سەید ... هات کە آموژگاری باوکم لە خانی مێنتەش
وە لەو وەختەدا حاڵی رواندوز بو پارچە ... لە روزنامەی تورکیا دا کە اعدامی
شێخ عبدالقادری شەمزینی وکوڕەکەی سەید محمد دا نوسرابو داوی بە باوکم.
ئەو وەختە باوکم زانی کە دعوەتی والی دیاربکر حیلەیە وە بۆچەوەیە کە باوکم
بگرن و اعدامی بکەن لە بەر ئەوە باوکم لەویوە گەڕایەوە بۆ حدودی ایران وە حوالی
ناردبو سەرۆکی عشائری کورد کە بێن بۆ ... تورکیا ... لە پاشی کۆبونەوەی لەشکر

بنکەی ژین www.zheen.org

سەرەتای کاتێک شاعیر لە پێشی هەموو شتێک هەر شیاوە هێنا بۆ سەر شیعری (مرگی شێرزینانی) کە ...

ئێمە لە محاصرەی لەشکری تورک دابوین لە پاشی گوشت و گوشتارێکی زۆر لە لەشکری کە محاصرەی خالی
ئێمە فانە کرابوو لە نێری مشکانی دە ئەوەی کە لە لەشکری تورک مابوینەوە تسلیم بوون دە ساڵی ئێمە
لە محاصرەی تورک رزگار بووین هاتینە رواندوز و باوکم چووە ماکیلیشە لە منطقەی شێرزینان
مایەوە لەگەڵ لەشکری تورکدا شەڕی دەکرد. ساڵی ئێمە کە گەیشتە رواندوز ئینگلیزەکانیش
کە لەو دەمەشدا لە عێراق حاکم بوون باوکمیان صلح کرد لەراوی ئەوەی شەڕ لەگەڵ تورکەکان و باوکم
مجبور بوو ئەویش هاتە عێراق لە رواندوز بوو کە باوکمیان بە مدیری ناحیەی باناسی تعیین کرد
وە ئێمەش بە ماڵەوە هاتینە باناسی. باوکم لە پاشی هەوڵ و تەقەلایێکی زۆر توانی مدرسەی
لە باناسی دامەزرێنی لە اولا مدرسە عبارەت بوو لە صفی اول و دووەم وە منیش لەمەو پێشی
لەلایەن باوکم فێری خوێندن و نووسین کرابووم لەگەڵ فەقێکان مدرسەی دینی ساڵی (١٩٢٥-١٩٢٦) دا
داخلی صفی دووەم بووم و هەتا صفی چوارەم ابتدائیم لە باناسی تەواو کرد وە دوایی لە باناسی
لە صفی چوارەم بۆ صفی پێنجەم ناجح بووم باوکمیان بۆ مدیری ناحیەی شقلاوە نقل کرا و منیش لەگەڵ
خانوادەم چووم بۆ شقلاوە. لە شقلاوە صفی شەشەم دەکرایەوە وە لەبەر ئەوەی ژمارەی
ئەو قوتابیانەی بۆ صفی شەشەم ناجح دەبوون کافی نەدەبوو لەبەر ئەوە ئەوانەی کە لە صفی چوارەم
بۆ پێنجەم امتحانیان کردبوو بۆ ئەوەی ژمارەی صفی شەشەم تەواو بێ وە من لەو کەسانە بووم کە باشتر ناجح بوون
راستەوخۆ ناردیانە صفی شەشەم دە لە صفی شەشەم لە امتحانی بکالۆریا ناجح بووم لە ساڵی ١٩٢٩ دا لە هەولێر
داخلی متوسطە بووم بە زمانی کوردی صفی یەکەمی متوسطەم لە هەولێر تەواو کرد لەو ساڵەدا لە مظاهرەی
قوتابیانەی لە دژی حکومەت بوونە من لە هەموویان اشتراکم کرد، باوکم قراری دا بۆ ئەوەی باشتر عەرەبی بزانم
منی لە ساڵی ١٩٣٠ نارد بۆ موصل. لە موصل داخلی متوسطەی عەرەب بووم کە مدیری متوسطەکەمان ناوی
[illegible] رزق الله اوغستین بوو من داخلی صفی دووەم بووم لە صفەکەمانا جماعەتێکمان
هەبوو کە خەڵکی موصل بوو یەکێکیان عزیز عباسی ناو بوو وە هەرچی قوتابییەک کە لە دەرسی ریاضیات دا باشتر
جواب [illegible] دابای دەیگوت «اقعد خوما انت کوردی» ... دانیشە خۆ تۆ کوردی ... من ماوەیەک
ئەو اهانەتەم قبوڵ کرد وە نەدەکرا دەرر افیط بکەم رۆژێکیشە کە شووشەی مرەکەبەکەم لە پێشی بوو
بە هەموو هێزی کردە بۆ معلمەکەم فڕێدا کە معلمەکە جلی سپی لەبەردا بوو هەموو جلەکانی بوو بە مرکب هیچی
نەگوت چوو لای مدیری متوسطە شکایەتی کرد وە مدیرەکانیش منی لە صف دەرکرد گوتی لێرە
چی هەزە بە کاری ... لەبەرئەوە تۆ برۆ لەپاش پێنج رۆژ کە موعیدی اجتماعی معلمەکان

www.zheen.org

دەبێ دەبێ چی بەوە قەراری اجتماعی معلمەکان چی دەبێ تبلیغت دەکەین. منیش دەرحوم بە تیلگراف
خەبەرم دایە باوکم. ڕۆژی اجتماعی معلمەکان من ١٥ ئەوەندە بەردەرگای مدرسە انتظاری قەراری
معلمەکانم بوو لەو وەختەدا پیاوێك هات کە لە پاشی زانیم ئەو پیاوە ڕفیق حلمی یە ئەو وەختە
معلمی ثانوی موصل بو کە لە پێش چەند ڕۆژێك محاضرەیێکی بە عنوانی (الاکراد منذ فجر التاریخ) ی
لە پێش هەزار کەسی خوێندبوەوە وە ئەوەی گوێی لە محاضرەی ڕفیق حلمی کە دەیانخستە
بە دەستەوە بوە ئەو محاضرەی خوێندبوەوە. زۆر زۆری لێ دەترسان. ڕفیق حلمی پێی گوتم لەکوێوە
تۆ سید عزیزی شمزینی؟ گوتم بەڵێ. ڕفیق حلمی دەستی برد گیرفانی خۆی دەمانچەیێکی دەرهێنا وە دایی بە من
وگوتی با ئەوە دەمانچەیێك لەلای تۆ بێ لەوە وەختی زۆر احتیاج دا نەبێ دەری نەهێنی وە استعمالی مەکە
پاشانە ڕفیق حلمی چوو بۆ ژووری اجتماعی معلمەکان پێش ئەوە سوشتێك بە پێی سئوال وجواب
یەخەی معلمەکی عزیز جاسمی گرت وە پێی گوت هەرچی لە لایەن تۆوە لە سید عزیز شمزینی بکری سوێندی
بوخوارد کە دەی کوژێت وە پاشان چوو بۆ لای مدیری مدرسە زرق الله اوغلی تیت بە وشی عتبی
قسەی پێ گوت. (اجتماعی معلمەکان کە لە پاشی تهدیدی ڕفیق حلمی کرابوو، وە قەراریان دا پانزدە
ڕۆژ بوم ئەوەی لە هیچ جێگایەك نشر بکرێ وە یا تبلیغیەی بکرێ پانزدە ڕۆژ نەچمە مدرسە
هەتا چەوی مدرسە کەمێك هێمن دەبینەوە چونکە هەموو طلبەکان کە عرب بون دەیانەویست
طرد بکرێم ئەو وەختە بە اعتیادی دوامی مدرسە بکەم. وە من ئەو ساڵە هەرچەندە معلمەکەمان
عزیز جاسم هەولی دا هەر ئەوەندەی پێ کرا کە مەترسی تەحرم بدا لە وە ساڵێکی دیش لە موصل
مامەوە وە امتحانی بکالوریم لە موصل دا وە ناجح بووم وە چووم بۆ بغداد لە بغداد دخیل بوم وساڵی ١٩٣٢ هەتا
١٩٣٣ لە بغدا داخلی کلیەی بغدا بوم وە ساڵی ١٩٣٤ هەتا ساڵی ١٩٣٥ داخلی کلیەی عسکری بوم
لە ساڵی ١٩٣٦ لە کلیەی عسکری بە رتبەی ملازم ثانی دەرچووم وە داخلی دەورەی خیالە بوم
کە ساڵێك مدەی دەورەکەی بوو لە پاشی دەورەی خیالە لە کتیبەی خیالە تعیین کرام لە پاش کتیبە اسمە
نقلی موصل کرا وە مدتێك پاش نقلی موصل ڕفیق حلمی هاتە موصل داخلی حزب هیوای کردم
کە خۆی رئیسی حزبەکە بو لە ساڵی ١٩٣٨ من نقل کرام بۆ مرافقی نورالدین محمود کە قائدی
فرقەی دوو بو لە کرکوك هەتا نورالدین لە کرکوك بو من لای ئەو مرافق بووم لە پاشی نورالدین محمود
لە ساڵی ١٩٣٩ بوو بە رئیسی ارکانی جیش منیش لە لای ئەوە بۆ کتیبەی خیالە لە بغدا
وە بووم بە آمر سریەی رشاش لەو وەختە پاشی مدتێك بە سەرۆکایەتی صلاح الدین
صباغ ودەستە ڕفیقی خۆی انقلابێك کرا بو وصی عبدالاله دەرکرا بو گەڕانەوەی انگلیزەکانە

بنکەی ژین
www.zheen.org

شەڕیان لەگەڵ عیراق کرد لەو وەختەدا من بوبووم بە رەئیسی سەرییەی ڕەشاشی وە کتیبەکەی ئێمە
واجباتی وا بوو لەگەڵ لەشکری عیراق بچین بۆ سەر حبانیە کە لەشکری ئینگلیزەکان لەوێ بوون وە
کتیبەکەی ئێمە حەرەکەی کرد بەرەو حبانیە لە ڕێگا بە هۆی طیارەکانی ئینگلیز هاتنە سەرمان وە لە پاش
بۆمبارمانێکی زۆر اغلب اسپەکانمان و ژمارەیەکی زۆر سەربازمان لێ کوژرا ، لە پاش ئەوەی
زۆربەی اسپەکانمان لێ کوژرا کتیبەکەی ئێمە امر درا کە وەکو عەسکەری پیادە جەنگ لەگەڵ ئینگلیزدا
ادامە بدەین لەو وەختەدا لە فلوجە ڕاوەستاوین وە بومبارمان ... شەڕەکەمان لەگەڵ ئینگلیز مانگێک
دەوامی کرد هەتا وەکو صلاح الدین صباغ و رفیقەکانی هەڵاتن بۆ ایران وە ئینگلیزەکان وەزعیمان
گێڕایەوە بۆ بەغدا . لەو وەختەدا تالان و فرهود وە کوشتن و کوشتاری یەهودییەکان لە بەغداد
دەستی پێ کرد . امر بە کتیبەکەمان درا بۆ امن و استقراری بەغداد بچینە ناو بەغداد و محافظەی
بەغداد بکەین لەو ئانەدا لە هەموو کۆچە و شارعەکانی بەغدا و ... یەهودییەکان و دکانەکانیان تالان و کوشتن
و کوشتار دەکرا . سەرییەی ئێمە کە سەرییەی ڕەشاش بوو امرمان پێ کرا بچینە شارع رشید و تامینی
آسایش لە شارع رشید بکەین کە گەیشتینە شارع رشید دەستمان لە هەموو سەربانێک و دکانەکان شەڕ
و تالان دەکرا بە زەحمەتێکی زۆر آسایشمان لە شارع رشید تامین کرد .

لە ساڵی ١٩٤٤ نوری السعید بوو بە رەئیسی وزرای عیراق وە لە پێش ئەو وەختە لە ساڵی ١٩٤١ دا حکومەتی
شورەوی اصلاحی کوردستانی ایرانی کردبوو . لەو وەختەدا کە نوری السعید بوو بە رەئیس وزرا لە عیراقدا
شۆرشی مەلا مصطفى دەستی پێ کردبوو لەو حالەتەدا نوری السعید ماجد مصطفى هێنا و کردی بە وزیری بێ
وزارە بۆ ئەوەی کە بۆ ادارەی کوردستان بە تایبەتی بۆ شۆرشی مەلا مصطفى چارەسەرێک بدۆزێتەوە
(ضابطی ارتباط تشکیل کرا)
بە واسطەی ماجد مصطفى ئەو ضابطانەی ... ماجد مصطفى ئەو ضابطانە عبارەت
بوون لە ... عزالدین نوری لە ناوچەی سلێمانی و (فرقوعارف) ... امین رواندزی لە ناوچەی رواندز و عزت عزیز
لە ناوچەی بارزان و فواد عارف لە ناوچەی قەڵادزە و محمد علی لە ئامێدی و مصطفى عمر خۆشناو
لە ناوچەی ... و میر حاج احمد لە ... ناوچەی ئاکرێ و من (سید عزیز) لە ناوچەی میرگەسور
بۆ ئەوەی کە ببن بە هۆی ماجد مصطفى و ضابطی ارتباطەکان کە بچنە کوردستان و هەرچی حکم و کورتی
لە کوردستانە هەیە ... ملا مصطفى هەرچی ... هەیە ... بە ... بچوکم ...
لە ... مصطفى ... (اورمیە) و ... و بوکان و میاندواو و مهاباد و تبریزی داگیر کردبوو حکومەتی
نوری السعید لەوە دەترسا کە ممکنە ... ئاسایش ... اقتصادی لەگەڵ ملا مصطفى بکات وە ...
ئەو ... بۆ عیراق ... نوری السعید ماجد مصطفى و ضابطی ارتباطەکانی هێنا بۆ ...
... شۆرشی ملا مصطفى ... لە پاش ئەوە نوری السعید لەگەڵ ماجد مصطفى لە مجلسی
وزرادا ... کرد ... خطەیەکی زۆر ... مصطفى ... کرد ئەوە بۆ ...

www.zheen.org

؟ لەحکمێ ڕووسەکان بە ئاسانی ئەتوانن ئیتصال لەگەڵ مەلا مصطفی بکەن و تەحریکی مەلا مصطفی بکەن
کە دژی عیراق ە؟

تەحریکی بکەن وا ئێمە دەمانەوێ ئێوە مەلا مصطفی ڕازی بکەن و هەرچی مەلا مصطفی
دەیەوێ بۆی جێبەجێ دەکەین . ئێمە لەوە ئەبوە کە ضابطی ارتباط لەژێر فەرمانی ماجید مصطفی
نانەکرد وە مەعول بەوە دا . بە هەرچی جۆرێک بێ تفەنگ و چەکەکانی کە لای ئەوانە لێ وەرگرن
هەرچی مەلا مصطفی دەیەوێ بۆی جێبەجێ دەکەین چونکە ڕووسەکان استفادە لە شۆڕشی
مەلا مصطفی دەکەن و دژی عیراق یارمەتی دەدەن . ئێوە هەرچی هەبێ تەقریرەکەتان دەدەنە
ماجید مصطفی ئەویش بۆ مجلسی وزرای دەبا و جێبەجێ دەکرێ .))

ڕۆژێک بۆمان دیار کرا کە لەگەڵ ماجید مصطفی بچین بۆ کوردستان . رفیق حلمی کە سەرۆکی
حزبی هیوا بوو و ئێمەش بێجگە لە فؤاد عارف هەموو ضابطەکانی دیکەی ارتباط ئەندامی حزبی هیوا بووین
لەناو ئەو ضابطانە منی بانگ کرد . بەمنی گوت اعتمادم لە سەر تۆ دەکەم و سەرەدێک دەنێری
دا بەمن گوتی ئەو سەرەد دیاریە بە مەلا مصطفی بدە و پێی بڵێ ئەوە لە حزبی هیواوە نێرراوە و پێی
بڵێ کە هیچ بڕوای بە ماجید مصطفی نەکا، ئەوە لە طرف نوری سعیدەوە نێرراوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی
تۆ . ئێمە لە موعیدی لەگەڵ ماجید مصطفی بە قطار چووین بۆ کەرکوک لە نادی ضباط میوان
بووین . ئەو شەوە رفیق حلمیش کە هاتبووە کەرکوک هاتە نادی ضباط بۆیە مجادەلەم و
دەمەقاڵێم لەگەڵ ماجید مصطفی . ئەو شەوە ئەگەر امین رواندوزی نەبوایە دەبوو بە شەڕی
ئەو دوانە . ڕۆژی پاشتر ئێمە لەگەڵ ماجید مصطفی و امین رواندوزی و عزت عزیز
چووین بۆ میرگەسور کە مەلا مصطفی لەو نزیکانەوە بوو . ئێمە چاوەڕێمان بۆ مەلا مصطفی نارد کە ئێمە
دەمانەوێ بێ بیبینین . وە مەلا مصطفی دێیەک کە نزیک میرگەسور بوو تعیینی کرد کە ئێمە بچینە وێ
ئێمە کە ڕۆیشتین بۆ ئەوێ مەلا مصطفی لەوێ بوو . ماجید مصطفی بە مەلا مصطفی گوت ئێمە
واجبمان ئەوەیە کە هەرچی مەلا مصطفی بە باشی دەزانێ بۆ کورد ئەوەمان پێ بڵێ وە بۆ ئێمە
ئەو شەوە صواڵەی لای مەلا مصطفی مانەوە، کە بۆ سبەینێ مطالبی مەلا مصطفی
چی بە ئێمان بڵێ . ئەو شەوە کە ماجید مصطفی چوو بۆ نوستن ئێمە تەنیا ماینەوە لەگەڵ مەلا مصطفی
ئێمە غانیەکمانە باسمان کرد وە من ئەو سەرەد دیاریەی کە رفیق حلمی پێدابووم تسلیم بە مەلا مصطفی
کرد و ئەو قسانەی رفیق حلمی پێ گوتبووم ئەو قسانەم پێ گوت . مەلا مصطفی داواکانی خۆی
بۆ حکومەت کە عبارەت بوو لەوە کە مەلا مصطفی داوای دەکرد کوشتنی محمد آغای
زیباری بوو و گۆڕینی چەند پۆلیسێک و مفوضێک بوو . ئێمە بە مەلا مصطفی مان گوت ئەو مطالبانە
زۆر بچکۆلەن و هیچ اهمیەتیان نیە داوای مەلا مصطفی لە حکومەت شتی سیاسی و بۆ گەلی کورد بێ بۆ کوردستان

www.zheen.org

پاش مناقشەی زۆر مەلا مصطفی گوتی کەواتێ ئێوە دەتانەوێ کە بە پێویستی دەزانن بۆمی بنوسن
بە منی بدەن دەیدەم بە ماجد مصطفی . ایمە ئەو شەوە تا بەرە بەیانی دانیشتین
ئەو شتانەی کە پێویست بو بە ناوی مەلا مصطفی تسلیمی ماجد مصطفی بکری بومانە
نوسی ملخصی ئەوە بوو کە عبارەت بو لە داوای حکمی ذاتی داواکردنی ... بە ئیلحاق
تر لە کوردستان بکری و داوای ارزاق دخیل ... کە پێویست بو بو بارزانیەکان کە
زور فقیر و هیچیان نەبو ئەوە مطالیبیاتە و ایمەلا مصطفی کە بە خطی خوی نوسیبووی
درا بە ماجد مصطفی . ماجد مصطفی کە ئەو تقریرەی مەلا مصطفی خویندەوە
گوتی من باشی دەزانم کە فکری مەلا مصطفی ئەوە نەبو ئەوە فکری ئەو
فکری ئیوەیە کە ئەندامی حزبی هیوان بەلام منیش کوردم تأییدی ئەو قسانەی ئیوە دەکەم
ئەم تقریرە بە نوری السعیدی دەدەم وە ایمەش ... پاش ئەو گفت و گویە
بێ مەلا مصطفی و ماجد مصطفی جیا بوینەوە . ئەمن لە میرگەسورەوە مامەوە امین رواندوزی
لە رواندوزەوە و عزت عزیز چوبو بو عمادیە و ماجد مصطفی گەرایەوە بو بغداد و ئەوانیتر
چون بو ئەو جیگایانە بویان تعیین کرابو .

من لە پاش چەند روژێک دراسەی ئەو ناوەم کرد تقریرێکم نوسی کە بارزانیەکان
زور بیچارەن بو خواردن هیچیان نیە و ئەو پولیس و مدیر ناحیەی کە لەوێن زور
ظلمیان کردووە بە بێ عدالەت نەجولاونەتەوە ئەو تقریرەکەم بو ماجد مصطفی ناردم .

حکومەت لە پاش مدەتێک دو هزار رحلە گەنم و جوی نارد کە لە بەینی ملەت تقسیمیان بکەین
من ئەو گەنم و جویەم تقسیم کرد و ئەو شتانەی کە لە شاری رواندوز پێویستیان بو
بە سیارەکە کە بوم تخصیص کرابو دەم هینایە شاری رواندوز هەرچی شتیان پێ
لازم بو دەیانکری و ... و دەمهینایەوە ، لە پاش مدەتێک اسماعیل نامێ
کە رئیسی ارکانی جیش بو هات بو میرگەسور لە منی پرسی کە آیا لەو ناوە هیچ شتێکتان
دەعوەت کردووە گوتم تا ایستا هیچیان دەعوەت نەکردووە چونکە خلقی ئەو منطقەیە بە حذر
تماشا مان دەکەن اگر ئیمەش ئەو گەنم و جویەمان لە بەینی ئەوانە تقسیم نەکردایە و ئەوان
لە رفتاری ایمە مطمئن نەبونی ئەوە وەم بەشە باسی ... کرایانە لە گەل دەکەین .
لە پاش گەرانەوە اسماعیل ناسی ... (صناعيد ارشاحلی) لەو کرد بە بونەی
ئەوە کە ایمە هیچیان نەکردووە وە بە عکسی ایمە یانە بە تحریض و خاینانی ئەو خلقە یانە

www.zheen.org

ئیلزامم کرد کە بۆ ئەوەی کە ملا مصطفى تۆرەیی بکات ئەو خەلقەمان هەمان داوە و تحریکمان

کردووە دا [illegible] امری پاشایان کردین کە هەر یەک لە ایمە بگرن ریتیووە بو وەعدەکەی

خۆی لە پاش ئەوی لە سالی ١٩٤٥ شورشی ملا مصطفى دو بارە هەلگەرابووە وە ایمە مانان

خیرمان چوکەی کە محکمەی عرفی دروست کراوە و ایمە لە محکمەی ایمە محاکمە دەکرین

حکمی اعدام بە فەرمانی بکەن. لە پاش ئەم حوکمە ایمە هەریەک بە بونەیەک بو

چەند روژیک اجازەمان وەرگرت، من چومەوە بو زیتوی شیخ و حەفتەیەی دایە باوکم

کە ئەو حەفتە لە دژەی مەرگەوەر بو کە من هەلدەتوم ئایا دەتوانم بەو وەرا ایرانە کە

دوو چەکدار و پیاوانی کە حاضرن بچنە یارمەتی ملا مصطفى یانە نا کە ئەو

وەختە دژەی مەرگەوەر لەژیر اسقلالی شورەوی بو باوکم چو بو جنرال آتاکیشیوف

نمازعلیوف کە نمایندەی شورەوی بو لە مهاباد بلاد ئەو لە پیش جواب دانەوە من چوم بو

مهاباد [illegible] نمازعلیوف شەو ناردی بە شوینما وە بە قسەی نمازعلیوف قازی محمد کە ئەو

وەختە سەروکی مهاباد بو گوتبوی: سید عزیز شمزینی ناچی بیتە لە مهاباد و قبولی بکەن [illegible] من هەرئەو

شەوە لە مهاباد دەرچووم لە سەر حدودی عراق و ایران جوابم بو باوکم نارد کە علیوف کە نمایندەی

شورەوی بو لە مهاباد [illegible] منی قبول نەکرد لە ایران بمینمەوە وە لە سەر حدودی عراق و ایرانە

[illegible] ماموستا وە لەشکریکم بو بنیرن کە بچم بو یارمەتی ملا مصطفى باوکیشم خالم سید مصطفى لەگەل

پەنجا شیستیک کەسی نارد من لەگەل ئەو پەنجا شیستە چوم بو لای ملا مصطفى کە کە پشتەوە

گوندی کانی رەش جوابم بو ملا مصطفى نارد کە من هاتوم لە گوندی کانی رەش چاوەری دەکەم

بچم [illegible] بلی بو کام جبهە بچم، ملا مصطفى جوابی بو ناردم کە خوی لەگەل لەشکری خوی ئەوا دەکیشینەوە

بو محافظە مؤخرەی لەشکری ملا مصطفى [illegible]

بو ایران من لە کانی رەش بمینمەوە و [illegible] دوژمنی تا شورشی ملا مصطفى [illegible] لە ناو بەجیشیان بکەم تا ملکە

ملا مصطفى انسحاب دەکەن منیش ئەوجماعەتەی کە دوژمنی شورشی [illegible] بن حبسم کردن ئەو وەختە

روژنامەی بغدا نوسیبوی کە سید عزیز لە ایرانەوە پینجسەد کەسی بو یارمەتی ملا مصطفى هیناوە لە گوندی

کانی رەشە لەبەرئەوە روژی طیارەیان دەنارد بو سەر گوندی کانی رەش و مخفری کانی کە ایمە لەوی

بوین بە طیارەی عراق تخریب کرا، لەو وەختە دا رئیس [illegible] عبدالله عبدالکریم هاتە لەم مخفری دا پی کە

[illegible] لەشکری ملا مصطفى ئەوا دەکشینەوە و [illegible] لە ملا مصطفى هیناوە بو باوکم هیناوە کە

لەشکری ملا مصطفى و خوی ئەوا دەکشینەوە بو ایران کە باوکم اجازە لە سلطاتی شورەوی [illegible]

وەرگریت کە اجازەی ئەوان وەرگریت وە لە [illegible] کوی بو یانە دەتعیین دەکەن [illegible] بچی بو ئەوی

www.zheen.org

بەلام پێش ئەوەی کە جنرال ئاتاکیشیوف کە نمایندەی شورەوی بو وەرگرێت ملا مصطفی خوی
لەگەل لەشکرەکەی گەیشتنە دەروپشتی دزەی مەرگەوەر کە باوکم لەشکری ملا مصطفی گەیشتن
خوی نەجات بە پیریانەوە وە هەر باوکم خوی پەزیرایی کردن و هەمو جوریک کە امکانی هەبو
دای مەزراندن و لە مەرگەوەر جی بەجی یان کردن وە دایمەزراندن لە پاش ئەوە جنرال ئاتاکیشیوف بو باوکمی
ناردبو کە ملا مصطفی خوی و لەشکرەکەی بچن بو اطرافی مهاباد من و ضابطەکانی کە الحاقیان [illegible]
بە شورشی ملا مصطفی کردبو (من و عزت عبدالعزیز و میرحاج و حمزە عبدالله [illegible] و مصطفی خوشناو و محمد قودسی
لەگەل ملا مصطفی چوین بو مهاباد لە پاش چەند روژیک قاضی محمد کە سەروکی مهاباد بو بە هوی نمایندەی
شورەوی نمازعلییوفەی گوتبو کە ایوە نابیت لە مهاباد بمینن چونکە قاضی محمد رازی نیە ایوە لە
مهاباد بن تەنها من لەبەر ئەوەی باوکم نفوزیکی زوری لە مهاباد بو بە هوی جنرال ئاتاکیشیوفەوە بە ناو
باوکیان گوت کە منیش لە مهاباد نەمینم وە بگەرێمەوە دزەی مەرگەوەر وە [illegible] لە پاشان بیستمان
قاضی محمد گوتویەتی ئەو ضابطانە لە عراقەوە هاتون ممکنە [illegible] جاسوسی عراق و انگلیزەکان بن ناهێ
لە مهاباد بمینن ، وە من کاغەزم دا بە میرحاج و حمزە عبدالله و مصطفی خوشناو و محمد قودسی بچن
شنو بو بچنە خانوەکەی ایمە کە باوکم خانویکی لە شنو هەبو بچنە ئەوی لەوی بمیننەوە .
لە پاش ئەوە هەر ئەو سالە جمهوریەتی مهاباد بە سەروکایەتی قازی محمد دروست کرا قازی
محمد بو روژی اعلانی جمهوریت هەمو گەورەکان و رئیسی عشیرەتەکانی دعوت کردبو بو مهاباد
منیش لەگەل باوکم چوین بو مهاباد لەبەر ئەوەی قازی محمد دەترسا لە نفوزی باوکم کە لە مهاباد و ناو
عشیرەتەکان بو ئەوەی نفوزی باوکم لە ناو خلکی مهاباد و عشیرەتەکان بشکینی لە روژی اعلانی جمهوریت
پاش ئەوەی کە قازی محمد قسەی کرد زیرویف هەرکە بە قسەی قازی محمد و نمازعلییوف قسەی کرد
هیرشی و انزامی زوری بە باوکم گوت وە منیش لە پاشی زیرویف هەرکە جوابی زیرویم بە توندی
دایەوە و بوئەو خەلقەی کە لەوی بون اثباتم کرد کە عائلەی ایمە لە زەمانی باپیرە گەورەمان شیخ
عبیداللە و باپیرم شیخ عبدالقادر و مام سید محمد هەر لە پیناوی کوردستانەوە قوربانی زور زوری یان
داوە وە لە هەمو مناسبەتیک خزمەت و فداکاری یان کردوە وا ئیستا بە قسەی رێگەی دقولدر
نکودەکو زیرویف تاریخی عائلەی ایمە و رابوردوەمانی لەکەدار ناکری
~~لە پاش [illegible]~~
لە پاش دامەزرانی جمهوریتی مهاباد بە مدتیکی [illegible] قوتابی وە لە جمهوریتی آذربایجان ٥٠ ناردیانین
بو خوێندن لە باکو (مرکزی جمهوریتی) لە شورەوی ،

www.zheen.org

لەبەر ئەوەی قازی محمد دەیەویست منیش وەکو ئەوە هێنێک لەگەڵ ئەو قوناغانە بنێریت بۆ ئەوەی
یاوەکو هیچ شتێک دژی قازی محمد نەکات چونکە خەلقی مەهاباد و عەشیرەتەکان بەکلی دەیانەویست تاوەکو
لەجی قازی محمد ببێتە رەئیسی جمهوریەتی مەهاباد. منیش لەگەڵ ئەو قوناغانەی مەهاباد چووم بۆ
باکو ئێمە لە تەبریزەوە سواری اوتوبوسێک بوین وە بەرەو جولفەدا گەیشتینە باکو

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنكەی ژین
www.zheen.org

# پاشکۆ

بنكەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١)

## بیداری

ع. ق

"شێخ عەبدولقادری شەمزینی"

بکن در کار قوم خود نظرها
که در راهش همی بینی خطرها
ندای کن که تا از خواب غفلت
بخیزد تا نبیند آن شررها
چو شد بیدار ان قوم دلاور
بگو با جمله مردان وزنها
گشا از خواب غفلت چشم تا من
بگوش تو رسانم این خبرها
قیامت امد و هر قوم بر خواست
همه جویندەی احقاق حقها
تو هم برخیز با ارثت مثل اونها
بدست اهنین عزم یکبار
بگو با حاکمان دادگرها
که ماهستیم هفت ملیون یك قوم
قدیم و بهرەمندیم از هنرها
طلب داریم حق زندگانی
بانصاف و عدالت از شهاها

www.zheen.org

به (اوروپا) بفهمانید مطلب
بخواه آزادەگی از عدل اونها
اگر مقصود ایشان حق و عدل است
نباید فرق کنند بین مللها
اگر مقصودشان هر قوم و جنس است
بباید یادداشت انصاف اونها [١٠٧]
بگو مقصود ما آزادگی هست
بجز آزادگی هرگز اوزونها
رضا داد مشو با زور و با زر
بجز آزادگی از حکم اونها
اگر انصاف بنمودند و دادند
بشو شاکر بحق ز انصاف اونها
اگر احقاق حق را منع کردند
نباید زیستن مردان و زنها
بجز آزداگی هرگز نباید
بخواهی جز بمرگ جمله ماها
کفایت باد این قول و بیانها
رسد بر گوش عدل آن دولها
که دارند دائم اظهار و بیانها
بنشر عدل در بین مللها
اگر اقوال وافعال و بیانها

www.zheen.org

[١٠٧] گۆڤاری "کوردستان"، ئەستەموول، ژمارە ٤، ١٥ی مارتی ١٣٣٥ ڕۆمی، ل٣٦.

**یکی شد شکر باید حق اونها**
**اگر افعال شان شد عکس اقوال**
**ببايد رد نمود افعال اونها**
**بترجیح شهادت از مذلت**
**بزیر حکم جور دشمنانها**
**اگر کردی شهادترا مرجح**
**ز ذلت زیستن در حکم اونها**
**بعزم و جزم نام مرد و زنها**
**وطنرا حفظدار از ارمنها**
**سعادت را بیایی در دو دنیا**
**شوی معروف در بین دولها**
**اگر عزم سعادت را تو داری**
**کفایت با این بند و بیانها**
**اگر عزم مذلت را نمودی**
**هزار افسوس باد این بیانها**
**الهی تو بحق اسم اعظم**
**بده نصرت بقوم پهلویها**[١٠٨]

* * *

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٠٨] **گۆڤاری "کوردستان"، ئەستەموڵ، ژمارە ٦، ٢٢ی نیسانی ١٣٣٥ ڕۆمی، ل٣٦–٣٧.**
**[جێی باسە، هەژدە ژمارەی ئەم گۆڤارە ئامادەکراوە بۆ چاپ و بە ئومێدی ئەوەی وەرگێڕانی بابەتە تورکییەکانی لە داهاتوویەکی نزیکدا تەواو ببێ، خراوەتە بەرنامەی چاپی ساڵی ٢٠١١.–بنکەی ژین]**

دواتر "محەمەد میهری"ی خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری "کوردستان"، ئەم چەند دێڕەی لە کۆتاییی شیعرەکەدا نووسیوە:

این اشعاری کە مجموعەی خودرا بە الفاظ رنگین و معانی شیرین ایشان تنقیش کردیم و نام اورا بە نام نامی و نشان سامی انها تزیین دادیم از طرف ذی شرف یك سروری معظم و سیدی مبجل و مکرم ارسال شداند.

این شعاری معنی دار بر صمیمیت و غم خواری آن سروری والا تبار گواه عادل و دلیل واضح و روشن است. زیرا اشعار مذکورە درشب و روزهای سیاه و در روزگار زورکار و تباه نوشتە شدەاند.

سبب نوشتن پیدا و هویدا شدن آن محن و مصائبی است کە ملت نجیب (کرد)را پایمال جور و جفا و پشمردە ژلت و خواری کردە و بالاخرە بدرجە اضمحلال رسانیدەاند.

لکن تا حال بمفاد (هر سخن جایی و هر نکتە مکانی دارد) این اشعار بگوش همە کس نرسانیدە و نشر را مصلحت ندانستەاند و بە غیراز بعض از کسان دوربین و کتوم و صمیمی هیچ کسرا بر وجود و عدم ایشان مطلع نکردانیدەاند اما درین روزهای کە زمان گفتن آمدە و اوان نهفتن رفتە است ابراز ونشر این اشعار تابدار و آبدار البتە لازم است والاصلاح و فلاح ملت نجیب ما عدیم الامکان خواهد شد. بنابرین از طرف سرور معزی الیە اشعار مذکورە بە بندە احسان شد و بە موجب:

دوچیز تیرەی عقل است دم فروبستن

بە وقت گفتن و گفتن بە وقت خاموشی

بندە بروجە تفاریق بە نشر اشعار شریفە مسارعت کردم و برای استحصال مزید شرف همگی را یك مرتبە نشر نکردم تا کە هر دفعە مجموعە ما ازین شرف محرم نشود.

www.zheen.org

وخیلـی امیـدوارم کـه ایـن اشـعار معنـی دار در مملکـت (کردسـتان) تاثیری خیلی مفیدرا اجرا خواهند کرد. زیرا احوال روحیه و خلوص نیت و دیانت و متانت قوم نجیب (کرد) معلوم است وآن ذاتی که با حس نیت و خلوص قلب و غم خواری ملت خود این شعرها را نظم فرموده در جمیع مملکـت (کردسـتان)ماننـد خورشـید درخـشان معـروف و مـشهور و کـلام مصلحت پیامش موثر و مفید است بالخاصه همت آباو واجداد کرام حضرت ایشان برای استحصال مقاصد و اقتطاف آمال وافی وکافی است. والله الموفق [١٠٩]

**محمد مهری**

---

[١٠٩] براو نووسەری هێژا مامۆستا سدیق ساڵح، لەم شیعرەی ئاگادار کردمەوە. هەر خۆیشی پشت بەستوو بەو بەباڵابڕینەی وا محەمەد میهری بۆ شاعیرو شیعرەکەی نووسیوە، کە بە ((شەرەفمەندێکی سەروەری مەزنو ڕێزدارێکی پایەبەرزو بەحورمەت))ی داناوەو شیعرەکەیشی زۆر بە بەرزی هەڵسەنگاندووە، جگە لەوە کە (ع. ق) هەر دەبێ مەبەست "عەبدولقادر" ناوێك بێ، پێی وایە دەبێ هەر هیی "شێخ عەبدولقادری شەمزینی" بێ.

## (٢)

## خووی چاك و طالیعی خراپ

لەم قەضییە ناگەوارەی برادەرانی شیمالی، دیسان برینەکانی کۆنەم تازە بوونەوە، چونکە لەم ئینقلابانەی کە من بە چاوی خۆم دیومە و مولاحەظەشم کردووە، هەموو میللەتێ لە کوشتن و تالانکردنی میللەتی کورد قصووریان نەکرد. مومکینە کە دراوسێیەکانمان وای تێ بگەن، باعیثی خراپیی کوردە و لە ڕووی ئیعتیراضەوە بڵێن، ڕووس خراپە، عەجەم خراپە... ئەڵبەتە لەو عالەمەی یەکێکیان هەر چاك دەبوو. لە واقیعدا ناڵێم کورد کوللی چاکن، وەلێ ئەوەندەش خراپ نین کە لە نەظەر هەموو عالەمدا موستەحەققی کوشتن بن. مین جوملە میللەتی کورد چ خراپییێکیان بۆ تورکان بووە؟ دایمەن وەك قەصابی قصوورێ ناکەن. قەضییەی تازەی دیاربەکر و غەیرە... الخ (ئیلا ئاخیریهی). حاجەت بە ئیضاح نییە ساداتی هێزان و شێخی بارزان و... و... یش خاطری ئەوان. مومکینە دەلیکێکی پووچ بدەنە بەر ڕووی خۆیان. لاکین بۆ ئەحمەد خانی بانە، سەیفەددین خانی سەقز و محەمەدحوسێن خانی سەرداری موکری، کە هەرسێ ئەجەللی خانەدانی کوردستان بوون، چ دەڵێن؟ دەگەڵ ئەو هەموو موعاوەنەتەی ماڵی و جانی و فیعلی کە لەبۆ حیلمی بەگی ئەرکان حەربیان کرد، بۆچی بێسووچ ئەوانی تیرەباران کرد؟ تەقصیرێکیان کە بوو، هەر ئەوە بوو کە زۆر دەوڵەمەند بوون و طەمەعی لە دەوڵەت و میکنەتی ئەوان کرد و بۆ خاطری غەرەض و مەنفەعەتی شەخصیی خۆی ئەوانی کوشت. ماڵ و دەوڵەتەکەشیان بۆ خۆی بە تالان برد.

ئەگەر ئەو ذاتانە بەو تورکانە خایین بوون، وەقتێ کە حیلمی بەگ شکا و ڕووس هاتنە سابلاغێ، ئەهالی سابلاغ بەو مولاحەظەی کە ئێرانین و

دەوڵەتی ئێرانیش بێ تەرەفە، [بۆچی] بە حورمەت و تەرتیباتێکی زۆر چاك و تەواو ئیستیقباڵی عەسکەرەکانی ڕووسیان کرد؟ بۆچی قوماندانە ڕووسەکان ئەمریان دا بە عەسکەری خۆیان، ئەهالیی صابلاغ و دێیەکانی دەوروپشتی صابلاغێیان قەتڵوعام کرد؟ عەلاوەی پیاوە گەورەکان، چەند هەزار صەغیر و صەغیرەیان بە نێزە، زگ دڕاند و ئەسیر چوون. حەقیقەتەن خراپیی میللەتی کورد هەر ئەمەیە کە سەعیی ئێمە بۆ خۆمان نییە و بۆ خەڵقییە و ڕەفتاری خەڵقیش لەگەڵ ئێمە بەم سیاقەیە. لەم خصوصەدا جەنابی عەلی بەگ مولەققەب بە سالار سەعید، مەرثییەیەکی مەنظوومەی فەرمووە، تەقدیمی کرد. ئەگەر موناسەبەت بزانن لوطفەن لە "دیاری کوردستان" دەرجی بفەرموون. باقی ئیحتراماتی فایقەی خۆم تەقدیم ئەکەم و دەوامی ئەو ئیدارەیەش لە بێڕەحم، لە سەربڕینی سادات و ئەشراف و پیاوەگەورەکانی کوردخوا ئەخوازم.

سوبحانەڵڵا چ عەجیب تەصادوفێ ڕووی دا، لەم سەعاتەی کە ئەم مەقالەم نووسیبوو. لەو ئەسیرانەی کە ڕووس لە صابلاغێ ئەسیری کردبوون بۆ قەفقاز و سیبریای بردبوون، نێزیکەی دووصەد نەفەرێ، پیاو و ژن و منداڵ، لەو ئەسارەتە خەلاص بوون و هاتن گەیشتنە ڕواندزێ. ئەلساعە بۆ طەرەف وەطەنی ئەصڵیی خۆیان لە صابلاغێ و دێیەکانی دەروپشتی صابلاغێ چوون. ڕووس چیی لێ هات..؟ خوا مونتەقیمی حەقیقییە.

لە موهاجیری شەمزینان، ساکینی ڕواندزێ:

عەبدوڵڵا

www.zheen.org

### ئەشعاری عەلی بەگی سالار سەعید[110]

لەو دەمەی طاقم لە دیداری عەزیزانی وەطەن
دایمەن جووتم لەگەڵ غەم، هەمدەمی حوزن و میحەن
تۆزی خاکی هەر میلی سورمەیی چاوی دڵە[111]
ئاوی سەرچاوەی زولاڵی شەربەتی ڕووح و بەدەن
حوببی تۆ دینی من، ئایینی من، ئیمانی من
یاد و فیکری ئاب و خاکت، ویرد و ذیکری من وەطەن
گوڵبن و گوڵزارەکەی تۆ بوو، کە جێی قومری و هوزار
ئاشیانەی جوغدە ئێستا، بۆتە جێی زاغ و زەغەن
شار و بازاڕت دەڵێن سەر پاکی وێران و خەراب
موڵك و ئاثارت هەموو پامالّ و خالییوسسەکەن[112]
کووچەوو شارت کە پڕ ئاهووی خوتەن بوو، بێ خەطا
جوملە وێران و خەرابن، پڕ لە سەگباب و لە سەن
جێی مەلاکان و ئیمام و مەدرەسە و نەشری عولووم
پاکی جێی دەستەی قشوون و بۆتە جێ وەعظی قەشەن
مینبەر و مزگەوت لە دەردی حوجرەکان و حەوشەکەی
بوو بە مەیخانە و طەویلە و مەعبەدی عەبدی وەثەن
دولبەرانت بوونە یەخسیر، چوونە قەفقاز و سیبیر
